رۆمان

# ئەودیو بێدەنگی

هیوا پشتیوان



ڕۆمان

# ئەودیو بێدەنگی

هیوا پشتیوان


Hewa Pshtewan

Hewa.Pshtewan

Hewa_Psh



٢٠٢١ - هەولێر

پرۆژەی چاپی ماڵی کتێب

سەنتەری تەکنەلۆژیا و ڕاهێنانی ئەوڕوپی

## زنجیرەی کتێب: (٢٦)

**ماڵی کتێب بە سپۆنسەری «سەنتەری تەکنەلۆژیا و ڕاهێنانی ئەوڕوپی ــ ETTC»، ئەم کتێبەی چاپ کردووە.**


**کتێب:** ئەودیو بێدەنگی

**نووسەر:** هیوا پشتیوان

**بابەت:** ڕۆمان

**دیزاینی بەرگ و ناوەرۆک:** شۆڕش غەفووری

**نرخ:** ٣٠٠٠ دینار

**چاپخانە:** تاران

**چاپ:** یەکەم /٢٠٢١ی زایینی

**ژمارەی سپاردنی (     ) کتێبخانە گشتییەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی بۆ ساڵی ٢٠٢٠ی زایینی دراوەتێ.**

# ١

کۆمپیتەرەکـەت دەکەیتـەوە. خێـرا دەچیتـە سـەر بەرنامـەی وۆرد و دەنووسـیت.

دەسـت دەدەیتـە تەلەفۆنەکـەت، وشـە دەسـتبەردارت نابێـت! شـوێنی نامـەی تەلەفۆنەکـەت دەکەیتـەوە و هـەر دەنووسـیت. کتێبێـک دێنیـت؛ دوو پـەڕی ناخوێنیتـەوە، دەیـان وشـەی لەسـەر دەنووسـیت. کاغەزێـک لـە دوورەوە دەبینیـت. پێـش ئـەوەی بگەیتـە کاغەزەکـە، چـاو بـۆ پێنووسـێک دەگێڕیـت. تێنووسـەکانی زانکـۆت، جگـە لـە خەیـاڵ و ئەندێشـەکانی ڕۆژانـەت، دوو بابەتـی وانەکەتـی تێـدا نییـە! لـە هۆڵـی خوێندنـدا مامۆسـتای زانکـۆ، چەنـد تێبینییـەک دەخوێنێتـەوە و سـوورە لەسـەر ئـەوەی کـە بینووسـن و گرنگـە. زۆر تـۆی بـەلاوە پەسـەندە! زۆر بـە پەرۆشـەوە خەریکـی نووسـینیت. وەلـێ بێئاگایـە لـەوەی؛ ئـەوەی تـۆ دەینووسـی تڕوهاتەکانـی دونیایە، نـەک تڕوهاتەکانـی وانەکـە...

هاوڕێیانــی زانکــۆت لەبــارەی گەشــتێکی دوو ڕۆژە بــۆ ســلێمانی، خەریکـی گفتوگـۆن. تێکەڵیـان نابیـت. ئاخـر بیرکردنەوەی تـۆ جۆرێک و هـی ئـەوان جۆرێکـی تـر. خۆیـان بـە کۆمەڵـە شـتانێکی هیچـەوە سـەرقاڵ کـردووە، سـوودی نـە بـۆ ئێسـتا و نـە بـۆ داهاتوویـان نییـە. لەسـەر مێزی خوێندنەکەتدا دانیشـتوویت و خەریکی پاکنووسـکردنی دەقـی نووسـینێکتی. یەکێـک لـە کچەکانـی پۆلەکەتـان کـە دڵنیـا نیت

نـاوی چییـه لـه نێـو گەرمـەی گفتوگۆکەیانـدا ڕوو لـه تـۆ دەکا و بـه توانجـەوە لێـت دەپرسـێت: «هـا کاکـی نووسـەر، لەگەڵـمان دێیـت؟» تـۆ بـێ بیرکردنـەوە و بـێ هیـچ ئێسـتێک، ڕاسـتەوخۆ دەڵێیـت: «ڕازیـم، بـەڵام بـه مەرجێـک...» «میـر» کـه پەسـەندی کچانـی کۆلێـژە خـۆی دەردەخـات و دەڵێـت: «وەڵا باشـمان کـرد!

\کاکـی نووسـەر هێشـتا هیـچ نەبـووە خـۆی لێـمان گـران دەکات و مەرجـمان بـۆ دادەنێـت.» چەنـد هاوپۆلێکـت نەبێـت، ئەوانیـتر سـەرجەمیان دەسـت دەکـەن بـه پێکەنیـن. میـر بسـکەی دێـت و زیاتـر خـۆی هەزەلـی دەکات. تـۆش بـێ ئـەوەی وشـەیەک بڵێیـت، بـه زەردەخەنەیەکـی تـاڵ و پـڕ لـه بەزەیـی پێهاتنـەوە وەڵامـی دەدەیتـەوە. «ئیبـۆی ئاگـر» کـه دەزانێـت قسـەکانی ئـەوان شـایەنی پێکەنیـن نییـە، پێناکەنێـت.

دەسـتەکانی خسـتۆتە نێـو یـەک و دەڵێـت: «بێتامـی مەکـەن، بەڵکـو پێشـنیازێکی باشـمان بـۆ دەکات.» «ئەسریـن» دێتـه نێـو باسـەکە، بـه شـەرمێکەوە ڕووت لێـدەکات و دەڵێـت: «بێگومـان! دەی هەڵدێـر قسـەکانت بکـە، مەرجەکـەت چییـە؟» سـەیرێکی ئیبراهیـم و ئەسرین دەکەیـت و بـێ ئـەوەی وشـەیەک بڵێیـت سوپاسـیان دەکەیـت. کۆکەیـەک و دەسـت بـه قسـه دەکەیـت؛ دەشـزانی دوای قسـەکانت چ گاڵتەجارییـەک و چ کاردانەوەیـەک دەبینیـت. «بـرادەران، تـا ئێسـتا هەڵـە نەبـم دوو جـار چوومەتـە سـلێمانی. کـەم بینیوومـە، وەلـێ بەقـەد شـارەکەی خـۆم خۆشـم دەوێـت...» یەکێـک لـه پشـتی پشـتەوە هـاوار دەکات!

حوسـێنە سـووری قۆشـمەچییە دەڵێـت: ««وەلـێ» بەکارمەهێنـە! ئێمـه لـه ماناکـەی تێناگەیـن! ئێـرە پۆلە نـەک کتێب.» دەسـت دەکات بـه پێکەنیـن و قوتابیەکانـی تریـش لەگـەڵ ئـەو پێدەکەنـن. خـۆت

تێکنادەیت و کە لە پێکەنین دەبنەوە بەردەوام دەبێت: «هەم بۆ ئەوەی یادگارییەکی جوان دروست بکەین و هەم بۆ ئەوەی چێژ لە دیمەنی شارەکە ببینین. داواتان لێدەکەم هەریەک لە ئێوە تێنووس و پێنووسێک یاوەری گەشتەکەتان بکەن و گەشتنامەیەک بنووسێت.» دووبارە حوسێنە سوور، کە لە گاڵتە و گەپی خۆی ناکەوێت لە پشتەوە هاوار دەکات: «گەشتنامە چییە، کاکی نووسەر؟» سەیرێکی حوسێن دەکەیت و بۆی ڕوون دەکەیتەوە: «گەشتنامە، واتە کە گەشتێک ئەنجام دەدەیت، ئەو ڕووداو و دیمەن و شتانەی کە لە گەشتەکەتدا دەیبینی بە شێوەی گێڕانەوە دەینووسیتەوە. زیاتر لە کاتی گەشتی دەرەوەی وڵات و گەشتی دوور، دەکرێت گەشتنامە بنووسرێت.

لێ ئێمە دەتوانین ئەمە وەک ئەزموونێکی سەرەتا دەستپێبکەین.» دەبینیت کە قوتابییەکان گاڵتەیان بە قسەکانت دێت، وەلێ بەردەوام دەبیت: «جا دەمەوێت هەریەکە لە ئێوە، لەم گەشتەدا، گەشتنامەیەک بنووسێت و لە دواتردا بۆ منی بهێنێت. منیش بە پێی ئەو شارەزاییەی کە هەمە هەڵسەنگاندن بۆ دەقەکان دەکەم و سێ باشترین دەق هەڵدەبژێرم و خەڵاتی دەکەم.» قسەکانت دەکەیت و بێدەنگ دەبیت. هێدی هێدی دەنگی قاقاکان دەگەنە ئەوسەری هۆڵەکە. هێدی هێدی تیری پێکەنین و گاڵتەکان بەرەو ڕووت دێن. هەر یەکە و لە لایەکەوە پێدەکەنێت و قسەیەک دەکات.

«کاکی نووسەر، لە شێتاتی خۆی کەم نەبوو، دەیەوێت تەواوی پۆلەکە شێت بکات.»

«دەڵێی کاتی لێ بەڵایە ئەم کوڕە، ئەم هەموو خوێندنەوەیە، باش مێشکی تێکچووە.»

«کوڕە، ئەوە مێشکمان دەشواتەوە، هەڵنەخەڵەتێن.»
بێباکــی. هێشــتا خــەم بــۆ ئــەوان دەخۆیــت، تێناگــەن، وێڵیــان دەکەیـت، هەناسـەیەکی سـارد دەکێشـیت. تێنـووس و کەلوپەلەکانت کۆدەکەیتــەوە، دەڕۆیتــە دەرەوەی کۆلێــژ.

## ٢

کەشــەکە ســاردە. پاشــماوەی ئــاوی بــاران، بــە بــان شــەقامەکانەوە دەبینرێــت. چاوەڕێــی گەیشــتنی پاســی گواســتنەوەی نێــو شــاریت. تــۆش حــەزت دەکــرد وەک کوڕانــی تــری کۆلێــژ، ئۆتۆمبێلــی خۆتــت هەبێــت و پێیــەوە بنــازی، حــەزت نەدەکــرد؟ حــەزت دەکــرد کــە هاتیتــە کۆلێــژ، کلیلــی ئۆتۆمبێلەکــەت بــە دواوەی پانتۆڵەکەتــەوە بێــت، حــەزت نەدەکــرد؟ حــەزت دەکــرد کاتێــک کچانــی کۆلێــژ باســت دەکــەن، بڵێــن کــە خاوەنــی ئۆتۆمبێلــە و وایــە و وایــە. حــەزت نەدەکــرد؟ نــا. حــەزت نەدەکــرد! لــە ئێســتادا ئــەوەی بــۆ تــۆ گرنگــە، دوو شــتە! «ئەرســی» و کتێــب.

خــۆ تــۆش دەتتوانــی ئــەو کرێیــەی کــە ڕۆژانــە لــە کارەکەتــدا وەریدەگریــت. نەیخەیتــە نێــو ئــەو باولــە شــڕەی، کــە داپیــرت بۆتــی جێهێشــتووە! بیرتــە ئــەو کاتــەی پێیدایــت گوتــی: «پارەکانــت لێــرەدا هەڵبگــرە و خڕیبکــەوە، بــێ ئــەوەی ســەیری نــاو باولەکــە بکــەی.» پرســیت: «بۆچــی ســەیری نەکــەم؟»

گوتــی: «پەیامێکــی بــۆ تــۆ تێدایــە! ســەیری مەکــە؛ تەنهــا ئەوکاتــە نەبێــت، کــە بڕێکــی بــاش پــارەت تێیــدا خڕکــردەوە و ڕووداوێکــی گرینــگ هاتــە پێــش و ویســتت پارەکــەی بــۆ خــەرج بکەیــت. ئــەوکات دەگەیــت بــەو پەیامــەی کــە لــە باولەکەدایــە. بــەڵام کاربکــە، پەلەبکــە و بگــە بــە پەیامەکــە.» پەیمانــت بــە داپیرتــدا کــە تاوەکــو بڕێکــی

زۆر پـارە کۆنەکەیتـەوە و بـۆ کارێکـی گرینـگ نەبێـت، پـارەکان لـە باولەکـە دەرنەهێنـی و پەیامەکـەی نـاوی نەکەیتـەوە. دەی. خـۆ تۆش دەتتوانـی دوای ئـەوەی باولەکـەت پـڕ لـە پارەکـرد. بـە پارەکـەی شـڕە ئۆتۆمبێلێکیـش بێـت، بیکڕیـت. وەلـێ تـۆ، سـووریت لەسـەر ئـەو بەڵێنـەی کـە داوتـە، سـوێندت خـواردووە پـارەی باولەکـە بـۆ «ئەرسـی» و کتێـب نەبێـت، بـۆ هیچـی دی خەرجـی نەکەیـت.

پاسـی گواسـتنەوەی نێـو شـار دەگات. دەسـتت بـۆ شـۆفێری پاسـەکە بـەرز دەکەیتـەوە، ئەویـش بـە ئامـاژەی سـڵاو دەسـتی بـەرز دەکاتـەوە. سـڵاوت لێنـاکات! بەڵکـو پێتدەڵێـت، لـە نێـو ئـەم پاسـە گـەورە و گرانەشـدا شـوێنێ بـۆ تـۆ نییـە!

بـاران دەبارێـت، تـۆش دەکەویتـەوە یـادی «ئەرسـی»ی ئازیـزت و هێـدی هێـدی بـەرەو قـەڵات و ناوەڕاسـتی شـار هەنـگاو دەنێیـت. نـاوە نـاوە ئاورێـک بـۆ دواوە دەدەیتـەوە، تـا بزانـی پاسـی دواتـر گەیشـت یاخـود نـا. تاکسـییە ڕەنـگ زەردەکان بێـزارت دەکـەن. هـەر یەکێکیـان کـە بـە لاتـدا تێدەپـەڕن، هێواشـی دەکەنـەوە و دەیانەوێـت هەڵتبگـرن. تـۆش خواخواتـە ئـەو چەنـد هـەزارەی لـە گیرفانتـە، بەشـی خـواردن و پاسـی چـوون بـۆ کار و گەڕانـەوەت بـۆ مـاڵ بـکات. تاکسـییەک بەلاتـدا تێپـەڕ دەبێـت و هێواشـی دەکاتـەوە، شـۆفێرەکەی سـەیرت دەکات.

بـە چـاو پێتدەڵێـت «تاکسـییت ناوێـت؟ هـەم تـۆ زووتـر بگەیـت و هـەم مـن دوو دینـار وەربگـرم؟» تـۆ بـە دەسـت ئامـاژەی نەخێـری بـۆ دەکەیـت. سـکت پێـی دەڵێـت: «ویژدانـت هەیـە؟ لێبگـەڕێ پارەکـەی بـە نانێـک بـدات و برسـی نەبێـت.» دڵیشـت پێـی دەڵێـت: «ئـای دامـاو. تـۆش بـە دوای دوو دینارەوەیـت بـۆ ماڵـەوەی ببەیتەوە، بـەڵام بەخـوا لێـرە دەسـتت ناکەوێـت.»

## ٣

دەسـتەکانت تەزیـون، توانـای هیچـت نییـە، بـەڵام ناچاریـت. پێویسـتە سـەرمات بێـت، پێویسـتە هەوڵبـدەی... دەگەیتـە نزیـک شـوێنی کارەکـەت... دەنگـت بـەرز دەکەیتـەوە: «دابەزیـن هەیـە.» گوێـی لـێ نییـە، هـەر دەڕوات. زیاتـر دەنگـت بـەرز دەکەیتـەوە: «مامـە، دابەزیـن هەیـە!» ئـاوڕ دەداتـەوە، دەڵێـت: «دابەزیـن؟» سەرنشـینەکانی تـر لـە جیاتـی تـۆ دەڵێـن: «بەڵـێ، بەڵـێ.» لـە پاسـەکە دادەبـەزی. ناچـاری ئـەو مەودایـەی شـۆفێری پاسـەکە لێتـی دوورکـردەوە، بـە پـێ بیبـڕی. گلەیـی لێناکەیـت. ئاخـۆ، کام تڕوهاتـی دونیایـە، مێشـکی ئەمیشـی ئاڵۆزکـردووە...

دەگەیتـە نزیـك دوکانەکەتـان، دوکانـی خـۆت نییـە، لـەوێ شـاگردیت. لـە دوورەوە کاغـەزە هەڵواسراوەکانـی پەنجـەرەی دوکانەکـە بـە دیـار دەکـەون. «هەشـت نانـی بچـووک، هـەزار دینـار.» «چـوار نانـی گـەورە، هـەزار دینـار.» «داوای قـەرز مەکـە، لە قـەرز بێزارم. ئێسـتاش چاوەڕێـی قـەرزی پێـرارم.» بیـرت دێتـەوە ئـەو کاتـەی کەسـێک هاتـە لای وەسـتا فـەرە و داوای لێکـرد بایـی پێنج هـەزار نانـی پێبـدات و چەنـد ڕۆژێکـی تـر کـە سـەری مانگـە، لـەو نیـوە مووچەیـەی کـە بڕیـارە وەریبگرێـت، پارەکەیتـان بـۆ بهێنێـت.

لـە وەڵامـدا وەسـتا فـەرە پێـی گـوت: «ئەزیـزی منـی مامۆسـتا گیـان، بـەڵام بـاوڕ بکـە بۆمـان نالـوێ. باوڕبکـە لـە قـەرز بێـزارم، باوڕبکـە

ئێستاش چاوەڕێی قەرزی پێرارم!» دوا ئەوەی مامۆستایەکە نەیتوانی نانەکە ببات و بە دڵشکاوییەوە گەڕایەوە. بە وەستا فەرەت گوت:

- وەستا فەرمان شاعیریشی نەمزانی بوو؟

وەستا فەرە مۆڕەیەکی لێکردی و گوتی:

- شاعیری چ کوڕە؟

- ئێ تازە شیعرێکت بۆ ئەم مامۆستا داماوە گوت. داوای قەرز مەکە لە قەرز بێزارم، ئێستاش چاوەڕێی قەرزی پێرارم.

وەستا فەرمان بزەیەکی کرد و گوتی:

- کوڕە دەزانی زۆر جوانم گوت! کا وەرە کوڕە، سبەی پێشی بێیتە فرن؛ دەچیتە دوکانێکی کۆمپیتەر و پێیان دەڵێیت بەو کۆمپیتەر و شتە لەسەر کاغەزێک ئەم ڕستەیە بنووسن باشە. کوا بینووسە، بینووسە. لای خۆت بینووسە با بیرت نەچێت.

- تەواو، ئەوە لە تەلەفۆنەکەمدا نووسیم.

- جا کوڕە هەر دەچیت دەچیت. بشنووسە چوار نانی گەورە هەزار و هەشت نانی بچووک هەزار. تاقەتمان نییە ئەوەندە خەریکی وەڵامدانەوەی کڕیار بین.

سەیرێکی وەستا فەرمانت کرد و بە زۆر خۆت گرتبوو کە پێنەکەنیت. وەستا فەرمان پێتی گوت:

- چییە کوڕە، بۆوا سەیرم دەکەی؟

زەردەخەنەیەکت کرد و گوتت:

- ئەی ئەگەر کڕیارەکە نەخوێندەوار بوو؟

وەستا فەرمان، پاش ئێستێکی کورت گوتی:

- کوڕە وسبە کوڕە. ئادەی بڕۆ ئەو هەویرە بشێلە، تا بازاڕ نەجوولاوە.

گەیشـتیتە بـەردەم دوکانەکـەی وەسـتا فـەرە. دوکانـی خـۆی نییـە، بـە کرێـی گرتـووە و کاری تێـدا دەکات. بینیـت کـە وەسـتا فەرمـان نەهاتـووە.
کاتژمێـر سـێیە، دەبوایـە لـە کاتژمێـر دوو و نیـوەوە لێـرە بوایـە و هەویرەکـەی شـێلابا. کلیلـی دوکانەکـە لـە گیرفانـی پاڵتۆکەتـدا دەردەهێنـی و دەرگای دوکانەکـە دەکەیتـەوە. ڕاسـتەوخۆ دەچیـت ئـاوی نێـو ئامێـری هەویرشـێلەکە دەکەیتـەوە و پێوەنـدی بـە وەسـتا فەرمانـەوە دەکەیـت.
- سڵاو وەستا باشیت، درەنگە بۆ دیار نیت؟
بە دەنگییەوە دەزانیت کە تازە لە خەو هەڵساوە.
- سـوپاس هەڵدێـر. کـوڕە دوێنـێ شـەو کـەم خەوتـم و ئـەم بەیانییـە لـە ئیشـیش زۆر مانـدوو بـووم، زەنگـی مۆبایلەکـەم چەنـد جارێـک لێیـدا ئـاگادار نەبـووم. دەی تـا دێـم هەویرەکـە بشـێلە.
کارەکـەی ئێـوە دوو دانـە. دانێـک لـە کاتژمێـر چـواری بەیانـی بـۆ نـۆی بەیانـی. دانێکیـش دووی نیـوەڕۆ تـا حەوتـی ئێـوارە. تـۆ بەهـۆی خوێنـدن و زانکۆکـەت، تەنهـا دانـی نیـوەڕۆ تـا ئێـوارە لەوێیـت. بەیانیـان بـازاڕ بـەو شـێوەیە نییـە و وەسـتا فـەرە بـە تەنیـاش بێـت پێـڕادەگات.
وەسـتا فـەرە لـە کاردا جدیـە! بـەڵام جـار جـارە گاڵتـە و گـەپ دەخاتە نێـو کارەکـەوە. هـەر خـۆی زۆر جـار پێتـی گوتـووە: «ڕاسـتە، جـددی بـوون لـە کاردا گرنگـە، بـەڵام خۆشیشـە هەنـدێ جاریـش گاڵتـە و گەپیـش بکرێـت. خـۆ هەمووممـان هـەر دەمریـن دەمریـن.»

## ٤

لــە نزیکــی یەکێــک لــە باخچەکانــی کۆلێــژ، لەســەر ئەســکەملێک دانیشــتوویت، کتێبێکــت بەدەســتەوەیە. نامــۆ دەردەکەویــت، دەزانــی بــۆ؟ چونکــە کتێبــت بــە دەســتەوەیە. ئێــرە زانکۆیــە، زانکــۆ! ئێــرە شــوێنی ڕابواردنــی گەنجــان و خۆنمایشــکردنی کچانــە، نووســینگەی هاوســەرگیرییە. شــوێنی لووتبــەرزی مامۆســتایانی زانکــۆ و خۆدەرخســتنیانە. ئێــرە کــەی شــوێنی خوێنــدن و فێربــوون و خــۆ بەرەوپێشــبردنە؟ بیــرت دەکەوێتــەوە، ئــەو کاتــەی «ئەریــوان»ی هاوپۆلتیــان لــە کۆلێــژ دوورخســتەوە؛ لەســەر ئــەوەی تایــەی ئۆتۆمبێلــی یەکێــک لــە دکتۆرەکانــی زانکــۆی تەقاندبــوو. ئــەو کاتــە لێیــت پرســی:

- باشــە کاکــە، هــۆکار چــی بــوو واتکــرد؟ لــە خــۆت بێزاربوویــت واتکــرد؟ لــە خوێنــدن بێزاربوویــت واتکــرد؟

بە دڵی پڕ لە ڕق و گەرووی پڕ گریانەوە وەڵامی دایتەوە:

- کــوڕە کاکــە تــۆ هەســتی پــێ ناکەیــت. دکتــۆر تەڕەماش، هەمــوو ڕۆژ بــە لێگــزز و ئۆتۆمبێلــی مۆدێــل بــەرزەوە بــە بەردەمــی منــدا بــڕوات و منــی داماویــش پــارەی پاســم پێنەبێــت، پێــی بگەڕێمــەوە ماڵــەوە و ناچــار بــم ڕێیەکــی دوور بــە پــێ ببــڕم! کــوڕە هەمــوو ڕۆژ خەریکــی تەقاندنــی مێشــکی منــە و مــن بەرگــەم گــرت! بــەڵام بەخــوا بــە دەســتم بووایــە نــەک تایــەی ئۆتۆمبێلەکــەی، نەفرەتــم بــۆ هەرچــی لە

ژیانیدا هەیە، دەهێنا. بۆ ئەو چییە، خۆی بەسەرمندا بسەپێنێت و یاری بە دڵ و دەروونم بکات؟
ڕۆژێک لەگەڵ ئیبۆی ئاگردا هەر لەو شوێنەی کە ئێستاکە لێی دانیشتوویت بەیەکەوە دانیشتبوون. ئیبۆ هەر بە شێوە ڕووخۆشییەکەی خۆیەوە هاتە لات و پێی گوتیت: «کوڕە برا، وا دوو ساڵ ڕۆیی و کەسێکمان نەدۆزیەوە، بەخوا ساڵی چوارەم ئاشبەتاڵ کۆتایی پێدەهێنین.» پێیت گوت: «بۆ کاکە، ساڵی چوارەم، گەنم دابەش دەکرێت؟ بۆ تۆ ئاشت هەیە تا پڕی بکەیت؟»
قاقا پێکەنی و خێرا وەڵامی دایەوە: «هاهاها! کوڕە کاکە کاتی گاڵتە نییە، ئەم بابەتە گریانی دەوێت نەک پێکەنین، کچێکم بۆ ڕازی ناکرێت. گەنم دابەش ناکرێت نا. بەڵکو ساڵی چوارەم ساڵی هاوسەرگیرییە. هەریەک لە ئێمە دەستی یەکێک لە کچەکانی هاوپۆلمان دەگرین و لەگەڵ بڕوانامەکەمان لەو کۆلێژە دەردەچین!
دەزانی ئەوەندەی بۆ هاوسەرگیرییەکە سوود لە کۆلێژ وەردەگرین، ئەوەندە سوود لە بڕوانامەکە نابینین!» پێیت گوت: «شوێن قسەی کام زانا و کام فەیلەسووف کەوتوویت؟ کامیان گوتوویانە کە دەبێت ساڵی چوارەمی کۆلێژ، دەستی یەکێک لە کچەکانی هاوپۆلت بگریت و هاوسەرگیری بکەیت؟» وەڵامی دایەوە: «کوڕە کاکە لە هەموو شوێنێک وایە وا! لە کوێ نووستوویت؟» پێیت گوت: «کوا لە کوێ وایە؟ بۆ من نایبینم؟» لە شوێنەکەی هەڵسا و گوتی: «کوڕە کاکە تۆ مێشکت تێکچووە، لە هەموو شوێنێک وایە، تۆ هەر بڵێ وانییە.» گەیشتیتە دوا پاژەی کتێبەکەی دەستت و ئیبۆی ئاگر هاتە تەنیشتت دانیشت.

ڕاستەوخۆ تەلەفۆنەکەی خۆی بۆ ڕاگرتی و گوتی:

- دە بڵێ پیرۆزە!

سەیرێکی تەلەفۆنەکەیت کرد و گوتت:

- پیرۆزە! بەڵام بۆچی؟

بە سەرسامییەوە گوتی:

- کوڕە برا سەیری شوێنکەوتووانی هەژمارەکەم بکە! ئەمڕۆ گەیشت بە سەد هەزار شوێنکەوتوو!

پێکەنینێکی تاڵت بۆی کرد و گوتت:

- پێم ناڵێیت چ سوودێکی بۆت هەیە؟

- کوڕە چۆن سوودی نییە، جگە لە سوود پۆزیشی هەیە. کە خۆشە!

- باشە، تۆ تەنها یەک سوودیم پێبڵێ، بەڵکو منیش لە ئەمڕۆوە دەست بە کۆکردنەوەی بکەم.

ئێستێکی کرد و گوتی:

- دەی کاکە تۆ لەوە بگەڕێ، ئەمشەو دێیت وایە؟

- بەڵێ. بەڵێ، بێگومان ئەمشەو دێم.

- جا یەک شوێنی هەیە، ئیلهامی وات بۆ دێت! پێنووس و تێنووسێکیش لەگەڵ خۆت بێنە، بەس بنووسە. جا قاوەشت بۆ دەهێنم، با وەک نووسەرە بەناوبانگ و ڕووناکبیرەکان دەربکەویت.

- کوڕە کاکە، خۆ قاوە مەرجی ڕووناکبیر بوون نییە، من حەزم لە چاییە.

- کاکە تۆ بەس وەرە، من چاییت بۆ دەهێنم.

## ٥

ئیبـۆی ئاگـر خاوەنـی مانتۆڕێکـی شـڕی سـێ تایەیـە. خەڵکـی مەخمـوورە. لـە کاتـی جەنگـی داعـش و پێشـمەرگەدا. چەکدارانـی داعـش چەنـد مووشـەکێک دەگرنـە قـەزای مەخمـوور. یەکێـک لـەو مووشـەکانە لـە نزیـک دوکانـی باوکـی ئیبـۆ؛ دەکەوێـت و دوکانەکەیـان دەڕووخێـت. باوکـی ئیبـۆ برینـدار دەبێـت. قاچێکـی لـە دەسـتدەدات و لـە جێگـە دەکەوێـت. لەگـەڵ هاتنـی چەکدارانـی داعـش بـۆ مەخمـوور، ئەوانیـش ناچـار دەبـن بارگەیـان تێکبنێـن و بێنـە شـاری هەولێـر نیشـتەجێبن. هەربۆیـە ئیبراهیـم یاخـود ئیبـۆی ئاگـر، ناچـار دەبێـت. ئـەو کاتانـەی لـە کۆلێـژ نییـە، ماتۆڕەکـەی بێنێـت و لـە شۆسـتەی شـەقامی شەسـت مەتـری ڕایبگرێـت و بـۆ بژێـوی دایـک و بـاوک و خەرجـی کۆلێـژی، کاری فرۆشـتنی خواردەمەنـی پێبـکات. ئـەو شـەوە تـۆی بانگێشـت کـردە ئـەوێ، تـا لەگەڵـی بیـت و ئیلهامێـک لـە کەشـەکە وەربگریـت. ئیبـۆ تاکـە هاوڕێتـە! جگـە لـەوە؛ تاکـە هاوپۆلتـە گلەیـی ئـەوەت لێنـاکات کـە دەخوێنیتـەوە و جـار جـارەش دەنووسـیت. حـەزی پێنـاکات، بـەڵام قـەت وەک هاوپۆلانـی تـرت لۆمـەت نـاکات کـە بـەردەوام کتێبـت بەدەسـتەوەیە. تێنووسـێکت بەدەسـتەوە گـرت و بـە پیاسـە تـا ئـەو شـوێنە چـووی کـە ئیبـۆی ئاگـر، ماتـۆڕە سـێ تایەکـەی لـێ ڕاگرتـووە. هـەر سەد-سـەدوپەنجا مەترێـک لـە خانووەکەتانـەوە دوور بـوو.

ئیبـۆی ئاگـر هـەر کـە لـە دوورەوە تـۆی بینـی، بـەرەو ڕووت هـات و گوتـی:

- هەلـە... هەلـە... کاکـۆ بەخێربێیـت. وەرە بزانـە ئیبـۆی ئاگـر بـەم زسـتانە چ ئاگرێکـی بـۆ سـازکردووی.

سڵاوێکت لێی کرد و گوتت:

- کوا؟ جگە لە ئیبۆی ئاگر، هیچ ئاگرێکی دیکە نابینم.

- کاکە، دەتۆ وەرە.

ئیبـۆی ئاگـر لایەکـی مانتۆڕەکـەی خواردەمەنـی و هەندێـک پێداویسـتی لـێ دانـاوە و دەیفرۆشـێت. لـە ئەودیـو مانتۆڕەکەیـەوە، بـە تەنەکەیەکـی کـۆن، ئاگردانێکـی دروسـت کـردووە. تـا سـەرمای زسـتان ڕێگـری نـەکات لـە کارکردنـی. لـە بەرانبـەر ئاگرەکـە کوڕێـک دانیشـتووە، بـە ڕووخسـار لـەوە دەچێـت چەنـد سـاڵێک لـە ئێـوە گەورەتـر بێـت. سـڵاوێک لـە کوڕەکـە دەکەیـت و دەچیتـە سـەر ئـەو بلۆکـەی کـە لـە بەرانبـەر ئاگرەکـە و لـە تەنیشـت کوڕەکـە دانـراوە. ئیبـۆش دەبەیەکـی بەنزیـن دەهێنێـت تـا لەسـەری دابنیشـێت. دێتـە تەنیشـتتانەوە و دەبێژێـت:

- ئـەوەش کاک شـەهرام کەرکووکـی، لێـرە بووەتـە هاوڕێـم. ئەویـش لێـرە سـەوزە و میـوە دەفرۆشـێت.

ڕوو دەکەیتە شەهرام کەرکووکی و پێی دەڵێیت:

- خۆشحاڵ بووم، کاکە گیان..

لەگـەڵ ئیبـۆ و شـەهرامدا دەکەونـە قسـە و گفتووگـۆ. نـاوە نـاوە کڕیارێـک دێـت و یەکێکیـان هەڵدەسـتێ و بەڕێـی دەکات. کـە ئیبـۆ دەبینیـت لـەو ماوەیـە چەنـد ئۆتۆمبێـل بـۆی ڕادەگـرن. بەخـۆت دەڵێیـت؛ خـۆت بێنـە شـوێنی ئیبـۆ و وای دابنـێ شـەوێک لـە شـەوەکان. «ئـەو»، ئـەو ئازیـزەی بیـری دەکەیـت. ئـەو ئازیـزەی

دەمێکە هەوڵ بۆ گەیشتن پێی دەدەیت. دەتبینیێ، ژیان چی بەسەر هێناویت! نەبوونی چی بەسەر هێناویت. دەست دەدەیتە پێنووس و تێنووسەکەت دەکەیتەوە. بۆ داخی دڵت و کارەکەی ئیبۆی ئاگر، شتێک دەنووسیت...

ئەودیو دۆزەخی نەبوونی

هەر ئۆتۆمبێلێکی ڕەنگ ڕەش دەبینم، چۆکەکانم لەرز دایاندەگرێت. هەر ڕێبوارێک چاوەکانی لە «ئەو» دەچێت، ترس دەخاتە بوونمەوە. تف لە خۆم و ئەو ماتۆڕ و کەلوپەلانەش دەکەم، تووشم بە تووشی ئەم هەستە نامۆیە دەکەن. پارە هەبووایە ئاخر من چ کارێکم بەم هەموو ترۆهاتەدا بوو؟ پارە هەبووایە لە جیاتی گرتنی سووکانی مانتۆڕەکەم، دەستی «ئەو»م دەگرت و تا دواسنوری دڵخۆشی، دڵخۆش دەبووم.

پارە هەبوایە لە جیاتی ئەوەی، بەم ساردی زستانە لەسەر شەقامەکان ڕابوەستم؛ وڵات بۆ وڵات دەگەڕام و تفم لە هەرچی شەقامی دونیایە دەکرد. ئاە چەند خەیاڵپلاوم، تازە پارە نەبوو و «ئەو» نەما، ژیان و دڵخۆشیش نەما. سەیرێکی تایە قوڕاوییەکەی ماتۆڕەکەم دەکەم، ڕێک دەڵێی منم. کۆڵێک خەمی ژیان لەسەر شانم. ژیانیش بێویژدان، هەر دەڕوا و قوڕاویترم دەکات!

ئۆتۆمبێلێکی ڕەنگ ڕەش ڕایدەگرێت، چۆکەکانم لەرزدایاندەگرێت. جامەکەی دادەگرێت. ئافرەتێکی خانەدانە! چاوەکانی لە «ئەو» دەچێت، ترس دەخاتە بوونمەوە!

لە ژێر ماسکەوە نایناسمەوە. لە دڵەوە دەڵێم: «ئەگەر «ئەو»یت و ئەگەر «ئەو»نیت، نزات بۆ دەکەم، لە هەرچی پەتایە بەدووربی.» دەزانن تا ئێستا، جگە لە «ئەو» نزام بۆ کچی هیچ شار و هیچ وڵاتێک نەکردووە. وەلێ چاوەکانی؛

منیان بردەوە یادی ئەو ڕۆژەی لە زانکۆ، چاوەکانم نووقم کردە چاوی «ئەو» و پێیم گوت: «نەفرەت لە پارە، ڕێگەم پێنادات! ئەگەرنا هەر لێرە، هەردوو پێڵوی چاوتم ماچ دەکرد.» خاتوونی نێو ئۆتۆمبێلەکە، بە کۆکەیەکی وشک بە ئاگام دەهێنێتەوە و بە دەنگێکی ناسکەوە دەڵێت: «کاکە گیان، دوو فانتا و ئاوێکم بدەرێ.» دەنگی خاتوونی شۆفێر ناسراو نییە، «ئەو» نییە. نامەوێ چاو لە چاوی بتۆرێنم وەلێ ناچارم. بەرەو ماتۆڕە سێ تایەکەم دەچم.

لەسەر ڕەفەی پشت ماتۆڕەکە، دەستم دەخەمە نێو ئەو تەپەدۆرەی ساردییەکانی تێدایە. بۆ فانتاکە دەگەڕێم، دوو دانە لە فانتا و ئاوێکی بۆ دەهێنم. دەیدەمە دەستی، دەستم بەردەستەکانی دەکەوێت. ئاخێک هەڵدەکێشم و دەڵێم: «ئەفسووس، بۆم نەلوا بۆ جارێکیش بێت، دەستم لە نێو دەستەکانی «ئەو»دا بخەوێنم.» پارەکەم بۆ ڕادەگرێت، پێی دەڵێم: «لێی بگەڕێ، خاتوونی جوان!» پێمدەڵێت: «وەریبگرە، ڕسقی خۆتە!» نەموێرا بپرسم: «ئەی ڕسقی دڵم چی؟»

دەگەڕێمەوە، لەسەر پارچە بلۆکی بەردەم ئاگرەکە دادەنیشم. ئاگری نێو تەنەکەکە کزی کردووە. هەڵدەستمەوە، سندووقێکی پلاستیک دەهێنم و دەیخەمە نێو تەنەکەی ئاگرەکەوە. ئاگرەکە گەش دەبێتەوە، سنووقەکە هێدی هێدی دەتوێتەوە. خۆم وەک سندووقەکە دێتە بەرچاو چۆن لە نێو دۆزەخی نەبوونیدا دەسووتێم، چۆن دەتوێمەوە.

خۆم دەبینم وا دەسووتێم. پێویستم بە دەستێکە ڕزگارم بکات. دەتوێمەوە، دەستێک نییە ئەو بەشە ساغەی کە ماومە دەریبهێنێت و بهێڵێت تۆزێکیشبێت لە بوونم بمێنێت و تەواو

نەبـم! دەسـتم دەخەمـە نێـو ئاگرەکـەوە، ئـەو بەشـە سـاغەی کـە لـە سـندووقەکە مـاوە دەری دێنـم. دەسـتم دەسـوتێ! ڕوو دەکەمـە سـندووقە نیـوە سـوتاوەکەی بەردەمـم و دەڵێـم: «خۆزگـە کەسـێکیش دەسـتی خـۆی بسـووتاندبا و نەیهێشـتبا، وا لـە نێـو ئـەم تڕوهاتـەی دونیـادا بسـووتێم...»

## ٦

ڕوو دەکەیتە شەهرام کەرکووکی و پێی دەڵێیت:

- خەڵکی کەرکووکی کاک شەهرام؟

- بەڵێ برا، خەڵکی کەرکووکم.

- ئەی چۆنە ڕێت کەوتۆتە ئێرە؟

- کوڕە قابیلە بۆ؟ ئێمەی کەرکووکی هەر ئاوا دەربەدەر نەبووینە؟ شازدەی ئۆکتۆبەر گووی خستە ژیانمانەوە.

- وایە... ڕووداوێکی زۆر ناخۆش بوو بۆ کەرکووکییەکان.

- لە ژیانم تەنها دوو جار گریاوم! تەنها دوو جار! دە ساڵ بووم، خانووەکەمان سووتا و ئاگری تێبەربوو. دایکم ڕزگاری نەبوو. سووتا. زۆر گریام، زۆر. یەکەم ناخۆشترین ڕووداوی ژیانی من بوو. دووەمیان شازدەی ئۆکتۆبەر. ئاخ! ئەو ڕۆژە هەرچۆنێک بوو، کەرکووکمان جێهێشت. کاتێک ئەم ئاگرانەم دەبینی بەبان شەقامەکانی کەرکووکەوە. دووبارە سووتانی دایکمم دەکەوتەوە بەرچاو.

شەهرام فرمێسک کەوتە چاوییەوە و بە دەنگێکی بەرز گوتی:

- کوڕە سووتا! چۆن دایکم سووتاو و ئیدی نەما و برینێکی لەسەر دڵی من درووست کرد. کەرکووکیش هەروا سووتا و ئیدی نەما. ئەوەندەی لە دڵم مابوویەوە، ئەوەندەی تر هەلا هەلای کرد. چەند بیرتان دەکەم، دایە! کەرکووک!

دەستت لەسەر شانی دانا و گوتت:

- ببورە برا.

- نـا بـرا، نـا. ببـورەی بـۆ چییـە. کـوڕە ئیبـۆ شـاهێدە، ڕۆژ نییـە لێـرە چەنـد خولەکێـک نەگریـم. هـەر کـە ئـەم ئاگردانـە دەبینـم، سـووتانی دایکـم و کەرکووکـم بیرئەکەوێتـەوە. کـوڕە قـەت نەکـەن بـۆ چرکەیەکیـش چییـە، دڵـی دایکتـان بەئێـش بهێنـن هـا. بـە خـوا ژیـان بـێ دایـک ئەوەنـدە بێمانایـە.

ئەونـدە هیچـە. بـەس مـن هەسـتی پێدەکـەم! کـوڕە ئامۆژگارییەکـی برایانـە. قـەدری دایکتـان بزانـن. بەخـوا کـە دایکتـان نەمـا ئـەوکات هەسـت بـەو ئازارە دەکـەن کـە هەمـوو ڕۆژ ڕۆحـی مـن دەخـوات. زۆر دڵخۆشـبن کـە ئێسـتا لـە شـار و وڵاتـی خۆتانـن. بەخـوا بچیتـە هـەر شـوێنێک! سـەد سـاڵ لێـی بمێنیـەوە! هـەر دڵـت بـۆ ئـەو شـوێنە لێـدەدا، کـە لێـی لـە دایکبوویـت! کـە لێـی ژیـاوی.

کات درەنگـی کـرد، وەلـێ قسەوباسـەکانی شـەهرام تـۆی بـردە نێـو دونیایەکـی تـر. مۆڵەتـت خواسـت کـە بـڕۆی و بەڵێنـت پێـدان کـە شـەوێکی دیکـەش بێیـت و سـەردانیان بکەیتـەوە...

# ئەرسی
# چارەگی یەکەم

ئاواتـم ئەوەبـوو ببـم بـە نووسـەرێکی جوانـنووس! لـە نووسـەرێکم پرسـی؛ چـۆن جـوان بنووسـم؟ پێـی گوتـم؛ ئەوانـەی زۆرتریـن ئازاریـان هەیـە جـوان نووسـترینن... لـە بیمارسـتان لـە برینپێچێکـم پرسـی؛ سـەختترین ئـازار چییـە؟ پێـی گوتـم؛ ئـازاری ئیشـق...

بڕیارمـدا تـا ببـم بـە جوانـنووس، ئاشـق ببـم... وامدەزانـی مـرۆڤ هـەر کاتێـک بیەوێـت، دەکرێـت ئاشـق ببێـت!

بەنێـو کۆڵانەکانـی شـاردا، لـە درزێکـەوە هەوڵـی بینینـی، کچانـی پشـت دەرگاکانـم دەدا! بۆچـی؟ تـا ئاشـق ببـم... وامدەزانـی ئیشـق هێنـدە ئاسـانە. لـە نێـو ڕاڕەوەکانـی زانکـۆ پیاسـەم دەکـرد. تەواونەبوونـی وانـەکان، ئۆقـرەی لێبڕیبـووم. هـەر سـاتێک دەنگـی کیلۆنـی دەرگای هۆڵێـک دەکرایـەوە، بـە ئومێـد بـووم شـۆخێک بێـت و ئاشـقی بـم! وامدەزانـی ئاشـقبوون، هێنـد ئاسـانە... لـە نێـو بـازاڕی قەیسـەریدا، هـەر شـۆخێکم لـە هـەر فرۆشـگەیەکەوە دەدەی، لەبەردەمـی فرۆشـگەکەدا دەوەسـتام، دەمگـوت ئێسـتا نـا ئێسـتا، ئـەو شـۆخە دێتـە دەرێ و ئیشـق لەگـەڵ خۆیـدا بـۆ مـن دێنێـت! وامدەزانـی ئیشـق هـەروا ئاسـان بـۆت دێـت...

هەمـوو ئـەو هەوڵانـەم بێسـوود بـوون! هەرچیـم نووسـی، سـوواو بـوو... هەرچـی وشـەیەک کـە نووسـیم، کەوتـە تەنەکـە خۆڵکـەی،

پشتی دەرگای ژوورەکەم. بەخیلیم بە هەر نوسەرێک دەهات، کە کتێبێکی نوێ چاپ دەکرد و کتێبەکەیم نەدەخوێندەوە... کڵۆڵ بووم و بەدوای ئازارێکدا دەگەڕام، دەقەکانمی پێبڕازێنمەوە... پێچەوانەی هەموو ئەوانی دی، کە ڕۆژانە بە دڵپڕییەوە نزایان دەکرد، خوا؛ لە ئازار بەدووریان بگرێت، من نزام دەکرد، خوا؛ ئازارێکم خەڵات بکات... دەمویست ئاشق بم، وامدەزانی مرۆڤ هەرکاتێک بیەوێت، دەکرێت ئاشق بێت، وا نەبوو...

چارەنووس یاری سەیرمان پێدەکات! لە کاتێکدا من لە کۆڵانەکان و ڕاڕەوی زانکۆ و بازاڕ و قەیسەریدا بەدوای ئیشق دەگەڕام. کەچی نەمزانی ئیشق، لە تاقی ژوورەکەمدایە... دە ڕۆژ بەر لە یەکەمین ڕۆژی پاییز بوو، زۆر جوان بیرمە! ئاخر ئەو یادگاریيانەی لە ساتی خۆیدا خۆشیبوون و ئیستا ئازار، تا ئەبەد لە هزر دەمێننەوە...

خەریکی گەران بەدوای پێنووسێک بووم لە نێو جەنجاڵی ژوورەکەم، نەمدۆزیەوە... پەردەی تاقی ژوورەکەم لابرد و لە جیاتی پێنووس، کتێبێکم کەوتە بەرچاو... نامەوێ ببێژم ناوی کتێبەکە چی بوو، یان هیچ نەبێت ناوی نووسەرەکەی ئاشکرا بکەم. ناشڵێم شێوازی بەرگەکەی چۆنچۆنی بوو...

ئاخر ئەوە یەکێکە لە پایەکانی یادگاری جوانی ژیانی من، کە هەر ساتێک دڵم بگوشرێت، بەو بۆنەی کە ساڵانێکە لێی جێماوە، ئاسوودەی بۆ خۆم دێنم. نامەوێت وەک خەڵکە ڕۆتینیەکانی ئێستای دونیا، یادگارییە جوانەکانی ژیانی خۆم باسبکەم... لە ساتێکدابوو کتێبەکە سەرنجی ڕاکێشام و بڕیارمدا هەر ئەو کاتە دەستبکەم بە خوێندەوەی. سەیرێکی کاتژمێرم کرد، دەبوو بڕۆم... کتێبەکەم هەڵگرت و بە پیاسە بەرەو شوێنی وەستانی

پاسـەکانی گواسـتنەوە بـۆ چەقـی شـار، بەڕێکەوتـم...
گەیشـتمە چەقـی شـار... لـەو چرکەسـاتەی تێیدابـووم، تـەواو بێئومێـد بـووم لـەوەی، ئاشـق ببـم... وامدەزانـی هیـچ بابەتێـک لـە ئیشـق لەم ژیانـەی منـدا نییـە! دەبێـت چـاوەڕێ بکـەم و ئەگـەر لـە ژیانێکـی دی لـە دایکبوومـەوە، ئەوکاتـە ئاشـق ببـم...
بێچەندوچـوون، بەخـۆم و بـە کتێبەکـەی بنباخەڵـم، ڕوومکـردە کتێبخانـە... ئاخـر ئێسـتاکانێ کـە نووسـینەکانم هێنـد سـوواون، ناکرێـت کـەم بخوێنمـەوە، دەبێـت کتێبـی دانسـقەی زیاتـرم هەبێـت... لەیەکێـک لـە ئەسـکەمیل و مێزەکانـی کتێبخانەکـەدا دانیشـتم. کتێبەکـەی دەسـتم خسـتە سـەر مێزەکـە و بینایـی چـاوم بـۆ سـەیرکردنی کتێبەکانـی نـاو خانەکـە تەرخـان کـرد...
هـەر کتێبێـک و هاوارێکبـوو بـۆم و داوای دەکـرد وەک کۆرپەیـەک لـە ئامێـزی بگـرم و بیبەمـەوە ماڵـەوە... هـەر بەچـاو چەنـد کتێبێکـم هەڵبـژارد. هێـزی کێشـکردنی کتێبـەکان بۆخۆیـان ڕایاندەکێشـام... وەلـێ کاتێـک سـەیری نرخـی سـەر بەرگـی کتێبەکانـم کـرد و دەسـتم خسـتە نێـو گیرفانـی دواوەی پانتۆڵەکـەم. سـەرنجمدا، ئـەو پارەیـەی پێمـە، بەشـی دانەیەکیـش لـەو کتێبانـەی هەڵمبـژاردووە نـاکات، هێـزی کێشـکردنەکە پوچـەڵ بوویـەوە!
دووبـارە دانیشـتمەوە و دەسـتمکرد بـە خوێندنـەوەی کتێبەکـە، ئـەو کتێبـەی لـە تاقـی ژوورەکەمدابـوو... کەوتمـە نـاو دونیـای خوێندنـەوەی کتێبەکـە و خـۆم لەبیرکـرد. ئاخـر لای ئاشـقانی کتێـب، هیـچ چێژێکـی دونیـا، نـاگات بـە چێـژی خوێندنـەوە... خوێندنـەوە دەتباتـە دونیایەکـی جیـاواز و ئـەم هەمـوو ئاشـووب و ئاریشـەیەی لـە دونیـادا هەیـە، بیرتدەباتـەوە، بـۆ چەنـد سـاتێکی کەمیـش بێـت، دڵـت دوور لـە خـەم دەکات.

دەمخوێندەوە و لەناکاوێ شۆخێک لەو شۆخانەی، بێئەوەی بوونی هەبێت پاڵەوانی چیرۆکەکانم بوو... لەو شۆخانەی لە پشتی دەرگای ماڵەکان و هۆڵەکانی زانکۆ و دوکانەکانی قەیسەرییەوە لە دوای دەگەڕام... بە ئەسپایی و بە هەنگاوی نەرم نەرمەوە خۆی خزاندە نێو کتێبخانەکەوە... دڵ ئێستێکی کرد و هێدی هێدی ترپەکانی زیاتر و زیاتر بوون... هەستێک لە ناخمدا درووستبوو، هەرگیز لە ژیانمدا پەیم پێی نەبردبوو. ئەم هەستە خۆشی بوو و خۆشیش نەبوو... ئازار بوو و ئازاریش نەبوو... جۆش و خرۆشێک لە نێومدا درووستببوو، سەیروووسەمەرە... ناچاربووم بۆ ئەوەی ئەم شڵەژانەی ناخم بشارمەوە، هەستم و پیاسەیەک بەنێو کتێبخانەکەدا بکەم. هەڵسام و کتێبەکەم بەدەستمەوە گرت و خەریکی پیاسەکردن و سەیرکردنی کتێبەکانی کتێبخانەکەبووم... بە لاچاوێکیشەوە دەمبینی کچەی شۆخیش -کە بە ئاوات بووم ناوی بزانم- بەهەمان شێوەی من لە کتێبخانەکە پیاسەی دەکرد و لە کتێبەکانی دەڕوانی... هێدی هێدی وای لێهات، بێئەوەی بەخۆمان بزانین کەوتینە نزیکی یەک... کچە هات و لێی پرسیم:

- سڵاو چۆنی؟ لەوە دەچێت خوێنەرێکی باش بیت. ڕۆمانێکی جوانم بۆ پێشنیاربکە!

چۆکەکانم کەوتە لەرز، چەشنی منداڵێک کە تازە فێری قسەبووە، بە دەمێکی پڕ لە تەتەڵەوە کەوتمە قسە. سەیرەکە ئەوە بوو، لەو سەدان ڕۆمانە بەچێژانەی خوێندبوومەوە، ناوی دانەیەکیان چییە، بیرم نەمابوو.

- سڵاو خاتوون... ئێێ، ئمم سوپاس... ئێ... باشیت تۆ؟ ڕۆمان، ڕۆمانی بەچێژ ئێ... ڕۆمانی بەچێژ، زۆرە...

باش بوو کچەی شۆخ فریامکەوت و دوای بزەیەک گوتی:

- ئەم کتێبەی دەستت چییە؟ ڕۆمانە؟
کتێبەکەی دەستم پێیدا و گوتم:
- بەڵێ! ئێ... ئەمڕۆ ئمم... ئەمڕۆبوو بەڵێ، ئەمڕۆ دەستم پێکرد. سێ لاپەڕەم لێی خوێندۆتەوە، ئمم... ڕۆمانێکی بەچێژە...
کچە کتێبەکەی لێوەرگرتم و دەستی کرد بەخوێندەوەی لاپەڕەی یەکەمی و دوای چەند ساتێکی کەم گوتی:
- بەڕاستی جوانە.
پێکەنینێکی نازدارانەی بۆم کرد و گوتی:
- ئەم کتێبە دیارییە بۆ من وایە؟
من وەک پەیکەرێک لەبەردەم خەندەی ئەفسووناوی کچەدا ڕەق ڕاوەستابووم و چەند چرکەیەک دوای پرسیارەکەی ئەو گوتم:
- بەڵێ... بەڵێ، بێگومان دیاری من بێت بۆ تۆ.
ئەمجارە کچە، نازدارانەتر کەوتە پێکەنین و گوتی:
- هەهەهە! گاڵتە دەکەم، با لامبێت، دوای ئەوەی کە خوێندمەوە بۆتی دەگەڕێنمەوە. ناوتم نەزانی، دەکرێت بزانم ناوی تۆ چییە؟
- ئێ... بەڵێ... من هەڵدێرم، هەڵدێر...
- جوانە جوانە، کاک هەڵدێر... منیش ئەرسیم...
- ئەرسی؟ ناوێکی جوانە و ئێ تایبەتە...
بزەیەکی کرد و پارچە کاغەزێکی پێدام و گوتی:
- ئەمە ناوی هەژمارەکەی منە، پێوەندی دەبەستین. کە کتێبەکەم تەواوکرد، لە دیدارێکی تردا، بۆتی دەگەڕێنمەوە...
هەر لەگەڵ دەرچوونی ئەرسی لە کتێبخانەکە، ئازارێک کەوتە دڵمەوە. دەشمزانی تا جارێکی تر بە دیداری شاد نەبمەوە، ئەو ئازارەم لە کۆڵ نابێتەوە...
بەڵێ، ئەمە ڕێک ئەو ئازارەیە کە برینپێچەکە بۆی باسکردم...

## ٧

ئـەو ڕۆژانـەی پشـووی کۆلێـژت بـوو، بـۆ تـۆ بـاش بـوو... دەتوانـی هـەردوو دان بێیتـە سـەر کار و جیاوازتـر لـە ڕۆژەکانـی تـر؛ هـەم پارەیەکـی زیاتـرت دەخسـتە نێـو باولەکـەت هەمیـش خەرجییەکـی کەمترت دەبـوو، چـون لـە کۆلێـژ نەدەبوویـت. بـۆ ئـەوەی ویسـتی دڵـت بـەدی بێنیـت پێویسـتە کاربکەیـت و پـارە کۆبکەیتـەوە... کەسێک هەیـە پـارەی هەبێـت و نەتوانـێ ویسـتی دڵـی بەدیبهێنێت؟

-کوڕە  هەر باسی مەکە، باس!

وەستا فەرە بە داخ لە دڵییەوە کەوتە قسە:

- یانـی نازانـم ئـەم خەڵکـە ئـەم هەمـوو پارەیـە بـە چـی پەیـدا دەکات؟ چـۆن وازوو لـە دەسـتی دەچێـت؟ چەشـنی پڕکردنـی پەرداخێـک ئـاو، گیرفانـی پـڕ دەکات و هـەروەک ئـاو خواردنـەوەش، بـە چەنـد چرکەیـەک هەمـوو پارەکـەی نـۆش دەکات! ئـەوە دوێنـێ ئـازە بێمنەتـی هاوسـێمان هاتۆتـە لام، بڵێتـە مـن چـی باشـە؟ وەڵا فەرمـان گیـان، بیسـت هـەزار دۆلارم داوەتـە کۆمپانیایـەک! وەڵا چییـە، دوای سـاڵێک ئـەو پارەیـەم بـۆ دەکـەن بـە دوو قـات! کەچـی ئێسـتا خـاوەن کۆمپانیاکـە بەخـۆی و بـە پـارەی دەیـان کـەس لێـی داوە و ڕۆیشـتووە. ئـەو کەسانەشـی کـە پارەیـان پێیـداوە چـارەڕەش ماونەتـەوە. جـا کـە ئـازە بێمنـەت ئەمـەی بـۆ مـن باسـکرد، لـە دڵـەوە گوتـم ئـەک نۆشـتان بێـت. خۆتـان نەتانزانـی پارەکەتـان

بخـۆن ئـەوە یەکێـک هـات و پارەکەتانـی خـوارد. منـی داماو شـەو و ڕۆژم لەسـەر یەکدانـاوە و تەنهـا بـە خەرجـی ڕۆژانـە ڕادەگـەم و ناتوانـم دوو دینـار لەسـەر یـەک دابنێـم و خانووێکـی پێبکـڕم. کەچـی کاکیشـم، بیسـت هـەزار دۆلار دەداتـە کۆمپانیـا و تەڕەمـاش. کـورە بەخـوا کاتێـک هاتینـە ئـەم گەڕەکـە ئـەم کـوڕە نـان نەبـوو بیخـوا کەچـی لـە پڕێکـدا تەقیـەوە و نازانـم چـۆن ئـەم هەمـوو پارەیـەی پەیـدا کـرد! نـا بەخـوا ئەمانـە بـە ئارەقـی نێوچەوانیـان پارەکانیـان پەیـدا نەکـردووە بۆیـە قـەدری نازانـن!

ویستت درێژە بە باسەکە بدەیت و گوتت:

- باشە وەستا فەرمان، ئێمە بۆچی کار دەکەین؟

وەستا فەرمان چەند جارێک بە دەستی ڕیشی خوراند و گوتی:

- ئێ کوڕە قابیلە بۆچی؟ کار ئەکەین تا دوو دینار کۆبکەینەوە.

- دوای ئەوەی کۆمانکردەوە؟

- دوای ئـەوەی کۆمانکـردەوە لـە مـاڵ و منداڵ و پێداویسـتی ڕۆژانەدا خـەرج دەکەیـن، تـا مـاڵ و منداڵـمان برسـی نەبـن و دەسـت لـە کـەس پاننەکەنـەوە! ئـەوە چ پرسـیارێکە؟

- مەبەسـتەکەی مـن لێرەیـە ئەوەیـە، ئەمانـە کـە پـارە کۆدەکەنـەوە بـۆ چ شـتێک؟ یانـی ئێمـە کار دەکەیـن و پـارە کۆدەکەینـەوە و کۆدەکەینـەوە و کۆدەکەینـەوە! بۆچـی خەرجـی ناکەیـن؟ باشـە هـەر نامریـن؟ سـوودی پـارە چییـە ئەگـەر بـۆ نـاو قاسـە و نـاو کەنتـۆڕ بێـت؟

- کـوڕە هـەر لێـی بگـەڕێ و باسـی مەکـە! ئەمانـە قـەدری ئـەوەی هەیانـە نایزانـن... کـورە بەخـوا مـن پارەیەکـی زۆرم هەبوایـە، خۆشـترین ژیـان ئەژیـام... ئەڵێـن پـارە کـەس دڵخـۆش نـاکات، بـەس بەخـوا درۆیـان فەرمـوو، جارێـک شـتێکم خوێنـدەوە نووسرابـوو:

مەلێـن پـارە بەختـەوەری ناهێنێـت، گریـان لەنێـو مارسیدیسـدا ئاسـانترە وەک لەسـەر پایسـکیل... کـورە پـارە هەمـوو شـتی پێئەکرێت، هەمـوو شـت! بەخـوا پـارە شێتیشـت بـۆ چـاک ئەکاتـەوە! ئـەوە پێشـتر ماڵـمان لـە گەڕەکـی ڕۆژی نـوێ بـوو. لـەوێ شـێتێک هەبـوو پێیـان دەگـوت ئەسـکە شـێت.

ئـەم ئەسـکە شـێتە ڕۆژ تـا ئێـوارە بـە دوای منـداڵان دەکـەوت و دەیترسـاندن. ئەندامـی خـۆی دەردەهێنـا و میـزی بـە دار و دیـواردا دەکـرد. هەرچـی مەردوومێـک بـە کۆڵانـی ئەوانـدا ڕۆیشـتبا، مەحـاڵ بـوو بێئـەوەی تفـی ئەسـکە شـێتی بەربکـەوێ لـەو کۆڵانـە دەربـازی بێـت. ڕۆژ هـات و ڕۆژ چـوو، بـرای ئەسـکە شـێت کـە لـە ئەوڕوپـا بـوو، هاتـەوە و ئەسـکە شـێتی لەگـەڵ خـۆی بـردە ئەوڕوپـا... پێنـج شـەش سـاڵ دوای ئـەوە؛ ڕۆژێـک ترومبێلێکـی مۆدێـل بـەرز بـە ژمـارەی بیانییـەوە، لـە پێـش ماڵـی ئەسـکە شـێت ڕایگـرت.

ئەوەنـدەم زانـی پیاوێـک بـە چاکـەت و پانتۆڵێکـی شـاز و پێـڵاوی مارکـە و بـە چاویلکـەی ڕەشـی چاویـەوە، لـە ترومبێلەکـە هاتـە خـوارەوە و چوویـە ماڵـی ئەسـکە شـێت. هەسـتم دەکـرد کەسـەکە نامـۆ نییـە بـەڵام نەمزانـی کێیـە! دواتـر پرسـیارم لـە ناسـیاوێکیان کـرد. گوتـی ئـەوە کاک ئەسـکەندەرە! چـاوم ئەبڵـەق بـوو! گوتـم هـەر ئەسـکە شـێتی خۆمـان؟

گوتیـان کاکـە ڕێـزی خـۆت بگـرە کاک ئەسـکەندەر ئێسـتا بسـتزمانە، بسـنزمانە چییـە! کـورە گوتـم ئاخـر ئـەوە چـۆن؟ گوتیـان کاکـە بـەو پارەیەیـی لـە میراتیـدا بـۆی جێمابـوو، براکـەی بردیـە ئەوروپـا و لـەوێ ژیانـی گـۆڕا و دەسـتیکرد بـە ئیـش و پارەیەکـی چاکـی کۆکـردەوە و لێـرە بـۆ خـۆی کۆمپانیایەکـی خانووبـەرەی دانـاوە و خەریکـی پـڕۆژەی زۆر گەورەیـە! گوتـم هەیهـوو! جـا ڕێـک لەوکاتەدا

ئەو پەنـدەم بیـر کەوتـەوە کـە دەڵێـت کـەس لـە پڕێـک نابێـت بـە کوڕێـک. بەخـوا پـارە ئـەم پەنـدەی بـە درۆ خسـتەوە.

بزەیەکت کرد و گوتت:

- هـەر ئـەم پەنـدە نـا وەسـتا! بـە پـارە، هەرچـی شـتێ بتەوێـت، دەتوانـی بـە درۆی بخەیتـەوە!

# ٨

وەک بەڵێنت پێیان دابوو ئەم شەویش بۆ جارێکی تر سەردانی ئیبۆی ئاگر و شەهرام کەرکووکیت کردەوە... بەهەمان شێوەی جارەکەی تر هەر سێتان لە دەوری ئاگرەکە دانیشتن و کەوتنە دەردە دڵ:

- دیسان گەوادیەکەیە... ئەم بازاڕە چۆن ئێمەی کردووەتە فلیم.

شەهرام کەرکووکی دەستی کرد بە گازاندە و ئیبۆی ئاگریش لە دوای ئەوەوە گوتی:

- کوڕە هەر باسی مەکە، سێ ڕۆژە بای پەنجا هەزارم نەفرۆشتووە.

- بۆ بێبەختی من لە بەیانیەوە ٣٥ هەزارم ئیش کردووە، ٢٥ هەزارم ون کردووە ئاخر ئیسە من قوڕی کوێ بکەم بەسەر خۆمدا؟

تۆ کە نەفرەتی دنیات لە پارە دەکرد، خەمت بۆیان دەخوارد... خۆشت کە لە نێو بارودۆخەکەدا بوویت باش لە حاڵیان دەگەیشتیت. ئاخر نەبوونی شتێکە گەنجییەتی لە مێژووی مرۆڤدا دەسڕێتەوە، لە منداڵی ڕاستەوەخۆ بەرەو تافی پیری دەبات! وەلێ ویستت هەرچۆنێک بێت دڵیان بدەیتەوە و بارودۆخەکە هێور بکەیتەوە.

- دەی براینە، ئێمە دەبێت سەیری خوار خۆمانەوە بکەین و ناشکوور نەبین، ئاخر زۆر لە ئێمە خراپتر هەیە، کە هیچی نییە

بیخـوا و کارێـک نییـە بیـکات.
شەهرام کەرکووکی وەڵامی دایتەوە:
- ئـێ ڕاسـتە بـرا. ئێمـە ناشـکوور نیـن، بـەڵام ئیسـە مـن گەنجێکـم؛ وایـە ئەخـۆم و ئەژیـم و سـوپاس بـۆ خـوا هەیـە. بـەس حـەزم ئەکـرد نوێتریـن مۆدێـل جلوبەرگـم لەبەربوایـە، نوێتریـن مۆدێلـی ئۆتۆمبێـل و تەلەفۆنـم لابووایـە. بـەڵام لـەم وڵاتـە نییـە! کـەس لـە داهاتـووی خـۆی دڵنیـا نییـە! کـەس نازانـێ بەیانـی چـی بەسـەردێت، چـی بەسـەر نایـەت. ئەچیتـە شـوێنێک حـەز ئەکـەی بـە دڵـی خـۆت شـتێک بکـڕی، ناتوانـی! ئاخـر تـۆ ئەزانـی لـە ڕۆژدا کـە ئەچمـە بـازاڕ یـان فرۆشـگەیەک. حـەزم بـە شـتێک ئەبێـت و نرخەکـەی بـە یـەک مانـگ کارکردنـی منیـش پەیـدا نابێـت و ناتوانـم بیکـڕم، چەنـد دڵـم ئەشـکێ؟ کـە شـەویش دادێـت، پارچـە شـکاوەکانی دڵـم کۆئەکەمەوە و بـە خەیاڵـی ئـەوەی کـە ڕۆژێـک دێـت و ئـەم ناخۆشـییە کۆتایـی دێـت، پارچەکانـی بەیەکـەوە ئەلکێنـم! کەچـی دە ساڵە دڵـی خـۆم ئەدەمـەوە و نەگەیشـتم بـە هیـچ.
ئیبۆی ئاگر ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی:
- بـەس ئەگـەر وێنـەی دایکـم دەبینـی، پێنـج سـاڵێک بەرلەئێسـتا. چونکـە ئـەو کاتـە پارەمـان هەبـوو و تۆزێـک حاڵـمان باشـبوو، گەنـج و جـوان ڕووخـۆش... کەچـی دوای کاتـی داعـش کـە باوکـم ئـەو کارەسـاتەی بەسـەرهات و قاچێکـی لـە دەسـت دا و ئێمـەش ئیـدی کەوتینـە ئـەم حاڵـەوە. دایکـم تـەواو شـەکەت کـەوت! بـڕۆ ئێسـتا ببینـەوە و سـەیری وێنـەی پێنج ساڵ بـەر لـە ئێسـتای بکـە، کەسـێک نەزانێـت دەڵێـت، مـاوەی نێـوان ئـەم دوو دیمەنـە پەنجـا سـاڵە نـەک پێنـج سـاڵ!
- هەروایـە بـرا، ئینسـان کـە پـارەی هەبـوو، خـەم لـە ژیـان ناخـوا.

لەبــری ئــەوەی خەریــک بێــت بــە خــەم خــواردن لــەوەی ڕۆژانــە چەنــدی دەســتئەکەوێت. دێــت و پەروەردەیەکــی جوانــی منداڵەکــەی ئــەکات. کارەکــەی بــەرەو پێشــەوە ئەبــات. داهێنــان ئــەکات. فەرمــوو ئێســتا مــن ئەگــەر تۆزێــک پــارەم نەبووایــە، نەمدەتوانــی ئــەم عارەبانەیــە بکــڕم و شــتی لەســەر بفرۆشــم... ئیبــۆ ئەگــەر پــارەت نەبوایــە، نەتئەتوانــی ئــەم ماتــۆڕە ســێ تایەیــە بکــڕی و شــتی لەســەر بفرۆشــی. فەرمــوو کاک هەڵدێــر سبەی ڕۆژ ئەیەوێــت کــە زانکۆکــەی تــەواو کــرد، ماســتەر بخوێنێــت! باشــە کاک هەڵدێــر پــارەت نەبێــت ئەتوانــی ماســتەر و دکتــۆرا بەدەســت بهێنیــت؟ هــا ئەتوانیــت؟

- نــاوەڵا بــرا، لێــرە گــەر پــارەت هەبێــت، نــەک ماســتەر و دکتــۆرا... هــەر چــی بڕوانامەیــەک بتەوێــت دەتوانــی بەدەســتی بخەیــت... جــا زۆر کــەس لۆمــەم دەکــەن؛ ئەگــەر لــە شــوێنی تــۆ بووینایــە بیرمــان لــە شــتی دیکــە نەدەکــردەوە و دوای زانکــۆ دەســتمان بــە خوێندنــی ماســتەر دەکــرد... یــان وامــان دەکــرد و وامــان دەکــرد. کەچــی ئــەوان نازانــن مــن وا ڕۆژانــەی زانکۆکــەم بــە چ تاڵییــەک پەیــدا دەکــەم، ئاخــر ماســتەر و دکتــۆرای چــی؟ ئــەی هــاوار!

- ئاوایە برا دونیا دونیای سەرمایەداری! پارەت نەبێت هیچی.

شەهرام هەستایە سەر پێ و بە دەنگێکی بەرز گوتی:

- نەفــرەت لــە گــۆڕی ئــەوەی گوتــی، پــارە خۆشــبەختی ناهێنــێ، نەفــرەت!

## ٩

لـە ناوەڕاسـتی ژوورەکەتـدا ڕاکشـاویت! دوو دڵـی... دڵێـک کـە خەریکـی خـەم خواردنـە و دڵەکـەی تریشـت خەریکـی شـێت بـوون... دڵێکـت بـە دیـار ئـەو جوانیانـەوە خەندەیـەک دەکات، کـە لەگـەڵ ئەرسـیدا ئەزموونـی کـرد... دڵەکـەی تـر، خەریکـە شـێت دەبێـت و ئـەو ئازارانـەی دەکەوێتـە یـاد، کـە بـە دەسـتی ئەرسـی چەشـتی... بیرمچـوو کـە باسـی ئـەوە بکـەم کـە میوانێکـت هەیـە... وەک زۆربـەی شـەوانی تـر، ئەمشـەویش ئـەردەڵان میوانتـە و لـەولاوە سـەدای دەنگـی بـەرز دەکاتـەوە و دەبێژێـت: «فرمێسـکی تـۆ، پەیامـت بـۆم...

نەمزانـی هیچـی ڕاسـت نەبـوو...» لەگـەڵ دەنگـی ئەردەڵانـی هاودەمـت بیـرت بـۆ ئـەوە دەچێـت... ئـەو سـاتانەی «ئەرسـی» فرمێسـکی چـاوی بـۆت دەباراند، ڕاسـتی دەکـرد؟ لـە پەیامەکانـی کـە خـۆی قوربانـت دەکـرد و خۆشەویسـتی تـا ئاسـمان بـوو، ڕاسـتی دەکـرد؟ بیرتـە یەکـەم پەیـام کـە بۆتـی نـارد؟ «لـە ڕۆژێکـی پاییـز دا، لـە بـەردەم شەسـتە بارانێکـدا، لەگـەڵ هـەر دڵۆپـە بارانێـک کـە دەکەوێتـە سـەر زەوی؛ هەسـتی دڵـم بـۆت زیاتـر و زیاتـر دەبێـت!» ئایـە ئـەردەڵان ڕاسـت دەکات؟ پەیامـی ئـەو هیچـی ڕاسـت نەبـوو؟ ئـەردەڵان پـڕ بـە دڵـی هـاوار دەکات: «دڵـداری بـۆ کـوڕی هـەژار ئێـش و ژانـە...» لـە دوای ئـەوەوە هـاوار دەکەیـت: «ئێششـشـش

و ژانــەههه، ئێششــش و ژانــەههه...» ئــەردەڵان ئەمجــارە توندتــر دەبێژێــت: «لــەم وڵاتــە وێــران بــووە، دڵــداری بــۆ خــاوەن ماڵــە...» دێیتــە قســە: «دەزانــی ئــەردەڵان. ئەگــەر لەگــەڵ قســەکانی تریشــت هــاورا نەبــم لەوەیــان هــاوڕام... دەزانــی ئەگــەر منیش خــاوەن ماڵبام، هــەر ئێســتاکە... نــا ئێســتا درەنگــە، ســبەی شــەو بەیەکــەوە؛ مــن و تــۆ و دایکــم و باوکــم دەچووینــە داوای ئەرســی و ئــەوم دەکــردە، هــۆی دڵخۆشــی ئەبەدیــم... ئــەردەڵان ڕەتــی نەکەیتــەوە هــا! دەبێــت تــۆش لەگەڵــم بێیــت...

ئاخــر دایــک و باوکــی ئەویــش مافــی خۆیانــە، هاودەمــی ئــەو کــوڕە بناســن کــە بڕیــارە ببێتــە هاوســەری کچەکەیــان... بــەس توخــوا بەڵێــن بــدە، باســی ئەوەیــان بــۆ نەکەیــت؛ چەنــد شــەو تــا بەیانــی بــە یــادی کچەکەیانــەوە، خــەو نەچووەتــە چاوانمــەوە... باســی ئــەوە نەکەیــت، ئەگــەر ئــەوان کچەکەیــان نــەدەن بــە مــن، مــن ژیانــم دەخەمــە نێــو پارچــەی ســەرچەفە کۆنەکانــی دایکــم و فڕێــی دەدەمــەوە نێــو ئــەم دۆزەخــەی مرۆڤــەکان لێــی دەترســن... نــا دڵنیــام تــۆ باســی هیــچ کام لەمانــە ناکەیــت، نــا... ئــەردەڵان دوور خەیاڵــم کــرد، خــۆ مــن خــاوەن مــاڵ و ســامان نیــم! خــۆ ناتوانــم جــارێ بچمــە داوای ئەرســی، نــا... دایکــم گوتــی: ‹پەلــە مەکــە، هــەر دەچینــە داوای، کاتــی خــۆی هــەر دێــت.› «ئــەردەڵان»، دایکــم تێنــاگات... تــا کاتــی خــۆی دێــت؛ مــن ئەوکاتــە هــەر خەمــی ئەرســی نــا، دەبێــت خەمــی منداڵەکانــی «ئەرســی»یش بخەمــە ســەر شــانم... دایکــم نازانێــت ئەگــەر پەلــە نەکــەم، لێمــی دەفڕێنــن... دەیدەنــە کەســێکی تــر، ئاخــر توخــوا گونــاە نییــە؟»

دەزانــم خــەم لــە چــی دەخۆیــت! گوناهــ نییــە؛ دواى بڕینــی ئــەم ڕێگــە درێــژە، دواى چەشــتنی ئــەم هەمــوو و ناخۆشــییە، دوا ئــەم

هەمـوو قوربانیدانـە، کەسـێکی تـر بێـت و بـە ئاسـانی لـە دڵتـی بڕفێنێـت و بێتـە سـەر نـان و پـارووی ئامادەکراو؟ ئاخـر گوناهــ نییـە «ئەرسـی»ی تـۆ... بێتـە خەڵاتـی کەسـێک کـە هیـچ قوربانیەکـی بـۆ نـەداوە... شـەوان نەکەوتۆتـە سـەر زگ و لـە تـاو ئـازاری دڵـی، ئـازاری ڕۆحکێشـانی نەچەشـتووە... گوناهــ نییـە کەسـێک ببێتـە خەڵاتـی «ئەرسـی» دوو نـزای نەکردووە! لەسـەر بەرماڵ تێـر تێـر بـۆ هیـوای بەدەسـت هێنانـی نەگریـاوە... «ئەرسـی» ببێتـە هـی کەسـێک، کـە هەفتەیـەک کاری نەکـردووە و پـارەی کۆنەکردووەتـەوە تـا دیاریەکـی بـە قـەرز بـۆ بکڕێـت، ئاخـر گوناهــ نییـە؟

«ئـەردەڵان» بـە ئـاگات دەهێنێتـەوە: «بخوێنـە بوولبـول بخوێنـە... زامـی کۆنـم بـە ئێـش بێنـە... لـە تەنیایـی جێـم مەهێڵـە...» ئاخێـک هـەڵ دەکێشـیت و دەڵێیـت: «ئایـی ئـەردەڵان، خـۆ مـن بوولبولێکیشـم نەبـوو... بـۆم بخوێنـێ... زامـی کۆنـم بـە ئێـش بێنـێ... لـە تەنیایـی جێـم نەهێڵـێ...»

## ١٠

ئیبـۆی ئاگـر، بـە پێچەوانـەی هەڵسـوکەوتی چەنـد ڕۆژی ڕابـردوو؛ ئەمـڕۆ بێتاقـەت دەردەکەوێـت. لـە یەکێـک لـە ڕاڕەوەکانـی زانکـۆ بینیـت... سڵاوێکی ساردی لێکردیـت. هـەر لەگـەڵ سڵاوەکەی ئیبـۆ، هەسـتت بـە بـاش نەبوونـی کـرد... بانگێشـتت کـردە چێشـتخانەی زانکـۆ، وەلـێ ڕەتیکـردەوە و پێـی گوتیـت:

- دەچین لە نێو باخچەی زانکۆ دادەنیشین.

بەدەم ڕێیەوە لێیت پرسی:

- دەڵێی ئەمڕۆ کێشەیەکت هەیە؟

- بەڵـێ هەمـە، بـەڵام تخـوا وەک ئەوانــی تـر، تۆمەتبـارم مەکـە بــەوەی هــۆی بێتاقەتیـم کچێـک بێـت.

- نـا کاکـە نـا، نازانـم کـەی واز لـەو بیرۆکانـە دەهێنـن، بـۆ کاتێـک کوڕێـک بێتاقـەت دەبێـت، دەبێـت هۆکارەکـەی کچێـک بێـت؟ دەی دەچیـن لـەوێ دادەنیشـین و بـۆم باسـبکە کـە بۆچـی بێتاقەتیـت...

هاوشـان لەگـەڵ ئیبـۆی ئاگـردا لـە نێـو باخچـەی زانکـۆ دانیشـتن... ئیبـۆ وەک جـاران، دەسـتی نـەدا تەلەفۆنەکـەی. لـەوە دەچـوو ئەمـڕۆ تەلەفۆنـی هـەر لـەلا نەبێـت... هەسـتێکی سـەیرت هەبـوو کاتێـک ئیبـۆت بەمشـێوەیە دەبینـی، بـە پـەرۆش بوویـت هـۆی لالووتـی ئیبراهیـم بزانیـت.

- دەی بـۆم باسـبکە، بزانـم چ ڕەشـەبایەکە، وا گـڕی ئیبـۆی ئاگـری

کزکـردووە؟

- چیـت بـۆ باسـبکەم بـرا. خـۆت دەزانـی مـن جگـە لـە خراپبوونـی حاڵـی دایکـم، زۆر گـوێ بـە شـتی دیکـە نـادەم.

- خوا نەکردە، خۆ پوریێ گیان نەخۆش نییە؟

- نا برا، بابەتێکی دیکەیە.

- ئێ دەی بۆم باس بکە، من بۆچی هاوڕێتم.

ئیبـۆ لـە گیرفانـی چاکەتەکـەی جگەرەیەکـی دەرهێنـا. زۆر سەرزەنشـتی دەکەیـت و داوای لێدەکەیـت واز لـە جگـەرە کێشـان بهێنێـت، بـەڵام ئـەو هـەردەم دەڵـێ؛ هـەر تەنیا جگەرەکەیـە بـۆم دەسـووتێت و خـۆی دەربـاز دەکات... دوای ئـەوەی جگەرەکـەی خسـتە سـەر لێـوی، لـە نێـو گیرفانەکـەی تـری چەرخەکـەی دەرهێنـا و جگەرەکـەی داگیرسـاند. بـە توندی چەنـد قومێکـی لـە جگەرەکەیـدا و کەوتـە قسـە:

«دوێنێکـە، دوای ئـەوەی لـە کۆلێـژ گەڕامـەوە ماڵـەوە، لەگـەڵ دایکـم چووینـە لای یەکێـک لـە ژنـە بەرگدرووەکانـی گەڕەکەکەمـان. لـە خانوێکـدا دەژیـا بـە تەنیـا. خانووەکـەی نزیکـەی سـێ کـۆڵان لـەو لاتـری خانووەکـەی ئێمـەوە بـوو. دایکـم قوماشـێکی کڕیبـوو و گوتی: «ئـەم ژنـە، هـەم دەڵێـن بەرگدرووێکـی باشـە، هـەم دەڵێـن، بـە تەنهـا دەژی و هیـچ کەسـێکی نییـە دوو دینـاری بـۆ پەیدابـکات. جـا دەمەوێـت ئەمجـارە لـەلای ئـەو ئـەم قوماشـە بـدوورم.» بـرا بچووکەکـەم، لەمـاڵ نەبـوو، دایکیشـم لەبـەر پیاوە چاوباشـقاڵەکانی شـار، خـۆ ناوێـرێ تـا سـەری کـۆڵان بـە تەنیـا بـڕوا. جارێکیـان باوکـم پێـی گـوت: «ئینجـا چییـە خـۆ قابیلـە ناتخـۆن.» دایکیشـم وەڵامیدایـەوە: «پیاوەکـە، ئەمـان بـە دەم ناتخـۆن، بـە چـاو دەتخـۆن بـە چـاو! لێشـیان بکۆڵیتـەوە، سـەدا نەوەتیـان، پیـاوی جومعـە و

جەماعەتـن و کـە بـاس دێتـە سـەر دیـن و ئاییـن، زۆر زانـان.» بۆیـە دایکـم داوای لێکـردم، یـاوەری بکـەم. ئەگەرچـی ماندووبـووم بـەڵام، نەکـرا ڕەتیبکەمـەوە.

هـەر کـە لـە دوورەوە ماڵـی ئـەم ژنـە بەرگـدرووەم بینـی، ڕەنگـی غەریبـی لـێ نیشـتبوو! ماڵێکـی بێنـاز و پـڕ خـەم دەردەکـەوت. دایکم لـە دەرگایـدا. لـە دوورەوە دەنگێـک بانگـی لێوەکردیـن: «فەرمـوو، فەرمـوو. ڕوو بکەنـە ژوورەوە.» هـەر کـە پێـم نایـە ئـەم ماڵـە، هەسـتی غەریبـی و بێتاقەتـی سـەراپامی تەنـی و تـا هەنووکـەش وازی لێنەهێنـاوم. وامزانـی هـەر مـن وام، بـە ڕووی دایکیشـمەوە دەردەکـەوت کـە ئـەم ماڵـە هەسـتێکی سـەیری پێبەخشـیوە. چوینـە ژوورەوە، دایکـم لـە پێشـەوە ڕۆیشـتە ژوورەوە و سـڵاوی کـرد.

ژنـە کـە بـە ڕووخسـار، زۆر پیـر دەردەکـەوت! بـەڵام لـەوە نەدەچـوو تەمەنێکـی زۆری هەبێـت. دوای ئـەوەی وەڵامـی سـڵاوەکەی دایکمـی دایـەوە، منیـش ویسـتم سـڵاو بکـەم. بـەڵام پێـش ئـەوەی وشـەیەک بڵێـم ژنـە چاوەکانـی کەوتـە سـەر مـن و لـە پڕێـکا تاسـا، پەشـۆکا! هێـدی هێـدی هاتـە پێـش و چاویشـی بـە چرکـە لەبـەردەم منـدا نەدەتروکانـد!

دەتگـوت بـە بینینـی مـن کەوتۆتـەوە یـادی کەسـێکەوە. لـە پڕێکـدا ژنەکـە لـە بـەردەم منـدا کـەوت و دوای چەنـد چرکەیـەک، تـا هێـزی هەبـوو لـە پرمـەی گریانیـدا. دایکـم هـەر هەوڵـی ژیرکردنـەوەی ژنەکـەی دەدا بـەڵام ژنـە هـەر بێدەنـگ نەدەبوویـەوە! دوای ئـەوەی دایکـم گوتـی: «کـوڕم تـۆ بـڕۆ دەرەوە...» ژنـە، سـاتێک وەسـتا و سـەیری دایکمـی کـرد و ئەمجـارە زۆر توندتـر گریـا! ویسـتم بچمـە دەرەوە، ژنـە بـە گریانـەوە بانگـی کـردم: «نـا تخـوا وەرە و مـەڕۆ، تخـوا وەرە... بـا تۆزێـک بیـری مەشـخەڵی خۆمـم بکەوێتـەوە... نـا،

تـۆ مەشـخەڵی وایـە؟ توخـوا بڵـی مەشـخەڵی... مەشـخەڵ نیـت؟»
دایکـم چاوەکانـی ژنـەی سڕی و پێـی گـوت: «خوشـکم تـۆ بوەسـتە
بـا ئێمـە لـە یەکـتری بگەیـن، تۆزێـک ئـارام بـە.» ژنـە وەک ئـەوەی
کۆتـا هەناسـەی ژیانـی بێـت هەناسـەیەکی قوڵـی هەڵکێشـا و گوتـی:
«پەیـمان بێـت، پەیـمان بێـت، ئـارام دەگـرم هەرچـی دەڵێیـت
دەیکـەم بـەس توخـوا بـا ئـەوە مەشـخەڵ بێـت، بـا ئـەوە مەشـخەڵی
مـن بێـت.» فرمێسـک لـە چاوەکانـم هاتنـە خـوارەوە لـە بـەردەم
هەسـتی دەروونـی ئـەم ژنـە، لەبـەردەم ئـەم گریانـە بـە کوڵـەی
خەریـک بـوو، شـێت ببـم!

زۆر بـە ئـازار بـوو! فرمێسـکم ڕژایـە خـوار و گوتـم: «نـا پـوری گیـان
نـا، مـن مەشـخەڵ نیـم... مـن ئیبراهیمـم...» ژنـە دووبـارە دەسـتی
کـردەوە بـە گریـان و هـاواری بـۆ ئـەم مەشـخەڵ نـاوە، تـا ئاسـمان
بـوو. مـن چیـدی نەمتوانـی بەرگـە بگـرم و چوومـە دەرەوە. دوای
بیسـت خولەکێـک دایکـم هاتـە دەرەوە و بەیەکـەوە ڕێگای ماڵـمان
گرتەبـەر.

ئـەم بابەتـە زۆر کاری لێکـردم، لـە ڕێگـەی گەڕانـەوە پرسـیم: «دایکـە
هیچـی بـۆ بـاس نەکردیـت؟» دایکـم بـە کورتـی و بـە دڵێکـی پـڕ
خەمـەوە گوتـی: «سـێ سـاڵ بـەر لـە ئێسـتا، کوڕەکـەی ویسـتوویەتی
بچێتـە دەرەوەی وڵات. بـەڵام پـاش ئـەوەی کوڕەکـەی دەچێتـە نێـو
دەریـای ڕەش، دەنگـی نامێنێـت. گوتـی هەندێـک دەڵێـن کـە مردووە
و لـە دەریایـی ڕەشـدا خنکاوە. هەندێکیـش دەڵێـن چەنـد کەسـێک
لـە بەلەمەکـەی ئەوانـدا ڕزگاریـان بـووە و یەکێـک لـەوان مەشـخەڵە
و ئێسـتا لـە زیندانەکانـی یۆنانـدایە. گوتـی هـەر کام لەمانـە بێـت
قبوڵمـە بـەس بزانـم کوڕەکـەم چـی بەسـەر هاتـووە هیچـم ناوێـت.»
پێیـم گـوت: «ئـەی بۆچـی کـە منـی بینـی وا پەشـۆکا؟» وەڵامـی

دامــەوە: «مەشــخەڵی کوڕیشــی لــەو تەمەنــەی تــۆدا بــووە کــە ڕۆیشــتووە. کــە تۆشــی بینــی، وایزانــی مەشــخەڵیت.»»

حەقــت بــە ئیبــۆدا کــە وا خەفــەت ڕووی داگرتــووە. تــۆش دوای ئــەوەی بەســەر هاتەکــەی بــۆ گێڕایتــەوە دڵــت پڕبــوو. بــە ئیبــۆی ئاگــرت گــوت:

- واتا لەبەر ئەم دایکە جەرگ سووتاوەیە وا پەشێوحاڵی؟

- ڕاســتە ئــەوە هۆکارێکــە، بــەڵام هۆکارێکــی تریــش هەیــە. هــەر لــەو کاتــەوەی لــە ماڵــی دایکــی مەشــخەڵ هاتینــە دەرەوە دایکــم خولەکێــک فرمێســک لــە چاوانــی نەتــۆراوە. هــەر دەڵێــت: «خۆزگــە بمانتوانیبــا ســۆراغێکی مەشــخەڵ بکەیــن و ئــەم دایکــە چیــدی وا جــەرگ ســووتاو نەمێنێــت.» تەنانــەت بەیانــی کــە هاتمــە زانکــۆ بینیــم چاوەکانــی وەک خوێــن ســوور هەڵگەڕابــوون. دیــار بــوو کــە بــە درێژایــی شــەو بێداربــووە و گریــاوە.

- بە ڕای تۆ کارێکمان پێدەکرێت؟

- نازانم، زۆر بیردەکەمەوە و نازانم!

- با کارێکمان پێدەکرێت!

- چۆن چۆنی؟

- ماڵی ئەم ژنە پێدەزانیتەوە؟

- بەڵێ، پێی دەزانم.

- بەیانــی هیــچ، کارم هەیــە. بــەڵام دوو بەیانــی ناچمــە ســەرکار... بەیەکــەوە دوای زانکــۆ دەچینــە ماڵــی ئــەم دایکــە... بزانیــن هیــچ ســەرەداوێکمان دەســت دەکەوێــت تــا بتوانیــن ســۆراغی مەشــخەڵی پــێ بکەیــن؟

ئیبۆی ئاگر ڕەنگی هاتەوەبەر و بە پەرۆشیەوە گوتی:

- هــەر بژیــت، باشــترین کارە! ئەگــەر نەگەیــن بــە هیــچ ئەنجامێکیــش

خـۆ هیـچ نەبێـت هەوڵێکـمان داوە.
لـە دڵـەوە بەڵێنـت دا کـە هـەر کارێـک لـە توانـات دابێـت بیکەیـت.
هیـچ نەبێـت بتوانـی دڵـی دایکێـک لـەو هـەزاران دایکـەی وڵات، ئاسـوودە بکەیـت؛ کـە ڕۆژانـە جەرگیـان دەسـووتێت و چـاوی چاوەڕوانیـان بـۆ هاتنـەوەی ڕۆڵەکانیـان هەمـوودەم لـە ڕێگەیـە.

## ١١

دووبـارە کاکـەی شـۆفێر مێشـکی مـژووڵ بـوو و تـۆی دوورتـر لـەو شـوێنەی کـە پێویسـتبوو لێـی دابەزیـت، دابەزانـد... لـە نزیکـی دوکانەکـەی وەسـتا فـەرە. ژنێکـی بـە تەمەنـت بینـی، بـەلای هـەر کەسـێک ڕۆیشـتبا دەسـتەکانی بـۆی ڕادەگـرت، وەک ئـەوەی داوای شـتێکی لـێ بـکات.

\لـە دواتـردا درکـت بـەوە کـرد کـە ئـەم ژنـە سـواڵکەرە. بـە ڕووی پـڕ لـە خەمیـدا دیاربـوو ژیـان چەنـدە مانـدووی کـردووە! دوای گەشـتن بـە چەنـد کەسـێکی دی، دواجـار لـە تـۆ نزیـک بوویـەوە و بێگوتنـی هیـچ شـتێک، دەسـتی -بـەو مانایـەی شـتێکی پـێ ببەخشـیت- بـۆت ڕاگـرت... ویسـتت چیرۆکـی ئـەم ژنـە دەسـتگێڕە بزانیـت و بـۆ نووسـینەکانت ئیلهامێکـی لێوەربگریـت، بـەڵام دڵنیـا نەبوویـت کـە توانـای قسـەکردنی هەیـە یـان نـا؟ یاخـود بـە هەمـان زمانـی تـۆ قسـە دەکات یـا نـا؟ بەشـێوەیەکی ناماقوڵانـە پرسـیت:

- میمـی گیـان بـە چ زمانێـک قسـە دەکـەی؟ دەکـرێ چیرۆکـی تـۆ بزانـم؟

ژنەی دەستگێڕ بێباکانە؛ دوای چەند ساتێک ڕوانین لێت گوتی:

- بـە چ زمانەکـی قسـان دەکـەم؟ هـەر بـەو زمانـە قسـان دەکـەم کـە ڕۆژانـە مرۆڤـەکان پێـی دڵـی یەکـتری دەڕەنجێنـن! بـەو زمانـەی پێـی فێـری درۆ و خیانـەت بوونـە! بـەو زمانـەی ئاشـوبی پـێ سـاز دەکەن!

بەو زمانەی ڕۆژانە، دڵی چەندان کەسی پێدەشکێنن! چیتر؟ ئاخر چی ترت پێبڵێم؟ زمان بەڵایەکە و بە مرۆڤەوە نوساوە و هەرچی کێشەی دونیایە، هۆیەکەی ئەوە. ئەوەندە لێی بێزارم؛ ڕاستیت دەوێ نامەوێ بەکاری بهێنم و قسەیەکی پێ بکەم.

- بێگومانم لەوەی تۆش چیرۆکێکت هەیە و دڵشکاوێکی ئەم شارەیت، دەکرێ چیرۆکی تۆ...

پێش ئەوەی قسەکەت تەواو بکەیت، پێی بڕیت و گوتی:

- وابزانم گوێت لێم بوو تۆزێک بەر لە ئێستا پێمگوتی کە چەنێک لە زمانی خۆم بێزارم و نامەوێ هیچی پێبدرکێنم. ئێستاش ئەگەر بە شایستەی خێرێکم دەزانی، ئەگەرنا با سەری خۆم بە کونجێکی دیکەدا بکەم و هیچی تر نەڵێم.

دەستت بۆ گیرفانی پانتۆڵەکەت برد و بڕێک پارەت دەرهێنا و پێیتدا... ژنەی بەتەمەنی دەستگێڕ جێیهێشتیت. بۆ چەند ساتێ بیرت لە وشەکانی کردەوە! باشە دەکرێ زمان ئەو بەڵایە گەورەیە بێت بۆ مرۆڤ؟ ئایە گەر شارێک هەبێت و دانیشتوانکەی تێیدا لاڵبن و کەسیان نکارن زمان، بۆ وتنی شتێک بەکاربهێنن! ئایە هەمان ئەو کێشە و ناخۆشیانەی تێدا ڕوودەدات، کە ئێستا ڕۆژانە ڕوودەدەن!

چوویتە نێو دوکانەکەوە، وەستا فەرە هەویرەکەی ئامادە کردبوو و لەسەر ئەسکەمیلێکی جوڵاو دانیشت بوو و توند مژی لە جگەرەکەی دەدا... جیاواز لە ڕۆژانی تر خەمبار دەردەکەوت... سڵاوێکت لێی کرد و پاش ئەوەی وەڵامی سڵاوەکەتی دایەوە لێت پرسی:

- چییە وەستا بێتاقەت دەردەکەویت...

وەستا فەرە دواین مژی لە جگەرەکەیدا و فڕێیدا. لەگەڵ

دەرهێنـــان و داگیرســـاندنی جگەرەیەکـــی تـــر گوتـــی:
- کـوڕە وەڵای ئـەوە حـاڵ نییـە، سـێ مانـگ بەهـۆی کەرەنتینـەوە لـە مـاڵ دانیشـتین و کارێکـمان نەکـرد. کەچـی کاکـی خـاوەن دوکان داوای کرێـی ئـەو کاتـەمان لـێ دەکات. پـاش ئـەو کاتـە پێمانگـوت کاکـە ئیشـمان نەکـردووە دینارێکـمان نییـە، ئـەوەی هەمانبـوو لـە کاتـی کەرەنتینەکـە خواردمـان کەچـی لـە وەڵامـدا گوتـی کێشـەی خۆتانـە و منیـش دینارێکـم نییـە.
ئـەو کاتـە پێمانگـوت کاکـە لەسـەرمان بوەسـتە بـا پێنـج شـەش مانگێـک کار بکەیـن، بۆتـی ڕێکدەخەیـن... دوێنـێ شـەو تەلەفۆنـی بـۆ کـردووم دەڵێـت ئـەم مانگـە کۆتـا مانگـە یـان ئەوەتـا کرێـی ئـەو سـێ مانگـەم بـۆ دەهێنـن یـان دەرتـان دەکـەم! لەگەڵـی کردمـە دەمەقاڵـی و ناخۆشـی... کاکـە ئیشـەکە هـەر ڕۆژانەکەیـە و خەرجـی مـاڵ پـڕ دەکاتـەوە، چـۆن ئـەم کرێیـەی بـۆ دابیـن بکـەم، نازانـم... لـە لایـەک خەمـت بـۆ وەسـتا فـەرە دەخـوارد کـە کارەکەی لەدەسـت بـدات... لـە لایەکـی تـرەوە خۆشـت بێـکار دەبوویـت و هێنانـەدی ویسـتی دڵـت قورسـتر دەبـوو. وەلـێ ناچاربوویـت تۆزێکیـش بێـت دڵـی وەسـتا فەرمـان بدەیتـەوە:
- دەی وەسـتا گیـان، خـوا گەورەیـە. بـا بزانیـن تـا سـەری مانـگ بەڵکـو لـە شـوێنێک پارەکـە پەیـا ببێـت.
وەسـتا فـەرە وەک ئـەوەی کۆڵێـک خەمـی بەسـەر شانەوە بێـت پێـی گوتی:
- زۆر ئەستەمە هەڵدێر، زۆر...

# ئەرسی
# چارەگی دووەم

کـە عاشـق بـووم، ئەوسـا لەمەبەسـتی ئـەو برینپێچـە تێگەیشـت.م کـە لـە پێشـدا پێـی گوتبـووم؛ سـەخترین ئـازار، ئـازاری ئیشـقە. مەردوومـی ئاشـق، خـۆ بێهیـچ هۆیـەک، شـەو و ڕۆژ دڵـی لـە نێـو مشـتییەتی! شـەو و ڕۆژ دڵگـوشرا و بێئۆقـرە! بـۆ سـاتێک بیـری ئازیزی لـە خەیـاڵ و هـزری دەرناچێـت... بەڵـێ، مـن بـۆ ئەرسـی وا بـووم... ئەرسـییەک کـە لـە بنەڕەتـدا نەمدەزانـی چۆنـە و چ کەسـێک دەبێـت بـۆ ژیانـی مـن... ئاشـقی ئەرسـی بـووم، بـۆ هیـچ شـتێک و لەبـەر هیـچ. ڕاسـتە لـە پێشـدا هەوڵمـدەدا بـۆ ئـەوەی جـوان بنووسـم، لـە ڕێگـەی ئاشـقەوە ئـازار بچێـژم. وەلـێ دوای کەوتنـە داوی ئەرسـییەوە ئـەوەی نووسـیم و خسـتمە سـەر کاغـەز، هەمـووی هـەر بـۆ خاتـری ئەرسـی و ئیشـقەکەی ئەوبـوو...

دوای دیدارەکـەی کتێبخانـە، چەنـد جارێکـی تـر دیدارمـان بەسـت. بـەردەوام پەیـام و پێوەندیشـمان ئالوگـۆڕ دەکـرد. مـن ڕۆژ دوای ڕۆژ هەسـتی خۆشویسـتنی ئەرسـی لـە دڵمـدا زیاتـر و زیاتـر دەبـوون... هەمـوو دیـدار و پەیـام و پێوەنـدی و هەسـتەکانم بـۆ ئەرسـی، لـە تێنووسـە چکۆڵانەکمـدا یاداشـت دەکـرد! تـا ئـەو یاداشـتانە زۆر بـوون و بـوون بـە کتێبێـک... لـە ماڵـەوە بـە چاپکـەرە شـڕەکەم چاپـم کـرد... بڕیارمـدا پێشکەشـی ئەرسـی بکـەم و خۆشەویسـتی خۆمـی

پێڕابگەیەنم.

لە پێشدا خوێندبوومەوە، ئەگەر کەوتمە بەرانبەر ئەو کەسەی خۆشم دەوێت و دڵم خێرا لێی نەدا، زمانم تەتەڵەی نەکرد، چۆکەکانم نەلەرزی، جۆش و خرۆش داینەگرتم، من ئاشق نیم... ئەو ڕۆژەی بڕیارمدا کتێبەکە پێشکەش بە ئەرسی بکەم، ڕۆژی لە دایکبوونیبوو. زمانم تەتەڵەی دەکرد، دڵم خێرا لێی دەدا، چۆکەکانم دەلەزیی، جۆش و خرۆش سەراپامی تەنیبوو! ئاخر من مرۆڤێک بووم، جگە لە کتێب و نووسین شتێکی جوانترم شک نەدەبرد پێی، هەستی خۆم بۆ ئەرسی دەرببڕم، کتێبەکە باشترین شتبوو. من یادگاری و ڕۆژە جوانەکانی خۆمم خۆشدەوێ، هەمووی نابێژم...

بە کورتی هەرچۆنێک بوو کتێبەکەم پێشکەشی کرد. دوای کتێبەکە، ئەرسی لە خۆشەویستی و ئیشقی من دڵنیابوویەوە؛ بووین بە دوو خۆشەویستی جوان... لە کاتێکدا لە دەورووبەرمان دەنگی تەقە و جوێن و ناشرینی بڵاودەکرا، ئێمە مینا دوو بوولبوولی ئاشق ئاوازی ئەوین و خۆشەویستیمان بۆیەک دەخوێند.

مرۆڤ کە ئاشق دەبێت، ئینجا لەمانەی ژیان و جوانی ژیان دەگات... تۆ وەرە جوانی ژیان و ئومێد لە ئاشقێکەوە ببینە، کە چرکە بە چرکەی کاتژمێر دەژمێرێت، بۆ گەیشتن بە دولبەرەکەی. ئەگەر ئەرسی بیگوتبا بمرە، نەمدەوت نا... بۆ دڵخۆشی ئەرسی ئامادەی هەموو کارێکبووم...

پێش هەمووشت بیرم لەوەکردەوە دەبێت شتانێک بکەم، کە ئەرسی هەست بەوە نەکات، کەسێکی بێسوود لە ژیانییەتی. هەرچی کتێبێک کە بمزانیبا سوودی لێوەردەگرم دەمخوێندەوە... هەوڵم دەدا نموونەی باڵای هەر کارێکبم، کە ئەنجامی دەدەم...

نـەک تەنها لـە بەرانبـەر ئەرسـی خـۆم گیـڤ بکەمـەوە و شـەوان لـە ئەودیـوی تەلەفۆنەکەمـەوە قسـەی گـەورەی بـۆ بکـەم... هـەر ئەوکاتەبـوو کـە بڕیارمدا سـەرەڕای خوێنـدن، کارێکیـش ئەنجامبدەم... لـە نانەواخانەیەکـە بـووم بـە شـاگرد و پـارەم کۆدەکـردەوە... چەنـد ڕۆژ پـارەم کۆدەکـردەوە و هەوڵمـدەدا پێـی دیارییەکـی شایسـتە بکـڕم، کـە شـایەن بـە ئەرسـی بێـت.
ئیـدی مـن بـووم بـە ئاشـق، لـەو ئاشـقانەی کـە بـە شـێت ناوزەنـد دەکرێـن... هـەر نووسـەرێک لـە گێڕانەوەکانیـدا باسـی ئیشـقی نەکردبـا لێـی لالـووت دەبـووم و بـە دڵگرانییـەوە کتێبەکەیـم دەخوێنـدەوە... دەمویسـت چیرۆکـی هەمـوو ئاشـقانی دونیـا بخوێنمـەوە و نموونـەی بـاڵای هەموویانبـم. نـاوم بچێتـە تـەک مـەم و فەرهـاد و سیامەندەوە... لـە هـەر لایەکـەوە لۆمـەی ئاشـق بکرابـا مـن پێـی پەسـت دەبـووم و بەخۆمـم دەگـوت:

«کـە دڵ شـتێکی بەڕاسـتی ویسـت؛ قسـەی هـەزار حەکیـم و زانـا، درۆیـە!»

# ١٢

دوای تەواوبوونـی زانکـۆ هاوشـان لەگـەڵ ئیبـۆی ئاگـردا، هاتنـە دەرەوە و بەپەلـە تاکسـییەکتان ڕاگـرت و گەڕانـەوە لای ماڵـی ئیبـۆ. کاتژمێـر سـێی نزیکـی ئێـوارە بـوو و هێشـتاکە شـیوی نیوەڕۆتـان نەخواردبـوو... ئیبـۆ پێداگـری کـرد کـە بچنـە ماڵـی ئـەوان و نانێـک بخـۆن ئینجـا بـڕۆن. بـەڵام تـۆ هیـچ ویسـتێکت بـۆ خـواردن نەبـوو و بەپەلـە بـووی بـۆ ئـەوەی بگەیـت بـە چیرۆکەکـەی دایکـی مەشـخەڵ... هـەر لـە پێـش دەرگای ماڵەکەیـان سـڵاوێکت لـە دایکـی ئیبراهیـم کـرد.

دوای ئـەوەی ئیبـۆ، ناونیشـانی ماڵـی دایکـی مەشـخەڵی، لـە دایکـی دڵنیـا کـردەوە... ملـی ڕێگەتـان گرتـە بـەر و بێئـەوەی هیـچ کامێکتـان وشـەیەک بڵێـن گەیشـتن بـە نزیکـی ماڵـی دایکـی مەشـخەڵ. وەک ئـەوەی ئیبـۆ باسـی دەکـرد؛ هـەر کـە خانووەکەیـت دەبینـی... خـەم و ئـازار و دووریـت لێیـەوە هەسـت پێدەکـرد... هەسـتت دەکـرد کـە خانووەکـە هاوشـانی گریانـی دایکـی مەشـخەڵ، گریـاوە... لەگـەڵ خـەم خواردنـی، خەمـی خـواردووە... ئـازاری چەشـتووە... بەپەلـە بـووی بـۆ دیـدار و چیرۆکـی دایکـی مەشـخەڵ و خێزانەکـەی.

لـە دەرگاتانـدا، وەک ئـەو جـارەی کـە ئیبـۆی ئاگـر چووبـوو و بۆتـی باسـکرد... ژنێـک بـە دەنگێکـی غەمگیـن، لـە نێـو ماڵەکـەوە بانگـی لێوەکـردن: «فەرمـوو، فەرمـوو. ڕووبکەنـە ژوورەوە.»

دەرگاکە کراوە بوو، ئیبۆی ئاگر چوویە ژوورەوە و تۆش لە دوای ئەوەوە... ماڵەکەیان خاوێن دەردەکەوت بەڵام وەک ئیبۆ بۆی باسکردبوویت، تۆش لەگەڵ پێ خستنە نێو ئەم ماڵە، هەستی غەریبی جەستەتی تەنی... دایکی مەشخەڵ لە ژووری پێشەوەی خانووەکەیان دەرکەوت و خەریکی چاککردنی سەرپۆشەکەی بوو... بە چرچ و لۆچی ڕوخسار و پرچی سپییەوە، هەموو کەس لە کاتی بینینیدا پەی بەوە دەبرد کە خەمێک هەیە و ساڵانێکە خەریکی خواردنی هەناوی ئەم دایکە دڵ شکاوەیە... دایکی مەشخەڵ هەر بە بینینی ئیبراهیم دڵی پڕ بوو. وەلێ تۆ دەستپێشخەریت کرد و گوتت: «سڵاو دادە گیان، دەکرێت بۆ ماوەیەک میوانی ماڵەکەت بین؟» دایکی مەشخەڵ ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی: «بێگومان کوڕەکانم فەرموون، فەرموون.» هاوشان لەگەڵ دایکی مەشخەڵ دا چوونە ژوورەوە... ژووری پێشەوەی خانووەکەیان نادین بوو.

بە بینینی مەکینەی دروومان و دەزوو و پارچەی قوماش؛ زانیت کە دایکی مەشخەڵ سەرجەم کارەکانی لێرە ڕایی دەکات... ئاماژەی بۆ ژووری دواتر کرد و گوتی: «فەرموون بچینە هۆڵەکەوە.» چوونە هۆڵەکەوە... گلۆپەکانی کوژابوونەوە. لەوە دەچوو بە دەگمەن دایکی مەشخەڵ یاخود کەسێکی تر بێتە ئەم ژوورەوە... لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا وێنەی کوڕێکی گەنج -کە لەوە دەچوو لە نێوانی هەژدە بۆ بیست ساڵان بێت- هەڵواسرابوو. بە شێوازی ڕێکخستنی قژ و ڕیشی زۆر لە ئیبۆ دەچوو.

هەستت بەوە کرد کە ئەمە مەشخەڵە بەڵام دوای خوێندنەوەی ناوەکەی لە خوار وێنەکە، تەواو دڵنیا بوویتەوە... لەگەڵ ئیبۆدا دانیشتن و دایکی مەشخەڵ ئاوی بۆتان هێنا، پاش خواردنەوەی

ئاوەکـە و سـوپاس کردنـی دایکـی مەشـخەڵ... ڕووتکـردە دایکـی مەشـخەڵ و پێیـت گـوت:

- دادە گیـان، تکایـە خـۆت ئەزیـەت مـەدە... بـا سـوود لـەو کاتـەی کـە هەیـە وەربگریـن و ئـەو پرسـیارانەی هەمانـە لێتـی بکەیـن و ئەگـەر لاتـان ئاسـایی بێـت وەڵامـمان بدەنـەوە...

دایکـی مەشـخەڵ بێتاقـەت دەردەکـەوت، وەلـێ هـات و لـە نزیکـی ئێـوەوە دانیشـت و گوتـی:

- باشـە کـوڕی خـۆم، فەرمـوو بپرسـن. ئـەوەی بکرێـت، وەڵامتـان ئەدەمـەوە.

- مـن هاوڕێـی ئیبراهیمـم. ئـەو چەنـد ڕۆژێـک لەمەوبـەر لەگـەڵ دایکـی هاتـە ئێـرە و تـۆی بـەم شـپرزەییەوە بینـی و بۆی باسـکردم کە لـە چاوەڕوانـی کوڕەکـەت، وا خەریکـی هێـدی هێـدی دەتوێیتـەوە... بۆیـە مـن بـە ئیبراهیمـم ڕاگەیانـد کـە بێیـن و سـەردانت بکەیـن، بەڵکـو بکرێـت شـتێکمان لەدەسـت بێـت و سـۆراغی مەشـخەڵت بـۆ بکەیـن...

بـە ناوهێنانـی مەشـخەڵ، چاوانـی دایکـی مەشـخەڵ پـڕ لـە فرمێسـک بـوون، ویسـتی بگریـت بـەڵام تـۆ ویسـتت هـەم دڵـی دایکـی مەشـخەڵ بدەیتـەوە و هەمیـش کاتەکـە بقۆزیتـەوە...

- دادە گیـان ئێسـتا وا باشـترە قسـە لەسـەر بابەتەکـە بکەیـن، حەقـت پـێ دەدەم کـە چەنـد سـاڵ نەبینـی ڕۆڵەکـەت و دیـار نەبوونـی شـوێنەوارێکی، زۆر بـە ئـازارە. بـەڵام تـۆ ئەمـڕۆ هـاوکاری ئێمـە بکـە. بەڵکـو بتوانیـن سـۆراغێکی بکەیـن؟

- تەواو کوڕم هەرچی پێویستە، بپرسە.

- دەکرێـت بۆمانـی بـاس بکەیـت، هـۆکاری چـی بـوو مەشـخەڵ بڕیـاری ڕۆشـتنیدا، چـۆن ڕۆیشـت؟ لەگـەڵ کـێ بـووو؟

- باشە لە سەرەتاوە هەموویتان بۆ دەگێڕمەوە.
دایکی مەشخەڵ ئەو چەند دڵۆپە فرمێسکەی لەسەر گۆنای بوو سڕی، دەستی کرد بە گێڕانەوە:
«دوو کوڕ و کچێکم هەبوو. کچەکەم هەر زوو مێردی بە کەسێک کرد کە لە دەرەوە دەژیا و چوویە ئەوڕوپا. چەند هاوڕێیەکی مەشخەڵ لە ڕێگەی تورکیا و یۆنانەوە خۆیان گەیاندە ئەوروپا. ڕۆژ دوای ڕۆژ هەواڵی کۆچی گەنجان بۆ ئەوڕوپا بە لێشاو بڵاودەبوویەوە. هەموو ئەم ڕووداوانە مەشخەڵی کوڕمیان هاندا کە ئەویش بچێتە ئەوڕوپا.
باوکی ئەوەندەی پێی گوت کاکە ژنت بۆ دەهێنین! کاکە چیت دەوێ بۆت دەکەین! بەس تۆ مەڕۆ. کەچی ئەو هەر سووربوو لەسەر ئەوەی کە بڕوات. ئەو شەوەی کە ڕۆشت و جێیهێشتین ئاگری لە هەناوی من و باوکی و براکەی بەردا... قەت لە ژیانم هێندەی ئەو شەوە جەرگم نەسووتاوە. ئیدی مەشخەڵ لێرە لەگەڵ قاچاغچییەک ڕێککەوت بە ناوی «مەلۆی ئارام» و چوویە تورکیا. ئێمە ژمارەی قاچاغچییەکەشمان وەرگرت بۆ ئەوەی گەر مەشخەڵ دەنگی نەما پێوەندی بە ئەوەوە بکەین. ئەو شەوەی مەشخەڵ چوویە نێو دەریای ڕەش بە ئێمەی نەگوت، نەکا دڵمان لای بێت. ١٦ی٣ی٢٠١٧ بوو زۆر چاک بیرمە! نامەیەکی دەنگی بۆ براکەی نارد و ئیدی دەنگی نەما.»
دوای وشەی زۆر بە قورسی هاتە سەر زمان و بە چاوی پڕ فرمێسکەوە بەردەوام بوو:
«دوای ئەوەی بۆ بەیانی «مەم»ی برای نامەکەی مەشخەڵی بینی، ئەوەندەی پێوەندی پێوەکرد مۆبایلەکەی مەشخەڵ داخرابوو. پێوەندیمان بە قاچاغچییەکەیان کرد گوتی ڕۆشتوون بەڵام هیچ

بەڵگەیەک نەبوو. دواتر گوتی بەلەمەکەیان نووقم بووە. خەریک بوو شێت ببین بەڵام لە گەڕان و پرسیاری خۆمان نەوەستاین. پرسیارمان کرد، گوتیان لەو بەلەمەی مەشخەڵ ٤٠ کەس مردوون و چەند کەسێک ڕزگاریان بووە. ئیدی هەریەکە و قسەیەکی دەکرد. یەک دەیگوت تەرمەکەی هاتۆتەوە، یەک دەیگوت قرش خواردوویەتی، دەیگوت شەپۆل بردوویەتی! یەک دەیگوت نا! لەو چەند کەسەی ڕزگاریان بووە یەکیان مەشخەڵ بووە ئەگینا بۆ هیچ نەبێت تەرمەکەی دیار نییە؟ هەواڵی قاچاغچییەکەمان پرسی گوتیان گیراوە. قسەمان لەگەڵی هاوڕێیەکی کرد، گوتی لەبەر مەشخەڵ گیراوە، مەشخەڵ ڕۆشتووە و دەربازی بووە. بەڵام هیچ بەڵگەیەک نەبوو.

دوای ئەوەی چیتر نەمانتوانی نە لەگەڵ قاچاغچییەکە و نە لەگەڵ هاوڕێکەی قسە بکەینەوە. براکەی چوویە تورکیا، هیچی دەست نەکەوت. کچەکەم لەگەڵ مێردەکەی چوونە یۆنان، لە زیندانەکانی گەڕان. بەڵام نە مەشخەڵێکی زیندوو و نە مەشخەڵێکی مردوو هیچی نەبوو. ئیدی لە دوای ئەو ڕۆژانەوە ژیان لە ئێمە تاڵ بوو، خۆشیمان لێ بڕا! لەو بەلەمەی مەشخەڵی تێدابوو هەم مردوو هەبوو و هەمیش دەرباز بوو. بەڵام مەشخەڵی کوڕی نازداری من تاقە کەسێک بوو تاکوو ئێستاش بێسەروشوێنە. چەند مانگێک دوای ونبوونی مەشخەڵ، باوکی مەشخەڵ کۆچی دوای کرد.

ئەم هەموو خەمە، کەسێکی لە ڕادەبەدەر خۆڕاگری دەویست، بەرگەی بگرێت! ساڵێک بەسەر ونبوونی مەشخەڵ تێنەپەڕیبوو. «مەم»ی براشی کۆچی دوایی کرد. تەنها من ماومەتەوە بۆ خەم. مانەوەکەشم تەنها بۆ ئەوەندەیە، بزانم مەشخەڵی کوڕم

لـە ژیـان مـاوە یـان لـەو دنیـا لـەلای بـاوک و براکەیەتـی. ئەگـەر ئـەوەم بـۆ یەکلایـی دەبوویـەوە، ئیـتر منیـش وەک ئـەوان کـە ڕۆشـتن، ئەڕۆشـتم...»

دوایـن ڕسـتەی گـوت و دەسـتی بـە چاوەکانیـەوە گـرت و بـە کـوڵ گریـا... نـە تـۆ و نـە ئیـوەی ئاگـر نەتانویسـت ڕێگـە لـە گریانەکـەی بگـرن... چـون ئـەوە گریانـە ناخـی مـرۆڤ لـە حـەسرەت و خـەم پـاک دەکاتـەوە. مـرۆڤ کـە لە گریـان دەبێتـەوە وا هەسـت دەکات بارێکی قورسـی داگرتـووە. سـووکنایی دڵـی دێـت و خـەم و ناڕەحەتیەکانـی کـەم دەبنـەوە. لێتـان گـەڕا بگـری... بـۆ ئـەوەی بـۆ چەنـد سـاتێکی کەمیـش بێـت قورسـایی خەمـی دڵـی لەسـەر سـووک بێـت...

**ئەودیو مەرگی خەونەکان**

**٢ و ٢٥ی بەیانی**

**تورکیا**

**سڵاو برا...**

سـڵاوم بگەیەنـە بـە ئەوانـی تـر... کەمێکـی تـر بـەڕی دەکەویـن بـۆ نزیکـی دەریـای ڕەش... بڕیـارە بەلەمەکـەی ئێمـە و بەلەمێکـی تـر، بـە زیاتـر لـە نـەوەد کەسـەوە... بچێتـە نـاو دەریـای ڕەشـەوە... ئـەم قاچاغچییـە ئـەمـەک حەرامـە بەڵێنـیّ یەختێکـی شـیاوی پێدابوویـن. بـەڵام دەڵێـن ئـەوەی ئێسـتا هێناویانـە بەلەمێکـی شـڕی ڕاوەماسـییە و ژەمێکـی زۆر سـووکە بـۆ ئـەم دێـوە شـینە فراوانـەی بڕیـار وایـە بـە نێویـدا تێپەڕبیـن... زیاتـر لـە دە خێزانـی کوردمـان لەگەڵـە... لەگـەڵ دوو خێزانـی عـەرەب و ژن و مێردێکـی ئەفغانـی... هەموویـان کەسـانی باشـن... بـەڵام بەلەمەکـە بـاش نییـە، نـا بـاش نییـە... دەمەوێـت پەشـیمان ببمـەوە و نەچـم... بـەڵام ناکـریّ... ئێسـتاش

ناچـارم، لەگەڵیـان بـڕۆم ئەگەرنـا بەزەبـری هەڕەشـە و چەقـۆ دەمبـەن... ببـورن کـە ئـاگادارم نەکردنـەوە... دەمێکـە بـەرواری بەڕێکەوتنـم دەزانـی بـەڵام... نەمویسـت، نـا... نەمویسـت دڵتـان نارەحـەت بکـەم... وا بانگـم دەکـەن، حـەزم دەکـرد نامـە دەنگیەکـەم درێژتـر بێـت... کـە گەیشـتمە یۆنـان. ئەگـەر توانیـم و بـۆم هەڵکەوت نامـەی دەنگـی ترتـان بـۆ دەنێـرم... خەمـی منتـان نەبێـت... زۆرم خۆشـدەوێن باشـە، خۆشـم دەوێـن دایـە، بابـە، برا، خوشـکێ... -باشـە کاکـە واهاتـم چ هاتوهاوارتـە- بانگـم دەکـەن دەڕۆم... خـوا یارتـان بیـت... خـوا یارتـان بێـت...

***

**٩ و ٣٠ی بەیانی**

**کوردستان**

**بەپەلە...**

بـە داخ و خەمێکـی قوڵـەوە دیسـانەوە هەواڵـی مەرگـی ئازیـزان و هاوڵاتیانـی بـەش مەینەتـی نیشـتیمان، دڵـی زۆربەمانـی داخورپانـد! شـەوی ڕابـردوو لـە دەریایـی ڕەش بەلەمێـک ژێـر ئـاو کـەوت و نزیکـەی ٤٠ هاوڵاتـی کۆچبـەر گیانیـان لەدەسـت دا... کـە زۆربەیـان هاوڵاتـی هەرێمـی کوردسـتان بـوون و لـە ئەنجامـی ئـەم بارووداۆخـە نادیـار و پـڕ تەنگەژاوانـەوە، کوردسـتانیان جێهێشـت. بـە خەونـی ئـەوەی بگەنـە وڵاتێکـی ئـارام و دادپـەروەر. بـەڵام بەداخـەوە لـە دەریـادا خنـکان و خەونەکانیـان لەگـەڵ خۆیانـدا مـرد...

# ١٣

ئیبـۆی ئاگـر بـە هەیەجانـەوە بـەرەو ڕووت هـات. ڕاسـتەوخۆ زانیـت هەواڵێکـی باشـی پێیـە...

- هەڵدێر دۆزیمەوە... دۆزیمەوە...

- بە ڕاستتە! چۆن؟

- لـە ڕێگـەی تـۆڕی کۆمەڵایەتییـەوە، ئەهـا هـەر دەتگـوت سـوودی نییـە، ئـەوەش سـوودەکەی. لەوێـوە قسـەم لەگـەڵ ڕۆژنامەنووسـێکی کـورد کـرد. خەڵکـی ئەسـینایە. سـەرجەم قاچاغچیـەکان دەناسـێت. گوتـم زانیاریـمان دەوێـت لەبـارەی قاچاغچییـەک نـاوی مەلـۆی ئارامـە. گوتـی ئـەوە چەنـدان ساڵە وازی لـە قاچاغچییەتـی هێنـاوە. پـاش ئـەوەی وازی هێنـاوە چۆتـەوە پـردێ. ماڵـی خـۆی پێشـتر لـە پـردێ بـوو جـا چۆتـەوە ماڵەکـەی خـۆی یـان نـا. ئەوەیانـی نازانـم.

کتوپڕ ئیبۆی ئاگر ڕوخساری گۆڕاو گوتی:

- بەڵام...

- بەڵام چی؟

- ئـەو ڕۆژنامەنووسـە گوتـی لەوانەشـە لـەوێ نەمابێـت یاخـود هـەر ژیانـدا نەمابێـت چونکـە دوو سـاڵە هیـچ هەواڵێکـی نییـە. تەنهـا ئەوەنـدە دەزانـن دوای وازهێنانـی چۆتـەوە پـردێ. جـا ئێسـتا لـەوێ مـاوە یـان نـا، کـەس نازانـێ.

- کێشـە نییـە دەچینـە پـردێ، بەڵکـو بیدۆزینـەوە... ئەمـڕۆ سـێ

شـەممە... پێنـج شـەممە وانەمـان لـە زانکـۆ کەمـە. دوای زانکـۆ ڕاسـتەوخۆ دەچینـە تێرمینـاڵ و بـەڕێ دەکەویـن... بـەڵام بۆسـتە بزانـم وەسـتا فەرمـان مۆڵەتـم دەدا.

دوای چەنـد جارێـک پێوەنـدی، وەسـتا فـەرە وەڵامـی پێوەندییەکەتـی دایەوە...

- سڵاو باشیت وەستا فەرمان؟

بەکزی و بە بێحەوسەڵەییەوە وەڵامی دایتەوە:

- سەرچاوان هەڵدێر ئەتۆ باشی؟

- سـوپاس وەسـتا، ویسـتم پێـت بڵێـم ئـەم پێنجشـەممەیە بەنیازیـن بـۆ کارێکـی گرینـگ لەگـەڵ هاوڕێیـەک بچینـە پـردێ... جـا گوتـم بزانـم مۆڵەتـم دەدەن و ئـەو ڕۆژە پێتـان دەکرێـت بـە تەنیـا کار بکـەن؟

- هەڵدێـر هـەر خـۆم بەنیـاز بـوو پێـت بڵێـم ئـەم چەنـد ڕۆژە کار ناکەیـن. نەمتوانـی ئـەو کرێیـەی خـاوەن موڵکەکـە داینابـوو دابینـی بکـەم. ئەویـش هـات و دوکانەکـەی داخسـت. دەگەڕێـم بزانـم لێـرە و لـەوێ شـتێک پەیـا ناکـەم... ئەگەریـش نـا، هیـچ...

ئـەم هەواڵـە بـۆ تـۆ ناخـۆش بـوو، نـەک ناخـۆش کارەسـات بـوو! وەلـێ بەهـۆی ئـەوەی بیـرت بـە ڕووداوی مەشـخەڵ و مەلـۆی ئارامـەوە مژوڵبـوو زۆر گرینگیـت پێـی نـەدا.

- بەڕاسـتتە وەسـتا!؟ زۆر بەداخـەوەم... دەی بێئومێـد مەبـە... دەتوانـی چـارەی بکـەی دڵنیـام...

- زۆر ئەستەمە هەڵدێر، زۆر...

# ئەرسی
# چارەگی سێیەم

پێش ئەوەی بەرکەوتەی لەگەڵ ئەوینی من هەبێت، مرۆڤێکی ئاسایی بوو، ئەرسی! بێفیز و سادە... دوای ئەوەی خۆشەویستی و ئەوینی خۆم، گەیاندە دڵی! فڕی بە ئاسماندا... خووڕەوشتی زۆرینەی مەردوومی ئەم سەردەمە وایە، لە بڕی پێزانینی بە خۆشەویستی و قوربانیدانت بۆی، خۆپەرستی دەنوێنێ و وای دادەنێت کە بوونیشت هەر نییە!

دوو ساڵ بەسەر ئەوکاتەدا تێپەڕی، کە من و ئەرسی پەیمانی خۆشەویستیمان بە یەکتریدا... لە دوای ساڵی یەکەمی خۆشەویستیمانەوە، هیدی ڕۆژ دوای ڕۆژ، گۆڕان و ساردی ئەرسی زیادی دەکرد و ڕۆژ دوای ڕۆژیش خەمی دڵی من چەکەرەی دەکرد... من هەرچەند ستایشی ئەرسیم دەکرد، قوربانیم بۆی دەدا... ئەو هێندە لەگەڵ مندا سارد دەبوویەوە! وای ساردی چ ئازارێکە بۆ دڵی ئاشق! بە ئاشق بێت دولبەرەکەی بێت و چەقۆیەک بەنێو هەناوی دا بکات، دوای ئەوە بێت و مشتێک خوێ بەسەر شوێن برینەکەیدا بکات، تەنها و تەنها ساردی نەنوێنێت... ئێستاش تێنەگەیشتم ئەرسییەک کە لە ڕابردوودا هەزاران بەڵێن و هەزارن خەیاڵی لەگەڵ مندا چاند، لە پڕێکدا بۆچی گۆڕا؟ ئاخر هەر باسەکە باسی بێوەفایی کوڕ و

ستەمکردنە لە کچ! کەچی ئێستا کوڕێکە ستەمی لێدەکرێ و کچە خەریکی بێوەفاییە... ئەم چیرۆکەی من هەر لەسەرەتاوە، بە لاری هاتووە...

ئەرسی وەک چاوشارکێیەکی مناڵانە خەریکی یاریکردن بوو لەگەڵم... لە پڕێکدا ون دەبوو و ناوە ناوە بەدیار دەکەوتەوە... کە دەهاتەوەش گلەیم لێی دەکرد، لە هۆکاری دیارنەبوونیم دەپرسی... هەزار و یەک بیانووی دەهێنایەوە، تا وایدەکرد کار دەگەشتە شوێنێک کە من دەبووایە داوای لێبووردنی لێبکەم تا ئەو دڵی نەڕەنجێت، ئاخر دڵی ئەو بۆ من زۆر گرینگ بوو... کار گەیشتە ئەوەی، چیتر دیدارێکمان نەبوو... بە مانگ پەیامێکی بۆ نەدەناردم... کە پەیامیشی دەنارد سارد و سڕ... لام گرینگ نەبوو ئەرسی پەیامی بۆ دەناردم یان نا، لەلام دەبوو یان نا! چونکە بوونی ئەو هەمووەدەم، لەبیر و خەیاڵی مندا خولی دەخواردەوە... ئەوەی بۆ من خەمێکی گەورەبوو، ساردی ئەرسی و ترسان بوو لە لەدەستدانی... شەوانم لە بێئۆقرەیدا بەڕێ کرد، دایم دڵ گوشرا و لالووت... پێڵوی چاویش بۆ ساتێک وشکی بەخۆیەوە نەدەدی! من بووم بە مرۆڤێکی غەمگین، مرۆڤێک بێحەوسەڵە و بێتاقەت لە ژیان... فەرامۆشکردنم لەلایەن ئەرسییەوە دڵی وێران وێران کردم...

لە دووری ئەرسیدا هەموو شتێک بۆمن ناشرین و پڕ ئازاربوو... تا کە شتێک بەرەو جوانی دەڕۆیشت، دەقی نووسینەکانم بوو. کە هەر کەسێک دەقێکی بڵاوکراوەمی بخوێندبایەوە، دەیزانی چ ئازارێک لە پشت ئەو دەقانەوە هەن... وەلێ ئەوکاتە وەک جاران دڵم بەلای ئەوەوە نەبوو، دەقێکی جوان بنووسم، ستایش بکرێم. تەنها و تەنها ئەوەی لە بیر و مێشکی مندا دەهات و

دەچوو، ئەرسی و چۆنیەتی گەیشتن بوو بە ئیشقەکەی... کاتێک ئاشق دەبیت، نەبوونی دولبەر، ساردی دولبەر، هەست نەکردن بە خۆشەویستی دولبەر. خەمی لە دەستدان و پەرۆشیت بۆ گەیشتن بە دولبەر و ......... و .........! هەمووی دەبێتە ئازارێک و دەلکێن بەدڵتەوە... بەڵێ، ئێستا ئەگەر لە منیش بپرسن سەخترین ئازار چ ئازارێکە، وەک برینپێچەکە بێچەند و چوون دەڵێم: «ئازاری ئیشق!»

## ١٤

وتاربێژەکە بە دەنگێکی گڕ و پڕ وزەوە دەبێژێت:
«ئیشـق و خۆشەویسـتی، ئاوێکـی سـازگارە و ڕۆح تێیـدا تینوویێتـی خـۆی دەشـکێنێت! خۆشەویسـتی هەوێنـە بـۆ دروسـتکردنی کەسـی ئـازا. چونکـە لـە ئیشـقدا قوربانیـدان و ئـازار و نارەحەتـی زۆر هەیـە و کەسـی ئاشـق دەیچێژێـت، ئەمـەش هۆکارێکـە بـۆ دروسـتبوونی مرۆڤـی ئـازا. ئیشـق و خۆشەویسـتی هۆکارێکـە بـۆ دۆزینـەوەی نیوەکـی تـری خـود، مـرۆڤ تـا ئـەو نیوەیـە نەدۆزێتـەوە، هەرگیـز و هەرگیـز نـاگات بـە بەختـەوەری تەواوەتـی. لـە ئیشـقدا ئـەوەی گرنگـە، بەختـەوەری ئەوکەسـەیە کـە خۆشـماندەوێت نـەک شـتێکی تـر.

ئاشـق لـە دووری یارەکـەی ڕاسـتە بێئۆقرەیـە، دڵ گـوشراوە. بـەڵام تەنهـا ئەوەنـدەی بزانێـت کـە یارەکـەی بەختـەوەرە و دوور لـە کێشـەیە ئیـدی تـەواو، ئـارام دەبێـت. خاڵێکـی زۆرگرنگـی خۆشەویسـتی ئەوەیـە، کـە کەسـەکان دەکات بـە داهێنـەر! وەرن مێـژوو بخوێننـەوە. چەنـدان شـاعیر لـە ڕێگـەی ئیشـق و ئەوینـەوە، بـوون بـە شـاعیر و هەسـتی جوانـی خۆیـان تێکـەڵ بـە شـیعرەکانیان کـردووە.

چەنـدان چیرۆکنـووس و ڕۆماننـووس، لـە ڕێگەیـی ئەوینـەوە، خەیاڵیـان دوور دەڕوا و جوانتریـن دەنووسـن... بـە داخێکـی زۆرەوە،

ئـاخ هەڵدەکێشـم و دەڵێـم ئەفسـووس! ئەفسـووس بـۆ ئـەو سـەردەمەی ئێسـتا، ئەوینێکـی دوو لایەنـەی پـاک، بـە دەگمـەن نەبێـت نادۆزیتـەوە. کـوڕە ئاگـری ئیشـق هەنـاوی دەسـووتێنێت و کچـەش بێبـاک.. کچـە بـە پاکـی خۆشـیدەوێت و کـوڕەش بـۆ حـەزە کاتییەکانـی. ناشرینییـەک لێـرە و یـەک لـەوێ، لـە ئەنجامـدا نـاوی خۆشەویسـتی بـەد دەبێـت.

خۆشەویسـتییەک تـا ئەبـەد دەمێنێتـەوە، خۆشەویسـتییە لـە ڕۆحـەوە، بـەڵام چـۆن؟ بـە چ مەرجێـک؟ بـەو مەرجـەی هـەردوو لایـەن بەهەمـان ئاسـتی یەکـدی، لـە نـاخ و دڵ و ڕۆحیانـەوە بـۆ یـەک بسـووتێن و قوربانـی لـە ئێسـتای خۆیـان بـدەن بـۆ داهاتوویەکی بەختەوەرانـە. بـەڵام دووبـارە دەڵێـم ئەفسـووس، ئـەوەی ئێسـتا هەیـە، خۆشەویسـتییەکی بێڕۆحـە...»

وتاربێژەکـە لـە وتارەکـەی خـۆی دەبێتـەوە و بیـری تـۆش دوور دەڕوات... خۆشەویسـتی تـۆ بـۆ ئەرسـی خۆشەویسـتیەک بـوو لـە ڕۆحـەوە؟ بەڵـێ! چـۆن؟ چـون تـۆ قبوڵـی هەمـوو ئازارێکـت کـرد و ڕۆح و بوونـی ئـەوت خۆشدەویسـت... دەزانـم ئێسـتا لێتبپرسـن بـۆ چ هۆکارێـک ئـەوت خۆشدەویسـت! هـەزار و یـەک ڕۆژ بیـر بکەیتـەوە ناگەیـت بـە هۆکارێـک... دەزانـی بـۆ؟ چـون تـۆ بێهیـچ هۆیـەک ئەرسـی و خۆشەویسـتی ئەرسـیت خسـتە نێـو ڕۆح و ژیانتـەوە... جارێـک بیـرت لـەوە نەکردووەتـەوە؛ ڕووخسـاری جوانـە؟ .......... ئاوایـە؟ .......... ئاوایـە؟ نـا چـون تـۆ ئـەوت لـە ڕۆحـەوە خۆشدەویسـت... چەنـدان مانـگ لێـت دوور بـووە، هەواڵیـت نەزانیـوە، کەچـی گەردیلەیـەک لـە ئەوینـی تـۆ بـۆ ئەرسـی کەمـی نەکـرد! دەزانـی بـۆ؟ چـون تـۆ لـە ڕۆحـەوە ئاشـقی ئـەو بوویـت... خۆشەویسـتی ئەرسـی بـۆ تـۆ لـە ڕۆحـەوە بـوو؟ نازانیـت؟ بـا مـن

پێـت بڵێـم... ئێسـتاش دڵنیانیـت کـە ئـەو تـۆی خۆشدەویسـت یـان نـا، چـون جگـە لـەوەی بـە وشـە و بـە قسـە دەیگـوت کـە خۆشـی دەوێیـت... شـتێکی تـرت لێـی نـەدی سـەلمێنەری ئـەوە بێـت کـە تۆی دەوێـت... جگـە لـەوەی بـە وشـە و بـە قسـەی پێـی دەگوتـی خۆشـم دەوێیـت، کردارەکانـی سـەرجەم ئـازار بـوون بـۆت... لـە خۆشـیدا لەگەڵـت بـوو... لـە ناخۆشـیدا جێیهێشـتیت... تـۆ پشـتت لـە هەمـوو دونیـا کـرد بـۆ ئـەو... کـە چـی ئـەو پشـتی لـە تـۆ کـرد لـە پێنـاو قسـەی کەسـانێک کـە بـە چارەگـی تـۆ خۆشـی ئەویـان نەویسـتووە... دەزانـی بـۆ؟ نازانیـت؟ بـا مـن پێـت بڵێـم چـون خۆشەویسـتی ئـەو لـە ڕۆحـەوە نەبـوو...

دوای ئـەو هەمـوو ئـازارەش تاکـوو ئێسـتاش لەسـەر پەیمانـی خـۆت ماویـت و هـەر کـە بـوار ڕەخسـا دەچیتـە داوای و کاتژمێرەکانـی کامەرانیـت دەسـتپێدەکات... وەلـێ خەمێکـی گـەورە دڵـی داگیرکـردووی! دەبێـت تـا ئەوکاتـەی بـۆ تـۆ دەڕەخسـێ بچیتـە داوای؛ کەسـێکی تـر نەیـەت و لێتـی بدزێـت؟ کەسـانێک هەبـوون، بەجەسـتە؛ ئەرسـیان لێـت دوورخسـتەوە! وەلـێ ئـەوان نەیانتوانـی بوونـی ئەرسـی لـە دڵـی تـۆ جیابکەنـەوە! تـۆ لـەلای ئـەوان مینـا جەلادێـک بوویـت... تاوانباربـووی بـە تاوانـی دزینـی دڵـی ئەرسـی... ئـەوە لەسـەر دڵـت بووەتـە گـرێ، بووەتـە مۆتەکـە... ئاخـۆ دەبێـت کەسـێکی تـر بێـت و ئەرسـی لـە دڵـت بدزێـت؟ کەسـێک بێـت و ناچـارت بـکات ئەرسـی لـە دڵـت فـڕێ بدەیتـە دەرەوە؟ وای هەڵدێـر وای چ مۆتەکەیەکـە!

خەمێـک هەیـە، چەنـد ڕۆژێکـە وەڕەزی کردوویـت... چەنـد ڕۆژێکـە گـەدەت نـاوە دەکزێتـەوە. هەسـتدەکەی ئـەم ئـازارە هیخـۆت نییـە و هـی ئەرسـییە! دڵـت قـورس دەبێـت! ئاخـۆ دەبێـت تاکـوو ئێسـتاش ئەرسـی، بـە دەم ئـازاری گەدەیـەوە، بناڵێنێـت؟

## ئەودیو نەخۆشێکی بێدەرد

ئـەو شـەوەی هەسـتم کـرد تـۆ بـەدەم ئـازاری گەدەتـەوە دەناڵێنـی؛ خەریـک بـوو چەشـنی مۆمێک، بـەدەم ئاگـری ویژدانـەوە دەتوامەوە. ئـەو شـەوە بـۆ سـاتێکیش خـەو نەچـووە چاوانـم. لـە سـاتێکدا ئـەو ڕسـتەیەی تـۆم بیرکەوتـەوە کـە لـە پێشـدا پێتگوتبـووم «دەزانـی هەڵدێـری مـن؟ لەگـەڵ تـۆدا ئازاریـش خۆشـییە بـۆم!» سەرزەنشـتی خـۆم کـرد کـە بیـرم چـوو یـان نەمتوانیبـوو پێتبڵێـم: «نـزا دەکـەم، هەرچـی ئـازاری تۆیـە، خەڵاتـی مـن بێـت!»

پێویسـت بـوو بێـم! هەرچەنـدە کاتژمێـر دوو و سـی وحـەوت خولەکـی شـەوە... هەرچەنـدە شـار بێدەنـگ و کـۆڵان نوسـتووە... کەچـی مـن وەک ئاشـقێکی بێـدار، پێویسـت بـوو بێـم... نـەک هاتنێـک؛ پێویسـت بـکا، لـە شـوێنی تـۆ هەرچـی ئـازار هەیـە دەیچێـژم... کوێرانـە لـە نیوەی شـەودا کـۆڵان بـە کـۆڵان تەیدەکـەم. دەگەمـە کۆڵانـە فـراوان و گەورەکـەی ئێـوە، خـۆم دەخەزێنمـە نێـو باخچـە بچووکەکـەی ماڵـی دراوسـێکەتان. لـە نێـو باخچەکـەدا بـۆ وردیلـە بەردێـک دەگەڕێـم، بیگرمـە پەنجـەرە داخراوەکـەی ئـەو ژوورەی کـە بڕیـارە ژووری تـۆ بێـت. ئـەو ژوورەی پێویسـتە منـی لـێ بـم و لێـی نیـم، پێویسـتە لێـی بـم و بـە دوو وشـەی شـیرین ئـازاری گـەدەت لـە بیربەرمـەوە و لێـی نیـم!

بەردێـک و دووانـم لـە پەنجەرەکـەت گـرت و دەنگـت نەبـوو!

لەلایـەک ئاشـقێکی شـێتم و لایـەک ترسـنۆکێکی تۆقیـوو... ترسـی ئـەوەی یەکێـک پەنجەرەکـەت بکاتـەوە کـە خـۆت نیـت! ترسـی ئـەوەی مامـە ماندووەکـەی هاوسـێتان، بـەو درەنگانـی شـەوە بـۆ کار هەڵبسـتێت و کوڕێـک لـە بـەردەم ماڵـی ئێـوە ببینـێ و ڕاوی بنێـت! ئـەوە جگـە لـە ترسـی دەنگـی حەپـە حەپـی سـەگەکانی کۆڵانەکەتـان... تـەواو تۆقیـووم!
منێـک کـە بەڵێنـم پێدابـوو، سـاڵێکی کـە لـە تەنیشـت تـۆوە، گـۆرانـی بچـڕم و وشـە وەک چەپکێـک بچنـم و وەک دیلێکـی چاوەکانـت پێشکەشـتی بکـەم. نەدەبـوو بـە درێژایـی ئەوسـاڵە دەستەوەسـتان دابنیشـم و هەسـتی ئـەوەی تـۆ ئازارێکـت هەیـە ڕۆحـم بخـوا... دوای ئـەوەی تـۆ نەهاتـی و مـن بێئومێدانـە گەڕامـەوە و لـە ڕێـی گەڕانـەوەدا بیـرم کـردەوە... پێویسـتە کارێـک بکـەم! بـە زووتریـن کات پێویسـتە کارێـک بکـەم، هـەم ویژدانـم ئاسـوودە بکـەم و هـەم ئـەم ئـازارە لـە کـۆڵ تـۆ بکەمـەوە... کـە کاتژمێـر بـووە حـەوت وپێنـج خولەکـی بەیانـی، خێـرا جلێکـم لەبەرکـرد، چ جلێـک بـوو نازانـم! گرینـگ شـیاو بـوو پێـی بچمـەدەرەوە. پێـش ئـەوەی پاسـی گواسـتنەوەی شـار جێـم بهێڵێـت بـە ڕاککـردن خـۆم پێـی گەیانـد. پەنجـا مەترێـک لـە دووری کۆڵانـی پزیشـکانەوە هاتمـە خـوارەوە... لـە کۆڵانـی پزیشـکانم، نەخـۆش نیـم و هـەزار و یـەک دەردم هەیـە... یـەک بـە یەکـی تابلۆکانـی بـەردەم باڵەخانـەکان دەخوێنمـەوە... تێنووسـە بچکۆڵانەکـەم دەردەهێنـم و ناونیشـانی دوو دکتـۆری چارەسـەری گـەدە تۆمـار دەکـەم... بەڵێـن دەدەم، تـا سـاڵێکی تـر کـە بـە تـۆ دەگـەم، هەمـوو ڕۆژانـی هەینـی بـە کۆڵێـک خەمـەوە بێـم و هـەر ڕۆژێکیـش نـاوی دوو دکتـۆری چارەسـەری گـەدە بنووسـم... تـا ئـەو کاتـەی تـۆ هاتـی ڕاسـتەوخۆ بـە ئاسـانی چارەسـەری ئـازاری

گـەدەت بـۆ بدۆزمـەوە...
ئاخـر گـەر تـۆ بـەدەم ئـازاری گەدەتـەوە بناڵێنیـت! دواتـر مـن بەدەم ئـازاری ڕۆحکێشـانەوە دەناڵم...

١٥

لەگـەڵ ئیبـۆ بەڕێـوەن بـۆ پـردێ... شـارۆچکەی پـردێ نزیکـەی پەنجا وپێنـج کیلۆمەتـر لـە ناوەڕاسـتی شـارەکەی ئێـوەوە دوورە... ناویـان لـە پـردێ نـاوە پـردی ئاڵتوونـی... چـون هـەردوو شـاری پایەتەخـت و شـاری کەرکـووک بەیەکـەوە دەبەسـتێتەوە... شـارۆچکەیەکە خـاوەن جوانییەکـی سروشـتییە! نزیکـەی پەنجـا خولەکتـان پێچوو تا گەیشـتنە ناوەڕاسـتی شـارۆچکەکە... پـردێ لـە دوای شـانزەی ئۆکتۆبـەرەوە لـە دەسـتی کـورددا نەمـا و ئێسـتا سـوپای بێگانـەی تیدایـە... هـەر کـە گەیشـتیتە نـاو پردێـش هەسـتت بـەوە کـرد... پێشـووتر هاتبوویتـە پـردێ؛ ئـەو کاتـەی کـوردەکان لێرەبـوون، پـردێ ئارامییەکـی تایبەتـی هەبـوو... وەلـێ ئێسـتا بەبوونـی سـوپای بێگانـە هەسـت بـە نامۆیـی شـارۆچکەکە دەکەیـت...
بـە ئۆتۆمبێلەکـە بەسـەر پردێکـدا ڕەتدەبـن... لـە ئەودیـو جامـی ئۆتۆمبێلەکـەوە، ژێـر پردەکـە دەبینـی... لـەوە دەچێـت، لـە پێشـوودا ڕووبارێـک بـوو بێـت! یـا سـەرچاوەیەکی ئـاوی پێـدا تێپەڕیـەوە. بـەڵام ئێسـتا، جێگـە جێگـە بووەتـە شـوێنی گۆمـاوی مەنـگ و پـڕ لـە پیسـی... لەبـەر خۆتـەوە دەڵێیـت: «ژیانـی مرۆڤیـش هـەر وایـە، ئەگـەر لەگـەڵ ژیانـدا بڕۆیـن و نەوەسـتین و گـوێ بـە خەمەکانـی نەدەیـن، ژیانمـان بـە باشـی و بـە بێخـەم و بـە خاوێنـی دەمێنـێ... لـێ ئەگـەر بەهـۆی خەمێـک یـا ناخۆشـییەکی ژیانـەوە بوەسـتین، ژیانمـان بەهـۆی خەمـەوە، وەک ئـەو گۆمانـە؛ مەنـگ و پـڕ لـە پیسـی دەبێـت!» دوای ئـەوەی لـە ئۆتۆمبێلـی گواسـتنەوەکە دابەزیـن،

نەتانزانـی لـە کوێـوە دەسـتپێبکەن... هـەم بـاش شـارەزانین و هەمیش نازانـن ماڵـی مەلـۆی ئـارام دەکەوێتـە کام لایـەوە... لـە ناوەڕاسـتی بـازاڕدا لەگـەڵ ئیبـۆی ئاگـر وەسـتابوون و سـەیری یەکتریتـان دەکرد... لـە پـڕ توێتەیەکـی کۆنـی ڕەنـگ شـین هاتـە نزیکتانـەوە وەسـتا... مامەیەکـی ڕیـش سـپی نورانـی بـە خـۆ و بـە جەمەدانییەکـی ڕەنـگ زەردەوە... لـە جامـی توێتەکەیـەوە سـڵاوی لێکـردن:

- چـۆنـن گەنجینـە؟ دەڵێـی خەڵکـی ئێـرە نیـن، بـۆ ئێـوەم پێشـووتر نەبینیـوە؟

- سـوپاس مامـە گیـان! ئـەوەی ڕاسـتی بێـت خەڵکـی ئێـرە نیـن و بـە دوای ماڵێکـدا دەگەڕێیـن.

مامــەی ڕیــش ســپی کــە زانــی خەڵکــی ئــەوێ نیــن، هێنــدەی تــر ڕێــزی لێنــان و پێــی گوتــن:

- خەڵکـی ئێـرە نیـن و بـۆ ماڵێـک ئەگەڕێـن؟ وەرن دەی! وەرن ماڵـی کێتـان بووێـت ئەتانبـەم وەرن.

- ئاخر مامە گیان نابێت بە ئەرک بۆت؟

- کـوڕە وەرن سـەرکەون تـا بۆتـان نەهاتـووم دەی، ئـەوە قسـەیە ئەیکـەن! تـازە تـا نانـی ئێـوارە نەخـۆن هـەر ڕێگەتـان نـادەم بـڕۆن. لەگـەڵ ئیبـۆی ئاگـردا سـەرکەوتنە سـەر توێتـە شـڕەکەی پیـاوی ڕیـش سـپی و دووبـارە سـڵاوتان کـردەوە:

- ئـەک بەخێـر بێـن... بەخـوا کـە ئێـوە ئەبینـم ڕاسـتەوخۆ گەنـج ئەبمـەوە... بـەس تـۆ تـۆ، کـوا پێـم بڵـێ ئـەو ڕیشـە چییـە، هـا؟ پرسیارەکەی ڕوو لە تۆ بوو!

- بڵێم چی مامە گیان لام جوانە.

- کـوڕە جوانـی چـی؟ یەکـێ نەزانـێ ئەڵـێ ئـەم کـوڕە حـەوت شـەڕی بینیـووە و دوو ژنـی مـردووە. ئـەوە چییـە ئـەو خەمـە بـە ڕووتـەوە؟

نـەکا ئاشـق بیـت، هـا؟

ئیبۆی ئاگر لە پشتەوە بە پێکەنینەوە گوتی:

- بەخـوا مامـە گیـان لەوانەشـە! هـەر بۆیـە بەهـۆی ئیشـقەکەیەوە بووەتـە نووسـەریش.

مامەی پیر قاقای پێکەنینی هات و گوتی:

- هەهەهەهـە! کـوڕە ئاشـق و شـت نەبـن، هـا! ئاشـق بـوون جگە لە تەسـککردنەوەی داهاتـوو، شـتێکی تـر نییـە... کـوڕە ئـەو تەمەنـەی ئێـوە دەرفەتـە، هـا! کەڵکـی لێوەربگـرن... دەی ئێسـتا ماڵـی کێتـان ئەوێـت بـا بتانبـەم؟

ئیبۆی ئاگر گوتی:

- مەلۆی ئارام!

تۆش بەردەوام بوویت:

- پێشـتر قاچاغچـی بـووە... سـەرەتا ماڵیـان لـە پـردێ بـووە، دواتـر چۆتـە تورکیـا و یۆنـان... گوایـە چەنـد سـاڵێک بـەر لـە ئێسـتا دووبـارە هاتۆتـەوە پـردێ!

- ئۆهـۆو مەلـۆی ئـارام! ئـەو کـوڕەی باوکـی بـە کارەبـا مـرد. منیش ئـاگادارم کـە چوویـە تورکیـا. بەڵـێ دوای مردنـی دایـک و باوکـی چـووە تورکیـا. بـەڵام هیـچ هەواڵێکـم لـە گەڕانـەوەی ئـەو نییـە. ماڵـی پێشـتریان ئەزانـم بـەڵام هەڵـەم نەکردبێـت، وابزانـم ئێسـتا کەسـی لـێ نـاژی و بووەتـە کەلاوەیـەک. ماڵـی ئـەوان لـە کۆتایـی گەڕەکێکـە، بوەسـتن ئێسـتا ئەتانبـەم.

دوای ماوەیـەک گەیشـتە کۆڵانێکـی تەسـک. زۆربـەی خانووەکانـی نـۆژەن کرابوونـەوە... تاکـە خانووێـک نەبێـت لـە کۆتایـی کۆڵانەکـە بـە کۆنـی مابوویـەوە... بـە پێـی قسـەکانی مامـە پیرەکـە زانیـت؛ ئـەوە ماڵـی مەلـۆی ئارامـە... مامـە پیرەکـە لـە بەرانبـەر خانووەکـە

ڕایگـرت... لـەو کاتـە بانگـی نیوەڕۆیـدا و مامـەی پیـر گوتـی:
- چاوەڕێـم ئەکـردن بـەڵام بانگیـدا ئەبێـت بـڕۆم. دواتـر کـە لێـرە کارتـان تەواوبـوو؛ لـە هـەر کـوێ ویسـتتان بپرسـن بڵێـن حاجـی کێیـە، لـە پـردێ هەمـوو ئەمناسـن و ماڵـی منتـان پـێ پیشـان ئـەدەن. بیرتـان نەچێـت چاوەڕێتانـم، نانەکەشـتان لـە لای مـن ئەخـۆن ئینجـا ئەڕۆنـەوە.
سوپاسـی حاجییـە ڕیـش سـپیەکەتان کـرد و ماڵئاوایتـان لێـی کـرد... ڕووت لـە ئیبـۆ کـرد و گوتـت:
- لەم پیسییەی دونیادا کەسانی وا جوان، چەندە نموونەیین!
هەردووتـان چوونـە نێـو خانووەکـەوە. ئـەو خانـووەی بڕیـار وایـە ماڵـی مەلـۆی ئـارام بێـت. خانووەکـە داڵانێکـی درێـژی هەبـوو... کـە داڵانەکەتـان بـڕی، بـەلای چەپـدا ژوورێکتان بینـی. لە ژوورەکـەدا دوو دانـە قەنەفـەی شـڕ و دڕاو دانرابـوون... لەگـەڵ بەفرگرێکـی بەکەڵـک نەهاتـوو و ئەسـکەمیلێکی جـولاو... ئـەم ژوورە بـە شـێوەیەک شـێواوە، شـایەنی مانـەوەی ئاژەڵیـش نییـە، نـەک هـەر مـرۆڤ... ئـەم ژوورەتـان بـڕی... لـە پێشـەوە هۆڵێکـی گەورەتـان بینـی کـە دوو ژووری بـە تەنیشـت یەکـەوەی تێدابـوو... لـە ژووری لای ڕاسـت پیاوێکتـان بینـی! پیاوێکـی گەنجـی ڕوو شـێواو! قـژ ڕەش، بەبوونـی چەنـدان تاڵـی سـپی. بـە ڕووخسـارێک، پـڕ لـە خـەم. پیاوەکـە لەسـەر سـێ چـوار دۆشـەکی ڕزیـو -کـە بەسـەریەکەوە دانرابـوون- پاڵکەوتبـوو و خەریکـی جگـەرە کێشـان بـوو... بـە بینینـی پیـاوە ڕوو شـێواوەکەوە لـە پڕێکـدا، ترسـان... پێـش ئـەوەی بچیتـە ئـەو ژوورەی کـە پیاوەکـەی لـێ دانیشـتبوو، سـەرێکت بـردە ژوورەکـەی تـر، ژووری لای چـەپ... سـێ ڕەفـەی ئاسـنی ژەنـگ هەڵگرتـوو، بـە دیوارەکەوەیـە... لەسەریشـیانەوە چەنـد کەرەسـتەیەک... بەشـێکیان

بـه کەڵـک، کـە وا دیـارەی بـۆ چێشـتلێنان و خـواردن ئامادەکـردن سـوودیان لـێ وەردەگرێـت... بەشـەکەی تریـش بێکەڵـک، کـە دیار نییـە بـۆ چ هۆکارێـک هەڵیگرتـوون... ئیبـۆ پێـش تـۆ و تـۆش لـە دوای ئـەوەوە دەچنـە ژوورەوە... لەگـەڵ سـەیرکردنی دیـوار و بنمیچـی ژوورەکـە سڵاوتان لـە پیاوەکـە کـرد. پیاوەکـە سـەیرێکی ئێـوەی کـرد و هیچـی نـەوت. لێیـت پرسـی:

- بەڕێزت مەلۆی ئارامی؟

سەیری پێهات و گاڵتەجارانە گوتی:

- هاهاهاهـا! چەنـدە سـەیرە... دوای ماوەیەکـی درێـژ... ئەمـڕۆ یەکێـک بانگـی کـردم... هاهاهـا! خـوا پاداشـتت بداتـەوە... خەریـک بـوو نـاوی خۆمـم بیربچێتـەوە... ئـەرێ، مەلـۆی ئارامـم! بـەڵام ئارامەکـەی جـاران نەمـاوم! هاهاهـا! ئێسـتا بـووم بـە مەلـۆی پەرێشـان...

- هەنـدێ بابـەت هەیـە دەمانەوێـت لەگەڵتـی بـاس بکەیـن... بێگومـان ئەگـەر لـە کار و لـە کاتـت نەکەیـن...

- هاهاهاهـا! مـن هەمـوو کاتێکـم بەتاڵـە... بـۆ کارێـک هەیـە بیکەم؟ تـا تـۆ لـە کارم بکەیـت!

- سـەبارەت بـە «مەشـخەڵ»ە ئـەو کـوڕەی لـە ١٦ی٣ی٢٠١٧ەوە دوای ئـەوەی چوویـە دەریـای ڕەش، لـەو کاتـەوە بێسەروشـوێنە... مەلـۆی ئـارام بـە بیسـتی نـاوی مەشـخەڵ و ڕێکەوتەکـە پەشـۆکا... ڕووی لـە تـۆ کـرد و بـە دوو چـاوی زەقـەوە سـەیری کردیـت و لـە پڕ لـە قاقـای پێکەنینیـدا و بـەردەوام بـوو:

- هاهاهاهـا! ئـەی خوایـە... مەشـخەڵ، ئـا... ئـا! ئـا! مەشـخەڵ... هـەر نەبڕایـەوە، مەشـخەڵ...

ئیبۆی ئاگر پەرۆشانە پرسی:

- زانیاریت لەسەری هەیە وایە؟
- هاهاهاها! بەڵێ، بەڵێ، بێگومان...
- دەکرێ بۆمانی باس بکەیت؟ بابەتەکە گرنگە!
- هاهاهاها! بۆ نا... بەڵێ، بەڵێ بۆ نا...
لە پڕ وەستا و لە ناکاوێک هاواری کرد:
- بەڵامممم!
- بەڵام؟
- دەبێت گوێبیستی سەرلەبەری چیرۆکی ژیانی من بن... هاهاها! تا ئەو کاتەی دەگەینە باسی مەشخەڵ...
هاواری کرد:
- تێگەیشتنننن!
تۆ ئیبۆی ئاگر تووشی دڵەڕاوکێیەکی سەیر هاتبوون و بەیەکەوە گوتتان:
- بەڵێ! بەڵێ بێگومان...
- هاهاهاها! باشە... لێرە هاودەمێک نییە بۆ دەردە دڵ! دەردە دڵیەکانی خۆم بۆ ئەو شتە بێگیانانەی دەوروبەرم دەکەم! هەر بۆیە حاڵی من بەو شێوەی ئێستایە کە دەیبینن... هاهاهاها!
مەلۆی ئارام ئەمجارە لەسەر دۆشەکە ڕزیوەکان دانیشت و دوای تەواوبوونی جگەرەکەی دەستی؛ فڕێیدا و دەستیکرد بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ژیانی:
«هاهاها! تازە هەستم پێکرد... دەمێکە زۆرە قسەم نەکردووە... ئەگەر هەروا بەردەوام بومایە... هاهاها! لەوەیە قسەکردنم بیرچووبا... مرۆڤ پێویستە ڕۆژانە بۆ خۆشیش بێت، قسە بکات، هاواربکات! با بێدەنگی نەگاتە ڕادەیەک ئیدی قسەکردنی بیربچێتەوە... منداڵێک بووم لە نێو خێزانێک لەدایکبووم...

خێزانێک لە دواتردا بۆگەنی کرد... بۆگەنی کرد بە بۆنی خیانەت... هەرگیز بۆنی خیانەتتان کردووە ئێوە؟ بۆنی خیانەت لە بۆنی پیسایی هەرچی ئاژەڵ هەیە پیسترە، هاهاها! خیانەت... خیانەت... خیانەت.... ئەوە خیانەت بوو حاڵی منی بەم ڕۆژە گەیاند!»

ئیبۆی ئاگر پرسی:

- باشە ئەو کچە چ خیانەتێکی بەرانبەر بە تۆ کرد؟

مەلۆ بە ئیبراهیم دا تەقییەوە و گوتی:

- ئەی هاوار، کچی چی و حاڵی چی؟ خۆزگە ئەو خیانەتانەی من بینیم هەر ئەو خیانەتە بوایە کە ئاشقان بەرانبەر یەکتری دەیکەن... هاهاها! خۆ هەر ئازارەکەی بەقەد ئازاری ئەو خیانەتانە نەدەبوو کە من بینیم...

لە خۆتت پرسی چ خیانەتێکە ئەم ئاتاجەی وا لالووت کردووە؟ چ خیانەتێکە وا دڵی پڕ کردووە و لە ناخی دڵیەوە وشەکان دەردەبڕێت؟ هەرچی کردت نەتوانی درک بەوە بکەیت! دوای ئێستێک مەلۆی ئارام دەستی کردەوە بە پێکەنینە سەیرەکەی و بەردەوام بوو:

«هاهاها! خیانەت... خیانەتی نزیکترین کەسەکانم دەرهەق بە یەکتری؟ دەرهەق بە من! خیانەتی باوکێک بۆ تێرکردنی حەزە پیسەکانی دەرهەق بە دایکم! خیانەتی دایکم لە تۆڵەی خیانەتەکانی باوکم! لە چ ماڵێک دەژیام، ماڵێک دیوارەکانی بۆنی خیانەتیان لێدەهات... باشە لە ئێوە دەپرسم؟ هەستتان چۆن دەبێت کاتێک باوکتان دەگەڕێتەوە، بزانن کە چەند کاتژمێرێک بەر لە ئێستا لە باوەشی ژنێک بووە کە دایکتان نییە؟ هاهاها! هەستتان چۆن دەبێت کاتێک کە سەیری مۆبایلەکەی باوکتان

دەکەن سەرجەم پێوەندیەکانی مامەڵەکردن و نرخ دانان بێت بۆ لەشفرۆشان؟ هەستتان چۆن دەبێت پێم نالێن؟ باوکم بە ڕووکەش خۆی وا دەردەخست کە پیاوێکە بە مانای وشە پیاو! لە کۆڕ و کۆبوونەواندا بە شان و باڵی خۆیدا هەڵدەدا و خێزانەکەمانی بە بەختەوەرترین خێزان ناو دەبرد. کەچی... هاهاها! کەچی لە پشتەوەش بە ژمارەی ساختەوە مامەڵەی شەوێک مانەوەی لەگەڵ لەشفرۆشان دەکرد... کە دەگەڕایەوە ماڵەوەش بۆ ئێمە دەبویە ژەهری مار... هاهاها! وای پیاو وای... بۆ تێرکردنی حەزە کاتییەکانی خۆی، چی لەم خێزانەی ئێمە کرد... هەر شەوێک دەهاتەوە و بۆنی خیانەتی ئەو چاوەکانی منی کوێر دەکرد... تەمەنیشم ئەوەندە نەبوو کارێکم لەدەست بێت... خۆ کاردانەوەشم هەبوایە بێسوود بوو، چونکە دەمزانی بە چ شێوازێکی ئاژەڵیانە دەکەوتە گیانم! گەرچی هیچ باکم بە لێدانی نەبوو، چون خیانەتەکانی ئەو گورزێک بوو بۆ هەموو دەروونم... سەد هێندەی ئازاری گیان، دەروونم ئازاری هەبوو...»

ئاخ و ئۆفێکی هەڵکێشاو و بەردەوام بوو:

«ئای... هەی... دایکی داماوم! ئەویش لە زۆربەی خیانەتەکانی باوکم بە ئاگابوو، لە بێدەسەڵاتیدا دەهاتە لای من و دەردە دڵی دەکرد... هاهاها! باسی ئەوەی دەکرد کە چەندە بۆ باوکم باشە و باوکم قەدری نازانێت... چەند جارێک ڕووبەڕووی بوویەوە! گەرچی بە هەموو خیانەتەکانی باوکمی دەزانی، بەڵام ئەوەندە هەستی بەرز بوو، قەت بە ئاشکرا خراپییەکانی بە ڕووی باوکمدا نەدەدایەوە... نەدەهات پێی بڵێت تۆ شەوی پێنج شەمە کاتژمێر یازدە لەگەڵ فلان لەشفرۆش بووی و نیوەڕۆی هەینیش کاتژمێر سێ لەگەڵ فلانیان بووی... هاهاها! بەڵکو بە ئارامی

و لەسـەرخۆییەوە پێـی دەگـوت: «بۆچـی ئـەم ماوەیـە لەگەڵـمان گۆڕاویـت؟ بـۆ ئـەو شـەوە کـە هاتیتـەوە دوو قسـەی خۆشـت بـۆ نەکـردم؟ بـۆ لـە جیاتـی ئـەوەی دایـم سـەرت لەسـەر تەلەڤزیـۆن و تەلەفۆنەکـەت بێـت؛ نایێـت وەک دوو هاوسـەر باسـی کێشـەکانمان بـۆ یـەک بکەیـن؟ ئێسـتا لەگـەڵ کام کچـا پێوەندیـت بەسـتووە وا منـت پشـتگوێ خسـتووە؟» باوکـی فێڵبـاز و زمـان لووسیشـم دەهـات، هاهاهـا! سـوێندی بـە هـەر نـەوەت و نـۆ نـاوی خـوا و چلوچـوار هـەزار پێغەمبـەر و هەرچـی پیـرۆزی هەیـە، دەخـوارد؛ کـە هیـچ لـە گـۆڕێ نییـە و بوختانـی پێدەکرێـت. ئەگـەر بیزانیبـا بـۆی دەچێتـە سـەر و دایکـم چاوپۆشـی لێـدەکات، ئـەوە بـاش بـوو. هاهاهـا! ئەگینـا دەکەوتـە گیانـی دایکـی دامـاوم و بێدەنگـی دەکـرد. ئـەوە جارێـک و دووان و دەیـان جـار دووبـارە بوویـەوە، خـەم و خەفەتەکەیشـی هـەر بـۆ دڵـی مـن و خوشـک و براکانـم بـوو. لـە دواتـردا دایکـم هەسـتی بەوەکـرد کـە چیـتر قسـەکردن بێهوودەیـە. ئەویـش بڕیـاری تۆڵـە کردنەوەیـدا و وەسـتا لـە قسـەکردن لەسـەر خیانـەت و خراپییەکانـی هاوسـەرەکەی. هاهاهـا! ئەویـش بـە خەیانـەت و خراپـی وەڵامـی دایـەوە... هاهاهاهـا!

منیـش ئەوەنـدە بێئەقڵبـووم لـە دۆزەخـەوە دەسـتم بـۆ گوڵێکـی بەهەشـت بـرد... هاهاهـا! بـە هەمـوو ئەقڵـی خۆمـەوە چـووم دڵمـدا بـە کچێـک... هاهاهـا! کچێکـم خۆشدەویسـت، ئەویـش بەهەمـان شـێوە! بـەڵام چەنـد جارێـک چوومـە داوای و هـەردەم وەڵامـی نەخێـرم وەردەگرتـەوە دەزانـن بـۆ هـا؟ وابزانـم لاتـان ڕوونـە بۆچـی؟ هاهاهـا! بۆنـی خیانـەت، هـەر ماڵەکـەم نـا چووبوویـە دەرەوەی ماڵەکەشـم و خەڵکانێکیـش دەیانزانـی مـن کـوڕی چ خیانەتکارێکـم، هیـچ کەسـێک ئامـادە نەبـوو کچـی خۆیـم پێبـدات.

دەی ئـەوە باوکـم تاوانـی کـرد و مـن باجەکەیمـدا... هاهاهـا! نـە دایکـم و نـە باوکـم تـا سـەر نەیانتوانـی بـەردەوام بـن لـەو خیانـەت و خراپییەیـان... هاهاهـا! ئاخـر خیانەتـکاران تـا سـەر بۆیـان نالوێـت بـەردەوام بـن. باوکـم شـەوێکیان دوای هاتنـەوە لـە لای یەکێـک لـە لەشفرۆشـەکانی شـار و دوای تێرکردنـی حـەزە پیسـەکانی، گەڕایـەوە ماڵـەوە و خەریکـی چاککردنـی کارەبـای ماڵەوەمـان بـوو... لـە پڕێکدا کارەبـا گرتـی و ڕاسـتەوخۆ کوشـتی... بیرمـە بـە کۆچـی باوکـم هیـچ خەمـم نەخـوارد، درۆ دەکـەم ئەگـەر بڵێـم دڵخۆشـیش نەبـووم! دوای باوکـم، دایکیشـم توشـی نەخۆشـی هـات و بـۆ مـاوەی دوو مانـگ لـە جێگـەدا کـەوت و دواتـر کۆچـی دوایـی کـرد. دەی ئـەوە هەردووکیـان مـردن! چـی مـاوە بـۆ ئێمـە هـا؟ دوو بـرام دەربـەدەر بـوون و خوشکێکیشـم ماڵێـک بۆخۆیـان هەڵیناگرتـەوە... یـازدە سـاڵە سـۆراغی هیـچ کامێکیانیـش نازانـم... ڕێـک یـازدە سـاڵ بـەر لـە ئێسـتا بـوو... هاهاهـا! بەڵـێ زۆر بـاش لـە بیرمـە ئەوکاتـە تەنهـا شـانزە سـاڵ تەمەنـم بـوو... ئیـدی لـەو تەمەنـە بڕیارمـدا بچمـە دەرەوەی وڵات... بـەو پـارەی کـە بـۆ ژن هێنـان کۆمکردبوویـەوە... لەگـەڵ خـۆم هەڵمگـرت و چوومـە تورکیـا... لـەوێ هاوڕێیەکـی قاچاغچیـم هەبوو، لـە ڕێگـەی ئـەوە تێکەڵـی کاری قاچاغچییەتـی و پەڕاندنـەوەی کۆچبـەران بـووم، بـۆ یۆنـان و وڵاتانـی ئەوڕوپـا... ئیـدی مـن بـووم بـە قاچاغچیەکـی تـەواو متمانەپێکـراو... هاهاهـا! هەمـوو شـتەکان بـە باشـی دەڕۆیشـت... سـەدان کەسـمان پەڕانـدەوە وڵاتانـی ئەوڕوپـا... بەڵـێ هەمـوو کارەکانمـان زۆر بـاش بـوو! بـەڵام... لـە ١٦ی٣ی٢٠١٧ کارەسـات ڕوویـدا، کارەسـات...»

مەلـۆی ئـارام... لەپـاش وتنـی دوایـن ڕسـتەی؛ ڕوخسـارە گاڵتەجاریەکـەی خـۆی فڕێـدا و فرمێسـکە لـە چاوەکانـی ڕژانـە سـەر

گۆنـای... دوای ئـەوە هەسـتا و دۆلکەیـەک ئـاو و گڵاسـێکی چڵکنـی لـە ژووەرەکـەی تەنیشـتیەوە هێنـا... سـەرەتا ئاوەکـەی پێشـکەش بـە ئیبـۆی ئاگـر کـرد وەلـێ ئیبـۆ ڕەتیکـردەوە... دواتـر دەسـتی بـە ئاراسـتەی تـۆوە گـۆڕی... پێیـت گـوت:

- منیش تینووم نییە، سوپاس...

دوای ئـەوەی مەلـۆ هاتـەوە شـوێنەکەی خـۆی دانیشـت و دۆلکـە ئاوەکـەی بەسـەر دەمیـەوە کـرد و بڕێکـی بـاش ئـاوی خـواردەوە... پـاش ئـەوە جگەرەیەکـی داگیرسـاندەوە و بـەردەوام بـوو:

«کارەسـات بـوو کارەسـات... ئـەو شـەوە بڕیـار بـوو دوو کاروان بـەڕێ بکەیـن... بـە هـەر دوو کاروان نزیکـەی نـەوەد کـەس دەبـوون... لـە نـەوەد کەسـیان، نزیکـەی هەشـتا کەسـیان کـورد بـوون... لـە نێـو ئەم کوردانـەش یەکێکیـان مەشـخەڵ بـوو... بەڵـێ هـەر ئـەو مەشـخەڵەی کـە ئێـوە هاتـوون سـۆراغی بکـەن... مـن لەگـەڵ ئەرخـەوان، کـە قاچاغچییەکـی تـری هاوڕێـم بـوو. دەبـوو لـە دیـوی یۆنانـەوە چاوەڕێـی کۆچبـەرەکان بکەیـن و لەگـەڵ خۆمانـدا بیانبەیـن. لـە پێشـوودا ئـەو هاوڕێیانـەی کـە لـە دیـوی تورکیـاوە کۆچبەرەکانیـان دەخسـتە نێـو دەریـاوە، وێنـە و نـاوی هـەر نـەوەد کۆچبەرەکەیـان بۆ ناردبوویـن. هەواڵـمان بـۆ هـات کـە لەبـری ئـەوەی یەختـی شـیاوی دەریـا ئامـادە بکـەن، بـۆ پەڕاندنـەوەی کۆچبـەرەکان، بەلەمـی ڕاوە ماسـییان هێنابـوو... ویسـتم بەلەمـەکان ڕابگـرم و پێیـان بڵێـم کـە ئەمشـەو بەڕێیـان نەکـەن... چونکـە یەکمجاربـوو کۆچبـەر بـە بەلـەم بگوازینـەوە و دڵـم خەبـەری دابـوو کـە کارەسـات دەقەومێـت... بـەڵام ئەرخـەوان هەڕەشـەی لێکـردم ئەگـەر قسـە بکـەم و پاشـگەزیان بکەمـەوە. بـە چەقـۆ برینـدارم دەکات و دەمکوژێـت... چونکـە ئـەو لـە مـن بـە ئەزموونـتر بـوو و قسـەی ئـەو گرنگـتر بـوو،

ناچار بێدەنگ بووم... بەلەمەکان تەنها جێی سی بۆ سی وپێنج کەسی تێدا دەبوویەوە کەچی هەریەک لە بەلەمەکان نزیکەی پەنجا کەسیان خستبوویە ناویەوە.
ئەوەبوو هاوڕێیانی تورکیا بەلەمەکانیان بەڕێ کرد... دوای نزیکەی چوار کاتژمێر... بەلەمی یەکەم هات و کۆچبەرەکانمان کۆکردنەوە. بەڵام بەلەمی دووەم نەگەشتن بە ئێمە. بەلەمی دووەم کە مەشخەڵی تێدا بوو هەر کە گەیشتە نزیکی ئێمە، شەپۆلێکی ئاو تێکیشکاند. کۆچبەرەکان لە ناو ئاوەکە لە هەوڵدابوون بە مەلە خۆیان بگەیەننە، کەنارەکە... چەند کەسێکیش توانیان خۆیان بگەیەننە لای ئێمە... بەڵێ، یەکێک لەوانە، مەشخەڵ بوو... هەرگیز ئەو دیمەنەم بیرناچێت! مەشخەڵ تەواو ترساو! وەک شێتی لێهاتبوو... هەموو لاشەی دەلەرزی و لەبەر خۆیەوە هەر دەیگوت نا! نەخێر! نانانا! نابێت نابێت! هەر قسەمان لەگەڵی دەکرد پێمان دەگوت کە تەواو ڕزگارت بوو. بەڵام کوڕە وەک شێت دەلەرزی و دەگریا... بیست خولەک لەو شوێنە ماینەوە کەچی مەشخەڵ هەر دەلەرزی... ئەرخەوان تەواو پەست ببوو... هەر هاواری دەکرد مەلۆ! تێدەچین، پۆلیسەکان دەگەن! بەڵام من نەمتوانی مەشخەڵ بەم شێوەیە بەجێبهێڵم. ویژدانم ڕێگەی لێگرتبووم.
بە پاڵەپاڵ هەرچۆنێک بوو مەشخەڵم ڕاکێشا و لە تەنیشت دارێکەوە دامنیشاند... ئەرخەوان هەڕەشەی ڕۆشتنی کرد، منیش بە بینینی ئەو حاڵەی مەشخەڵ زۆر پەشۆکاوبووم... نەمدەزانی چی بکەم! ئاخر قورس بوو بۆ من گەنجێکی هاوزمان و خێر لەخۆنەدیوی وڵاتەکەم لەو شوێنە نامۆیە جێبهێڵم! لە لێواری بیرێکی قوڵدابوو، لە تەنیشت دارێکەوە، مەشخەڵم دانیشاندبوو...

ئەرخـەوان ئارامـی لەبـەر بـڕا و هێرشـی کـرد! مەشـخەڵی بـە پاڵێـک فـڕێ دایـە نێـو بیـرە قووڵەکـەوە... ئەگـەر خـۆم بـە دارەکـەوە نەگرتبایـە، لەوەیـە منیـش کەوتبامـە نێـو بیرەکـە... چاوەکانـم بـە بینینـی ئـەم دیمەنـە ئەبڵـەق بـوون. ئەرخـەوان هەڕەشـەی لێکـردم و گوتـی ئەگـەر تـۆش دێیـت بـاش، ئەگەرنـا وەک ئـەو فڕێـت دەدەم. تـەواو سەراسـیمە بـووم! هێـز لـە چۆکەکانـم نەبـوو، هەناسـەبڕکێم بـووو! لـەو کاتـەدا پۆلیسـەکانی یۆنـان گەیشـتن و منیـش ناچـار ڕۆشـتم.

دوای ئـەوە کۆچبەرەکانمـان بـەڕێ کـرد و گەڕاینـەوە شـوێنێ حەوانەوەمـان! مـن وەک شـێتم لـێ هاتبـوو و ئەرخـەوان بێخـەم، وەک ئـەوەی هیـچ ڕووی نەدابێـت خەریکـی دانانـی نێرگەلـە بـوو، چـون یەکەمجـاری نەبـوو کاروانـی ئـەو نقـوم ببـێ... بـەڵام مـن یەکەمجـار بـوو ڕووداوێکـی وام بەسـەر بێـت... هـەم فڕێدانـی مەشـخەڵ و هـەم نووقمبوونـی یەختـەکان! ئیٚجگار پەشـۆکا بـووم! توشـی دڵەڕاوکێیەکـی سـەیر ببـووم! بـۆ سـاتێکیش وێنـەی گریـان و لەرزینـی مەشـخەڵم لـە چـاو نەدەتـۆرا، کارەسـات بـوو کارەسـات! ئارامـم لێبـڕا و شـێتانە هێرشـم کـردە سـەر ئەرخـەوان و پێیـم گـوت ئەگـەر ئـەو ڕێگـەی نەدابایـە... ئـەو هەمـوو کەسـە نەدەبوونـە قوربانـی. ئەگـەر مەشـخەڵی فـڕێ نەدابووایـە ئەویـش ڕزگاری دەبـوو. بـەڵام ئـەو بەرپەچـی منـی دایـەوە و پێـی گوتـم ئەگـەر لـە یـەک شـوێن قسـە بکـەم دەمکوژێـت.

چەنـد ڕۆژێـک دوای ئـەوە کەسـوکاری قوربانیـەکان بـە لێشـاو پێوەندیـان دەکـرد و هەواڵیـان دەپرسـی. هەمـوو بـە هیـوای ئەوەبـوون، ناسـیاوەکانیان لـە بەلەمـە دەربازبووەکـە بێـت... ئەرخـەوان بـە ویسـتی خـۆی بیویسـتایە ڕاسـتیەکەی دەگـوت!

نەشیویستبا دەستی دەکرد بە درۆ... بۆ هیچ و لە خۆڕایی هیوای بە کەسوکاری قوربانیەکان دەدا... بە کەسوکاری دەربازبووەکانیشی دەگوت کە دەرنەچوونە و بوونەتە قوربانی دەریا... یەک هەفتەی پێ چوو... کە ئەو دیمەنانەم دەبینی خەریک بوو شێت دەبووم... هەواڵەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تەلەڤزیۆن خەریک بوو جەرگیان دەخواردم... خەونی شەوانم بە بوونی مەشخەڵ سەرجەمی مۆتەکە بوو. بڕیارمدا بچم سکاڵا لە ئەرخەوان و سەرجەم ئەو قاچاغچییانە بکەم کە دەیانناسم، بۆ ئەوەی کەمێکیش بێت بۆ ویژدانم ئاسوودەیی پەیدا بکەم. ئەرخەوان پێمی زانی و پێش ئەوەی من سکاڵای لێبکەم ئەو سکاڵای لێکردم... چیتان بۆ باسبکەم هەشت نۆ مانگ بوو کەوتمە زیندانەوە... بە هۆی هاوڕێیەکی ترمەوە ئازادبووم... لەو زیندانە ئازاد بووم بەڵام تاکوو ئێستاش لە نێو زیندانی ویژدانم دا خەریکم گیان دەدەم... من بوومە هۆی سووتانی جەرگی چەندان دایک... دەکرا مەشخەڵ کە لە دەریاش ڕزگاری بوو، نەبێتە قوربانی... بەڵام من نەمتوانی پارێزگاری لێ بکەم... خۆزگە ئەرخەوان لەگەڵ مەشخەڵدا منیشی فڕێدەدا، خۆزگە!»

ئێوە نووقمی گێڕانەوەکەی مەلۆی ئارام ببوون. مەلۆ لە پڕێکدا گاڵتەجارییەکەی سەرەتایی هاتەوە سەر ڕووخسار و گوتی:

«هاهاها! بینیتان؟ ئاخر هەر لە منداڵییەوە ئەوەی بینیم هەر خیانەت بوو هاهاها! ئەو کاتەی ئازاد بووم ڕاستەوخۆ گەڕامەوە کوردستان و ئەم کەلاوەیەم لە پردێ دۆزیەوە... ئەو کاتەی من چوومە تورکیا و یۆنان ئێرە ماڵی ئێمە بوو... کە هاتمەوە ئێرەم وا بە بێنازی بینیەوە، ڕۆژانی خیانەتم کەوتەوە یاد... هاهاها! خیانەت بوو منی دەربەدەر کرد.! هەر خیانەتیش بوو منی

گەڕانـدەوە ئێـرە! ئـەرێ ئێسـتاش هـەر خیانـەت هەیـە و بەردەوامـە؟ مـن دەمێکـە گۆشـەگیریم هەڵبـژاردووە... ئەوکاتـە، ڕۆژانـە خیانەتـم دەبینـی... هاهاهـا! خیانەتـی بـاوک لـە هاوسـەر و منداڵەکانـی! خیانەتـی ئافـرەت لـە هاوسـەرەکەی! خیانەتـی دوو خۆشەویسـت! دوو هـاوڕێ! خیانـەت لـە نیشـتیمان! تەنانـەت بـە جۆرێـک بـوو مرۆڤـەکان بەرانبـەر خـواش ڕاسـتگۆ نەبـوون و خیانەتیـان دەکـرد! هاهاهـا! خیانـەت لـە دەورووبەرمـدا و لـە نێـو نیشـتیمانی خۆمـدا، پەلکێشـی وڵاتـی بێگانـەی کـردم... بـەڵام ژەهـری خیانـەت لەوێـش دەسـتبەردارم نەبـوو و وای کـرد کارەسـات بخوڵقـێ و زۆرتریـن کـەس ببنـە قوربانـی دەریـا... دەمبینـن چۆنـم؟ ئـەو مرۆڤـەی کـە ئێسـتا بـە حاڵێکـی شـێواوەوە لـە بەردەمتـان وەسـتاوە... خیانـەت چارەنووسـی ئـەوەی بـە شـێوەیە لێکـردووە... هاهاهـا!

## ١٦

گوتنی هەواڵ؛ چ خۆش بێت یان ناخۆش... مەردوومێکی فرە بەهێزی دەوێت، تا بە کەسی بەرانبەری بگەیەنێت... پێشتر نەتزانی بوو... بەڵام گوتنی هەواڵی دەربازبوونی مەشخەڵ و دواتر سووتان و نەمانی شوێنەوارێکی، بە دایکی، زۆر سەخت بوو...

چیرۆکی مەشخەڵ و دواتر مردنی دایکی مەشخەڵ... مۆتەکە بوو، جەرگ سووتان بوو... گەنجێک، بۆ دۆزینەوە و گەڕان بە دوای خۆشبەختی، تا لێواری مەرگ چوو! کە لەو لێوارەش دەربازی بوو... لە دیوەکەی ترەوە مەرگ یەخەی گرت... دایکێک تاکە هیوایەک ئەوی لە ژیانەدا هێشتبوویەوە، دووبارە شاد بوونەوە بە ڕۆڵەکەی بوو... ئێستا کە یەکلابوویەوە! خۆی و هیواکەی چوونە گۆڕ و ئیدی ژیان بۆ ئەو مانایەکی نەما... مرۆڤ تا ئەو کاتە دەژیت، کە هیوای هەیە. مەردوومی بێهیوا، چ جیاوازییەکی لەگەڵ مردوودا نییە.

لە نێو زانکۆ؛ بە ئەندازەی هەموو دونیا پیاسەت کرد... ئارامیەک لە پیاسەکردندا هەیە، تۆ پەی پێ نابەیت کە چییە... بەدەم پیاسەکردنەوە بیر لە هەزار و یەک تروهاتی دونیا دەکەیتەوە... هەر هەزار و یەکیان... هەزار و یەک خەم نارەحەتی لە دواوەیە...

لـەو لاوە ئەسریـن و مێڤـان و چەنـد هاوپۆلێکـت خەریکـن لـە باڵەخانەکانـی زانکـۆ دەڕوانـن و بـە پەرۆشـەوە خەریکـی گفتووگۆن...
دەچیتـە لایـان و پـاش سـڵاو پێیـان دەڵێیـت:
- باسی چی دەکەن؟
مێڤان ڕووی قسە لە تۆ دەکات و دەڵێت:
- هـا کاکـی نووسـەر! دەتزانـی پێشـووتر ئـەم زانکۆیـەی ئێمـە زینـدان بـووە؟
- بەڕاستە؟
- بەڵـێ لـە سـەردەمی دیکتاتـۆرە ڕەشـەکە ئـەم زانکۆیـەی ئێمـە زینـدان بـووە.
ئەسرین ڕوودەکات هەمووان و دەڵێت:
- جارێـک هاوڕێیـەک لێـرە بۆمـی باسـکرد. گوتـی مامۆسـتایەک بۆمانـی گێڕایـەوە، ڕۆژێـک لـە کاتـی وانەیەکـدا قوتابییـەک دەسـتی کردووەتـە گریـان و تونـد تونـد گریـاوە. دوای ئـەوەی ژێـر بووەتـەوە لێیـان پرسـیووە، بـۆ گریایـت؟ گوتویەتـی کاتـی خـۆی باوکـم هـەر لـەم هۆڵـە لـە سـێدارە دراوە!
لەگـەڵ ئـەم قسـەیەی ئەسریـن هەمـوو خوێنـدکارەکان سەراسـیمە بـوون و لەبـەر خۆیانـەوە کەوتنـە قسـە... دوای قسـەکانی ئەسریـن، ڕاسـتەوخۆ ئەوانـت جێهێشـت. بیرکردنـەوە لـە خەمەکانـی ڕابـردوو جێیانهێشـتی و بابەتـی زانکۆکەتـان و زیـدان و لـە سـێدارەدان و ئـەو قوتابییـەی کـە گریـا بیریـان مـژووڵ کردیـت...
ئەودیو هۆڵی خنکاندن
یەکبەیەکـی نـاوەکان دەخوێندرێتـەوە... لێـدان و خورپـەی دڵـی منیـش زیاتـر دەبێـت... «شـێروان سـابر عوسـمان» نـاوی باوکمـە؟ نـا، ئـەو نییـە... نـاوی باوکـی مـن شـەریفە... ئـەو نییـە... نـاوی

دواتــر دەخوێندرێتــەوە... شــەریف..... نــاوەوەم ئاگرێکــی بەتینــە، گوێیەکانــم دەگرم گوێــم لــە نــاوی ســیانی باوکــم نەبێــت... «شــەریف ســلێمان پیــرداود» ئەمجــارەش هــەو نییــە... نــاوی ســیانی باوکــی مــن «شــەریف باپیــر کاوێــز»ە... ئــەو دوو کەســەی بانگیــان کــردن... هێنایــان و تاوانبــار ئاســا مامەڵەیــان لەگەڵیــان کــرد... هەمــوو لــە ئەودیــو پەنجەرەکانــەوە لــە هۆڵــی لــە ســێدارەدانەکە دەڕوانیــن... خــۆ دەشــزانین تاوانبــار خەریکــە بێتوانــا ســزا دەدات... بــەڵام... بــەڵام مــن کــە ئێســتا بــە ترســەوە بیــر لــەو بابەتانــە دەکەمــەوە... ترســم هەیــە ئــەم دیکتاتــۆرە ڕەشــە، دەســتی بەســەر بیــری منیشــدا گرتبێــت و هاوشــانی باوکــم، منیــش لــە ســێدارە بــدات... چــش بــا لــە ســێدارەم بــدات... بــەڵام ئــەی دایکــم و خوشــکەکانم چــی؟ ئاخــر دوای باوکــم منیشــیان نەمێنێــت... لــە ئاســمان خــوا، لــە زەوی کــێ بــە هانایــان بێــت؟

««شــەریف کاوێــز کاکــۆ» بــە یاســایی ژمــارە ٢٩١٩٩ ســاڵی ١٩٨٧ بــە هــۆکاری ئەمنــی لــە ســێدارەدەدرێت...»

کاتــێ گوێــم لــە نــاوی ســیانی باوکــم بــوو، هــەزار و یــەک خۆزگــەم دەخواســت، کــە بێگــوێ بوومایــە و گوێــم لــە نــاوی باوکــم نەبووبایە... ئەگــەر مۆڵەتیــان پێبدابــام، پێــش ئــەو ســاتە گوێیەکانــی خــۆم، بــە یەکجــاری دەبــڕی، بــۆ ئــەوەی چــی تــر... ئــەم ئاریشــانە نەچنــە نێــو گوێیەکانمــەوە...

باوکــم هــات... وەلــێ ڕووی نابینــم... دوو چەپەڵــی خوێــڕی ترســنۆک کــە ســەری خۆیــان داپۆشــیوە... هــەر یەکــە و لایەکــی باوکمــی گرتووە و خەریکــن بــەرەو مەرگــی دەبــەن... باوکێــک بــۆ ئێمــە هیــوا و پشــت و پەنــا بــوو... ئاخــر هــەر مــن نیــم نــا... بۆچــی بــە زەیــم بەخۆمــدا بێتــەوە؟ ئــەم زاڵمانــە لــە وەتــەی هــەن... خەریکــی ئەتککردنــی

پشت و پەنا و هیواکانی کوردن... وای لە بێدەسەڵاتی... وای لە حاڵی خۆمان وای...

باوکمیان بەرەو سێدارەی مەرگ برد... هەمووان لەو دیو پەنجەرەکانەوە سەیر دەکەن، من دەمەوێت چاوم بگرم.... بەڵام خۆنەویستانە نایگرم و هەر سەیر دەکەم و سەیردەکەم و سەیر دەکەم... جەلادێک پەتەکە دەخاتە ملی باوکمەوە... جەلادەکەی تر بێڕەحمانە بە پێلەقەیەک، ئەسکەمیلەکەی بن پێی باوکم فڕێدەدا و باوکم دەکەوێت... باوکم دەکەوێت، من دەخنکێم... «لەسێدارەدان واتا هەڵواسین بە پەت تا مردن. وەک شارەزایان باسی دەکەن، لەسێدارەدان لە ڕووی ئازارەوە، لە جۆرەکانی تری کوشتن ئازاری کەمترە. پەتێکی بەهێز و توند بە شێوازێکی تایبەت گرێ دەدەن و لە ملی کەسەکەی دەئاڵێنن و لە شوێنێکی بەرزەوە شۆڕ دەکرێتەوە یان هەڵدەواسرێت. بەم شێوەیە پەتەکە فشار دەخاتە سەر گەردەن. هەردوو دەماری خوێنبەر و خوێنهێنەر ڕادەگرێت. لە وێشەوە فشارێکی زۆر بۆ دڵ و مێشک درووست دەکات و لە ماوەیەکی کەمدا -کە چوار بۆ پێنج خولەک دەخایەنێت- کەسەکە هەناسەی دەوەستێت و گیان لەدەست دەدات.»

سەرم لەسەر مێزی خوێندنەکە هەڵدەگرم، مامۆستا خەریکی پێشکەشکردنی وانەکەیەتی... سەیری دەوروبەرم دەکەم! لە هۆڵێکدام ساڵانێکی زۆر بەر لە ئێستا... ڕێک لەم هۆڵەدا... باوکمی تێدا لە سێدارەدرا و خنکێنرا... باوکمم بە بیردێتەوە... سەیری بنمیچی هۆڵەکە دەکەم... خەریکە دەخنکێم... ئەگەر نەگریم دەخنکێم... دەگریم بۆ باوکم... بۆ زانکۆیەک کە داهاتوویەکی خنکێنراوی تێدایە...

## ١٧

لـە بڵاوکراوەکانـی نێـو مۆبایلەکەتـدا، چـاوت دەکەوێتـە سـەر بڵاوکـراوەی یەکێـک لـە کەناڵـە تەلەڤزیۆنیـەکان... حوسـێنە سـووری هاوپۆلتـان... حوسـێنە سـووری قۆشـمەچی. وەلـێ ئەمجـارە قۆشـمەچییەکی داخ لـە دڵـە! بـە ڕوخسـارێکی پـڕ نائومێـدی و دڵێکـی پـڕەوە لـە بـەردەم پێشکەشـکار و مایکـی کەناڵەکـە دەسـت دەکاتـە گلەیـی کـردن:

«ئاخـر مـن گەنجێکـم قوتابـی زانکـۆ... دوو دینـارم نەبێـت بتوانـم خۆمـی پـێ بەڕێوەببـەم. بتوانـم زانکۆکەمـی پـێ تـەواو بکـەم... ئاخـر کەسـێک نەبێـت ئاوڕێکـمان لـێ بداتـەوە؟ تاکـوو کـەی ئاخـر؟ لـە وڵاتێکیـن جگـە لـە شـکاندنەوەی یەکـتری شـتێکی تـر نازانیـن...

دەچمـە زانکـۆ مامۆسـتای زانکـۆ دێـت و خـۆی بەسـەرمندا هەڵدەکێشـێت و دەمشـکێنێتەوە... دەچمـە سـەر کار خاوەنـکار خـۆی بەسـەرمندا هەڵدەکێشـیت و دەمشـکێنێتەوە... دەبـم بـە مرۆڤێکـی ئاسـایی و هاوڵاتییەکـی ئاسـایی... خـاوەن پلـە و پۆسـتێک دێـت و خـۆی بەسـەرمندا هەڵدەکێشـێت و دەمشـکێنێتەوە...

ئاخـر بـە جۆرێـک بێـزارم ئامـادەم هـەر کارێـک، مەرگـی خۆمیشـی تێـدا بێـت بیکـەم... خـۆ باشـترە لـەو ڕیسـواییەی کـە لـە ئێسـتادا تێیـدام! ئاوایـە کاکـە... پـارەت نەبێـت... هیـچ کـەس بـە مرۆڤـت

نازانـێ...» بڵاوکراوەکـەی حوسـێنە سـوورم جێهیشـت دوو بڵاوکـراوەی تـر نەڕۆشـتم پێوەندییەکـم بـۆ هـات... ئیبـۆی ئاگـرە، بەم نیوەشـەوە! خێـر؟ پێوەندیەکـە هەڵدەگـرم... ئیبـۆی ئاگـر قوڕگـی پـڕ گریانـە:

- کوڕە هەڵدێر...

- چی بووە کاکە؟ خێر بەم شەوە؟

- حووسێنە سوور!

- ئێ؟

- لـە نێـو خانـووە تەواونەکراوەکـەی تەنیشـت ماڵیـان... خـۆی خنکانـدووە!

ئـەو شـەوەی هەواڵـی خـۆ خنکانـدی حووسـێنە سـوورت بیسـت... خـەو لـە چاوەکانـت تـۆرا... ناهەقـی ناگریـت... ئاخـر هەمـوو مرۆڤێـک تـا سـنوورێکی دیاریکـراو دەتوانێـت بەرگـە بگرێـت! لـە قسـەکانی دەردەکـەوت ئیـدی چارەیەکـی بـۆ نەماوەتـەوە... بـۆت دەرکـەوت، بـەوە نییـە مرۆڤـێ قۆشـمەچی بـوو، دڵخۆشـترین کـەس بێـت.

دەکرێـت قۆشـمەچیترین کـەس، غەمگینتریـن کەسـی دونیـا بێـت... بەیانـی زوو پێوەندیـت بـە ئیبـۆی ئاگـرەوە کـرد... دیـار بـوو ئەویـش بـە درێژایـی شـەو بێداربـووە... هیـچ کامتـان حەوسـەڵەی چوونـە زانکۆتـان نەبـوو و بڕیارتانـدا نەچنـە زانکـۆ... بـە ئیبـۆی ئاگـرت گـوت:

- دەرنەکـەوت حوسـێنە سـوور بۆچـی خـۆی خنکانـدووە؟ هاوڕێکانی هیـچ ناڵێن؟

- کـوڕە دەڵێـن چەنـد ڕۆژە بێتاقـەت بـوو... ئەهـا لـە کۆلێژیـش هـەر سـەری بـە سـەر مێزەکـەی بەردەمیـدا دەکـرد و قسـەی لەگـەڵ

کەسێک نەدەکرد... بەس پێش ئەوەی خۆی بخنکێنێت بە نامە داوای گەردەن ئازایی لە هەموو هاوڕێ نزیکەکانی کردووە... نامەیەکیشی لە دوای خۆی جێهێشتووە. نووسیویەتی خۆشم دەوێن دایکە، باوکە! ببوورن...

- ناهەقی نەبوو برا، ناهەقی نەبوو...

# ١٨

چەند ڕۆژێکە تازیەداریت... هەر چەند حوسێنە سوور هاوڕێیەکی نزیکت نەبوو. وەلێ نەتتوانی دوای بینی ناوی ئەو، بەسەر پارچەی قوماشەی ڕەشی بەردەم مزگەوتەکان؛ ڕێگە لە فرمێسکی چاوت بگریت... بێزاربوویت! پێوەندیت بە ئیبۆی ئاگرەوە کرد و ئاگادارت کردەوە کە بۆ شەو سەردانیان دەکەیت. ویستت تۆزێک دەردە دڵ لەگەڵ ئەو و شەهرام کەرکووکیدا بکەیت... چون بە درێژایی شەو نەخەوتبوویت؛ هەر لە موبەقەکەدا کەوتیتە خەوێکی قوڵەوە... کاتێک کە خەبەرت بوویەوە... هەستی غەریبی سەرتاپاتی داگرتبوو... خۆشت نەتزانی هۆکاری ئەوە چییە... سەیری کاتژمێری سەر دیواری موبەقەکەت کرد... کات پێنج و سی وشەش خولەکی ئێوارەیە... ئیبۆی ئاگر لە کاتژمێر پێنجەوە لەوێیە... تۆ بڕیارە کاتژمێر شەش بچیتە سەردانی ئیبۆی ئاگر... تەلەڤزیۆنەکەتان لە موبەقەکەدا داگیرساوە... پێشکەشکارەکە بە تۆنێکی بەرزەوە هەواڵەکانی دەخوێنیتەوە... هەر کە تۆ بەبەردەمی تەلەڤزیۆنەکەدا ڕەتدەبیت، پێشکەشکارەکە تۆنی دەنگی بەرزتر دەکاتەوە و دەڵێت:

«هەر ئێستا پێمانڕاگەیندرا بە هۆی تیژڕەوییەوە، ئۆتۆمبێلێک لە شەقامی شەست مەتری خۆی دەکێشێت بە دوو کرێکاری گەنجدا

کە لەوێ خەریکی کاسبی و شت فرۆشتن بوونە و بە هۆی تەنەکەیەک ئاگرەکەوە، کە گەنجەکان لەوێ بۆ خۆگەرمکردنەوە بەکاریانهێناوە. هەم ئۆتۆمبێلەکە و هەم ئەم دوو گەنجە دەسووتێن. بە پێی ئەو هەواڵانەی پێمانڕاگەیاندراوە هەردوو گەنجەکە گیانیان لەدەست داوە! ئێستاش پەیامنێرمان.....»

لە دڵەوە نزا دەکەیت، ڕۆح لە جەستەت دەربچێت... بەس ئەو دوو کەسەی کە پێشکەشکارەکە باسی دەکات، ئیبۆی ئاگر و شەهرام کەرکووکی نەبن... لە تەلەڤزیۆنەکەوە سەیری دیمەنی شوێنی ڕوداوەکە دەکەیت... ئاگرێک لە شوێن کارەکەی ئیبراهیم و شەهرامدا بەربووە. ماتۆرەکەی ئیبۆ تێکشکاو و کەلوپەلەکانی بێناز، هەر یەکەوە بەلایەکدا کەوتوون... سێو و هەنارەکەی شەهرام کەرکووکی بە غەمگینی بەبان شەقامەکەوە کەوتوون. لەبەر خۆتەوە دەڵێیت:

«سووتا... ئیبۆی ئاگر لە نێو ئاگردا سووتا! سووتا... هەر وەکو چارەنووسی دایکی، هەر وەک چارەنووسی کەرکووک، چارەنووسی شەهرامیش سوتان بوو...»

## ئەودیو مەرگ

ئیـدی ڕێگـەکان بۆنـی مەرگیـان لـێ دێـت... ئیـدی شـتانێک کـە ڕۆشـتن و نەمـان، نـە گریـان و نـە خـەم خـواردن، نایگەڕێنێتـەوە... مـرۆڤ نـکارێ لـە ئاسـت مەرگـدا وشـەیەک بڵـێ... ئاخـر کۆتـا سنورێک کە هەبێت مەرگە... کە مـەرگ هـات تـەواو... نـە خـەم و نـە دڵخۆشـی... نـە شـیوەن و نـە شـادی... نـە قسـە و نـە بێدەنگـی... دوای وشـەی مـەرگ، هەموویـان دەستەوەسـتان دەوەسـتن و کارێکیان لـە دەسـت نایێـت...

«وای گەنجانـی وڵات وای! کـوڕە کار ناکـەن و لـە مـاڵ دادەنیشـن هـەر خراپـن... خەریکـی کار دەبـن، ئـاوا توشـی بەدبەختییـەک دەبـن و حاڵتـان بـە حاڵـی ئـەم ڕۆژە دەگات... لـە ماڵـەوە دادەنیشـن؛ هـەزار کـەس دەبێـژێ بەخـوا فـلان دەسـتوپێ سـپییە... کـورە بابـە تاکـەی دانیشـتن و قـون گەرمکـردن لـە مـاڵ؟ دەبـڕۆ ئیشـێک کارێـک بـدۆزەوە! کـە دەچـن کاریـش دەکـەن؛ ئـاوا توشـی دەرد و بـەڵای خۆیـان دەبـن و کارەسـاتێک لەوبـەری شـارەوە دێ و دێ و دێ... گـرم خـۆی بـەم دوو گەنجـە بەسـتەزمانە خێـر لـە خۆنەدیـوەدا دەدات...»

«کـوڕە نـاوەڵا، ئەگـەر پـارەی گـەواد هەبووبـا... ئـەو فەقیرانـە چ کاریـان بـەوەدا بـوو؛ بـە گەرمـا و بـە سـەرمان لـە بـان ئـەو شۆسـتانە ڕابوەسـتن و شـت بفرۆشـن! ئەمـە جگـە لـەوەی ڕۆژانـە توشـی دەیان کێشـەیان دەکەنـەوە... ڕۆژێـک بەنـاوی شـارەوانی و ڕۆژێـک بەنـاوی

تەڕەماش و نازانم چی... بەڵام نا! ئەوانە گەنجانی مەردی وڵاتی منن... تا دەست بۆ ئەم و ئەو پان نەکەنەوە، هەر کارێک بێت دەیکەن... کە مردنیش؛ ئاوا بەسەربەرزی سەر ئەنێنەوە...»

«جا با زیاتر خۆمان ماندوو نەکەین دۆستتان! هەر چرکەساتێکە و پێوەندییەکە و هەوڵی کۆچی ئازیزێکە... دەتتاسێنی، سڕت دەکا، چۆکت لە جوڵە دەخا، سەرت قورس دەکا... چەنێک بە ئازار و سەختە ئەو چرکەساتە، ئەو پێوەندییە و ئەو هەواڵی کۆچی ئازیزە... هەر ئەو چرکە ساتەیە بۆت دەسەلمێنێ دونیا چەنێک هیچە! بۆت دەسەلمێنێت مانگێک بژیت یان سەدەیەک، تۆ هەر ڕۆژێک دێ بگەڕێیتەوە ئەو شوێنەی لێی هاتی. کاروانی تۆ، لە چرکە ساتێکدا؛ مەرگ دێت و کۆتایی پێدێنێت... لێت ناپرسێت چەنێک پێکەنیویت، چەنێک خەمت خواردووە، چەنێک گریاوی... دڵی چەند کەس خۆشکردووە، چەنێک دڵت ڕەنجاندووە... ئیدی کە کاتی هات و وادەی مەرگ هات، هیچ شتێک نییە ئەو دنیا تاڵەی لە لات شیرین بوو، بۆتی بگەڕێنێتەوە...»

ئەو خەمەی لە ناخی مندایە، نە بە هاوار و نە بە گریان دەرنابڕدرێت... مینا چۆلەکەیەکی بەلەنگازی بەر باران... لەسەر تەنافێک وێستاوم و خۆم دەخۆمەوە... بە ئۆتۆمبێلە شڕەکەی باوکم دەچینە گۆڕستان. لەوێ لەتەک مامەوە دەوەستم... لەسەر چیچکان دانیشتووە و بە دەستەکانی خۆڵی سەر گۆڕەکەی بەردەمی ڕادەماڵێت... لە پڕێکدا هەڵدەستێتەوە و ڕووی دەکاتە سەرجەم گۆڕەکان و پێیان دەڵێت:

«هیچ دڵی خۆتان توند مەکەن! ئەو ئاسوودەییەی ئێوە لە نێو ئەم گۆڕەدا هەتانە، مرۆڤ لەم دونیایەدا، چەند هەوڵی بۆ بدات دەستی ناکەوێت!»

# ئەرسی
# چارەگی چوارەم

هەرچیم گوت و هەرچی شتێکم هێناوبرد وەک ئەوەوابوو، هاوار بە گوێی کەڕدا بکەم... پێیم گوت مەڕۆ و لەوە زیاتر غەمگینم مەکە، هەزارویەک بیانووی هێنایەوە، دەیویست بڕوا! وەلێ نە دڵ و نە ئاوەزیش ئەوەی پێ قبوڵ نەدەکرا لێبگەڕێم وا بە ئاسانی بڕوات... دڵم هەپڕوون هەپڕوون بوو، لەو نامەیەی کە نووسیبووی، ئەگەر خوا ئێمەی بۆیەک دانابێت بۆیەکین، جیاببینەوە باشترە... ئاخر کە تۆ ئێستا جێمدەهێڵیت، بۆیەکبوونی چی؟ چارەم نەبوو کاتێک خاڵی لاوازی منی دۆزییەوە، لە کەلەبەرێکەوە خۆی دەرباز کرد... پێی گوتم کە خوشکەکەی بە پێوەندی ئێمەی زانیووە و ئەویش بە هاوسەرەکەی گوتووە، دەمگوت کە ئەوە بیانووە و شتێکی وا لە گۆڕێ نییە، بەڵام چ کارێکم لە دەست دەهات؟

کۆتایی بەهارێکی غەمگین بوو کاتێک پێوەندییەکم لەلایەن کەسێکەوە بۆ هات... هەرگیز گرنگیم بە کەسانی نامۆ و نەناسراو نەداوە و بەدەم داواکانیانەوە نەچوومە، بەڵام کاتێک کابرا لە پشتی تەلەفۆنەکەوە داوای یەکتر بینینی کرد -بێئەوەی خۆی بناسێنێت- بێویستی خۆم ڕازی بووم و هەر ئەوڕۆژە دیدارێکمان ڕێک خست.

هەر کە کابرام لەسەر مێزی ژمارە بیستوحەوتی ئەو کافێیە بینی، کە کابرا داوای کردبوو، بۆ دیدارەکەمان بچمە ئەوێ، ناسیمەوە... هاوسەری خوشکی ئەرسی بوو... سڵاوم لێی کرد و بەساردیەوە، وەڵام... بێپێشەکی و خۆناساندن یان هەر شتێک، دەستی پێ کرد:

- دەزانم نزیکەی دوو ساڵە، پێوەندیتان هەیە. زۆر پێیم گوت واز لە بیرۆکەی خۆشویستنی تۆ بهێنێت. سەرەتا نکۆڵیکرد. بەڵام توانیم هێدی هێدی، ئەوە لە مێشکیدا بچەسپێنین کە تۆ بۆ داهاتووی ئەو کەسێکی باش نیت...

- کە واتا بڵێ کە ئێوە واتانکردووە ئەرسی لەگەڵم ساردی بنوێنێت؟

- بەڵێ ئێمە بووین! کوڕێکی هەژاری بێمایەیت. هەفتەی نیوە ڕۆژێك کاردەکەیت یاخود نا، خوا دەزانێ! خۆت بە شتانێکی هیچەوە سەرقاڵکردووە، لە ناو کۆلێژیشدا ناوت بەدە! بە چ مافێکەوە بانگەشەی خۆشەویستی و بەختەوەری بە گوێی ئەرسیدا دەخوێنێت؟ بە خانوو و ئۆتۆمبێلەکەت بەختەوەری بۆ دێنیت؟ یان بە کۆمپانیا و کارەکەت؟ ئەوانە خۆشبەختی دەهێنن یاخود وشە و قسە پەمەییەکانت؟ بڕۆ لە ناوەندی بازاڕ هاواربکە؛ هەڕاجە وشە! وەرن وشەمان لایە، وشەی جوان و پەمەیی! بزانە لە کاژێرێکدا هەزار و یەک تف و نەفرەتت بۆ دێت یاخود نا؟ بە چ شتێکی خۆتەوە دەنازیت تا بەختەوەری بۆ ئەرسی بهێنیت ئاخر؟

- وەڵامی من بۆ هەموو ئەو قسانەی تۆ، خۆشەویستییە. من خۆشم دەوێت! من بە خۆشەویستی بەختەوەری دەکەم!

- دەی فەرموو خۆشت دەوێت، وەرە داوای! کۆتای هەموو خۆشەویستی و ئیشقێک بەیەکگەیشتن نییە؟

- خۆشـمدەوێت، دێمـە داواشـی، بـەڵام... ئـێ... بـەڵام ئێسـتاکە لـە توانامـدا نییـە...

- تـا بەیانـی بانگەشـەی خۆشەویسـتی بکەیـت، نەیەیتـە داوای و نەیخوازیـت سـوودی بـۆت نییـە. ئیـدی پێویسـتە واز لـە ئەرسـی بهێنیـت و چیـدی بێـزاری نەکەیـت!

- ڕازیـم... بـەڵام پێویسـتە بەڵێنـم پێبـدەن تـا سـاڵێکی تـر چاوەڕێـم بکـەن و ئەرسـی شـوو نـەکات. بەڵکـو خـۆم کۆبکەمـەوە و بتوانـم بێمـە پێـش و ئـەو بخـوازم. تەنهـا و تەنهـا سـاڵێک بواربـدەن تـا کار بکـەم و پـارە کۆبکەمـەوە...

- تەواو گرینگ ئێستاکە واز بهێنیت، ئەوەی تر بابزانین.

- قبوڵـم نییـە، پێوەنـدی بـە ئەرسـییەوە دەکـەم... یاخـود نـا تـۆ پێوەنـدی پێوەبکـە، پێوەنـدی بکـە...

پێوەنـدی بـە ماڵـی ئەرسـییەوە کـرد. دیاربـوو دایکـی ئەرسـی تەلەفۆنەکـەی هەڵگـرت... داوای چـاک و چۆنـی داوای لێکـرد تەلەفۆنەکـە بـدات بـە ئەرسـی... کـە ئەرسـی هـات و تەلەفۆنەکـەی وەرگـرت، پێـی گـوت کـە بچێتـە شـوێنێکی تایبـەت...

- وا لەلامـە... هەمـوو شـتم پێـی گوتـووە، دەڵـێ چیـدی بێـزاری ناکەم و حەقم بەسـەریدا نییـە. بـەڵام دەبێـت بەڵێنـی ئـەوەم پێبـدات کـە تـا سـاڵێکی کـە چاوەڕێـم دەکات.

ئـەو قسـانەی کـرد و دەنگـی تەلەفۆنەکـەی کـردە دەرەکـی و ئەرسـی دەسـتی کـرد بـە قسـە:

- وا باشـترە بـۆ هەردووکـمان، بـۆ ئەوەشـی کـە دەڵێـت سـاڵێکی کـە چاوەڕێـی بکـەم. قـەدەر هەرچـی بێـت، هـەر ئـەوە دەبێـت...

بێئـەوەی چاوەڕێ بـکا، قسـەیەک بکـەم، تەلەفۆنەکـەی داخسـتەوە و گوتـی تـەواو! بۆخـۆت کار بکـە و سـاڵێکی تـر وەرە داوای.

بـە ئەوەنـدەی ئـەوان قسـەکەی منیـان وەرگـرت و هیوایـەک لـە دڵمـدا دروسـت بـوو، کـە کار دەکـەم و سـاڵێکی کـە دەچمـە داوای ئەرسـی، ملـم بـۆ داواکـەی ئەوانـدا و چیـدی نـە ڕاسـتەوخۆ و نـە ناڕاسـتەوخۆ ئەرسـیم نەبینیـەوە. وەلـێ ئـەو هیوایـەم بـە دڵـی خۆمـەوە چەسـپ کـرد، کـە کار دەکـەم و سـاڵێکی کـە دەچمـە داوای ئەرسـی... ئاخـر ئاشـق گوێـی لـە هەبـوون و نەبوونـی دولبەرەکـەی نییـە، تاقـە هیوایـەک دەتوانـێ نـەک سـاڵێ، چەنـدان سـاڵ وزە و تاقەتـی پێببەخشـێت و بـۆ گەیشـتن بـە دولبەرەکـەی هەنـگاوی بنـێ.

منیـش ئـەم هیوایـەم کـردە وزە و ڕێگـەی گەیشـتن بـە ئەرسـیم دەسـتپێکرد...

# ١٩

بەبێتاقەتـی و بێحەوسـەڵەییەوە ملـی ڕێگـەت گرتەبـەر. نازانیـت چەنێـک دەبێـت، بـەڵام ماوەیەکـی درێـژە پێوەندییەکـت لـە وەسـتا فـەرەوە بـۆ نەهاتـووە. ئەمـڕۆ بڕیارتـدا بچیـت دوکانەکـەی وەسـتا فـەرە بەسـەربکەیتەوە و بزانیـت چ باسـە... کـە گەیشـتە نزیکـی دوکانەکـە، بینیـت... لـە جیات ئـەو چەنـد کاغـەزەی کـە کاتـی خـۆی هەڵتواسـی بـوو... پارچـە خامێکـی سـپی هەڵواسرابـوو. بـە گەورەیـی لێـی نووسرابـوو «ئـەم دوکانـە بـۆ کرێیـە.» ئیـدی دوای خوێندنـەوەی نووسـینی سـەر پارچـە خامەکـە، هەمـوو شـتت بـۆ ڕوون بوویـەوە... بێتاقەتییەکـی تریـش چوویـە سـەر بێتاقەتییەکانـی تـرت... بڕیارتـدا بچیتـە کتێبخانـە و هیـچ نەبێـت لـەوێ تۆزێـک لـە ئاسـوودەیت دەسـتبکەوێت.

گەیشـتیتە کتێبخانـە، هەسـتت بـەوە کـرد ئێـرەش خۆشـی ناهێنێـت بـۆت، چـون لـە هـەر کوێـت دەڕوانـی یادگاریـی و بوونـی ئەرسـی پێـوە دیاربـوو... دوای چەنـد سـاتێک پیاسـەکردن و ڕوانیـن لـە کتێبـان... بڕیـاری ڕۆشـتنتدا... ویسـتت ماڵئاوایـی لـە خـاوەن کتێبخانەکـە بکەیـت، بـەڵام ئـەو بانگـی کردیـت و لـە نێـو چەکمەجـەی مێزەکـەی بەردەمـی کارتێکـی دەرهێنـا و پێیدایـت... کارتـی بانگێشـتی ئاهەنگـی هاوسـەرگیری بـووا! لات ئاسـایی بـوو... ویسـتت بیکەیتـەوە، خـاوەن کتێبخانەکـە کەوتـە قسـە: «ئـەوە کارتـی

بانگێشتی هاوسەرگیری «ئەرسی»یە.» بە بیستنی ناوی ئەرسی سەراسیمە سەیری خاوەنی کتێبخانەکەت کرد... هەستی شێت بوون سەراپاتی تەنی... ئەو خەون و مۆتەکەیەی بەردەوام لە خەیاڵت بوو، خەریکە دێتە دی... خەریکە کەسێک دێت و باڵی خەیاڵت، دەشکێنێت... ئیشقت وێران دەکات! نەتدەزانی چی بکەیت... لەبەر خۆتەوە دەتگوت: «نا ئەرسی شتی وا ناکات! ئەو منی خۆش دەوێت!» خاوەنی کتێبخانەکە بەردەوام بوو: «لێرەی دانا و پێی گوتم، هەر هاوڕێیەکی منت لێرە بینی پێی بدە. وابزانم هاوڕێیەکی نزیکی تۆش بوو.» سەرت بۆ خاوەن کتێبخانەکە لەقاند و بە چۆکی شکاوەوە، لە کتێبخانەکە چوویتە دەرەوە و ڕێگەی ماڵەوەت گرتەبەر. ئێستاش نەتزانی چۆن چۆنی گەیشتیتەوە ماڵەوە...

گەیشتیتەوە و چاوت پڕ گریان بوو... بە ئەسپایی چوویتە ژوورەکەت... هەموو لاشەت دەلەرزی... بڕیار نەبوو وابێت، ئێستا خەریکە وای لێدێت! چوویتە ژوورەکەت... لە ناوەڕاستی ژوورەکەت ڕاکشایت... بەخۆتت دەگوت؛ بێدەسەڵات! خەیاڵپڵاو... بەس بۆ خەیاڵ ئازای! هەستە و شتێک بکە! دەتویست شتێک بکەیت... نەتدەزانی چی و چۆن؟ بڕیارتدا پێوەندی بە ئەرسییەوە بکەیت... نەتدەزانی چۆن... بیرت دەکەوێتەوە. پێش سێ ساڵ لەمەوبەر، کاتێک تازە سەرەتای یەکتر ناسینتان بوو... ئەرسی ناونیشانی هەژمارەکەی خۆی لەسەر کاغەزێک بۆ نوسیت و پێی دایت... سێ ساڵە؛ ئەو کاغەزەت هاوشان لەگەڵ، هەشت کتێب... دوو کاغەزی بسکیت... تاڵێک لە قژی... کاتژمێرێکی دەستی و دەستبەندێکی دیاری ڕۆژی لە دایکبوونت... دەیان نامە و هەزاران یادگاری ئەرسی هەڵگرتووە... خێرا هەڵسایت... چوویتە

گـژ یادگارییەکانـی ئەرسـی... گەڕایـت تـا ناونیشـانی هەژمارەکـەی ئەرسـی بدۆزیتـەوە... گریایـت! فرمێسـکی چـاوت تێکـەڵ بـە ڕووبـاری یادگاریەکانـی ئەرسـی بـوو! نووقمبـووی... لەگـەڵ بینینـی هـەر نامەیەکـی بـە کووڵـتر دەگریایـت... لەگـەڵ بینینـەوەی هـەر دیارییەکـی دڵـت شـەقار شـەقار دەبـوو... تـا گەیشـتیت بـەو پارچـە کاغـەزەی کـە ناونیشـانی هەژمارەکـەی ئـەوی لـێ نـووسراوە... دەیـان جـار مردیـت! نامـەت بـۆ هەژمارەکـەی نـارد. ١:١ وەڵامـی نەدایتـەوە. ٢:٢ وەڵامـی نەدایتـەوە... ١٠:١٠ وەڵامـی نەدایتـەوە... ١١:١١ وەڵامـی نەدایتـەوە... ١٢:١٢ بۆیـت نووسـی: «مـەڕۆ! کـەس وەک مـن نابێـت بـۆت!»

## ئەودیو زەنگی تەلەفۆن

بـەردەوام و بـەردەوام دەنگـی دێ؛ زەنگـی تەلەفۆنەکـەم، بێـزاری کـردووم... وەلـێ ئـەو زەنگـە نییـە کـە مـن سـاڵانێکە چاوەڕێیـم... دەنگـی زەنگـی تەلەفۆنەکـەم بـۆ ئازیـزی جارانـم، دەنگێکـی جیایـە! دەنگێـک کـە بـۆ ئـەوە خسـتمە سـەری، زەنگـی ئـەو لەگـەڵ زەنگـی مرۆڤانـی تـر جیابکەمـەوە! نەمدەویسـت دەنگـی زەنگـی پێوەنـدی ئـەو و پێوەنـدی ئەوانـی تـر وەکـو یـەک بـن... ئـەو کاتانـەی دەنگـی زەنگـی تەلەفۆنـی ئازیـز و مرۆڤانـی تـر وەک یـەک بـوون؛ هـەر کاتـێ پێوەندیـێ هاتبـا... هەرکاتـێ دەنگـی زەنگـی تەلەفۆنەکـەم بەرزبووبایـەوە... ڕادەچڵەکیـم و بـە پەرۆشـەوە بـەرەو تەلەفۆنەکـەم دەچـووم و بـە پەشـۆکاویەوە تەلەفۆنەکـەم هەڵدەگـرت، کـە تەلەفۆنەکـەم هەڵدەگـرت و سـەیری ژمارەکـەم دەکـرد، ژمـارەی ئازیز نەدەبـوو؛ هـەزار و یـەک جوێنـم بـەو کەسـە دەدا کـە پێوەنـدی پێـوە کـردووم... جارێـک وامبەسـەرهات! بـوو بـە دوو! بـوو بـە دە! بـوو بـە بیسـت! ئیـدی چاوەکانـم مانـدوو بـوو، ئەوەنـدەی بگریـم! دڵـم لاواز بـوو، ئەوەنـدەی خەفـەت بخـۆم! گوناهـم زۆر بـوو ئەوەنـدەی جوێـن بـدەم!

بەهـەزار تـکا و پاڕانـەوە؛ برادەرێکـم ڕازی کـرد، فێـرم بـکا چـۆن چۆنـی زەنگـی پێوەنـدی ژمارەیـەک تایبـەت بکـەم! زەنگـی پێوەنـدی ژمارەیـەک، جیـاواز بێـت لـە زەنگـی پێوەنـدی ژمارەکانـی دی...

بـۆ ئـەوەی کـە پێوەندیـم بـۆ هـات و ئـەو زەنگـە نەبـوو کـە مـن مەبەسـتمە؛ ڕانەچڵەکـم! بـە پەرۆشـەوە بـەرەو تەلەفۆنەکـەم نەچـم! بـە پەشـۆکاویەوە تەلەفۆنەکـەم هەڵنەگـرم! سـەیری ژمارەکـەی بکـەم و ببینـم ئازیـز نییـە و هـەزار جوێـن بـەو کەسـە نـەدەم کـە پێوەنـدی پێـوە کـردووم...

ئێسـتاش بوومەتـە ڕۆژمێـر! سـێ سـاڵ و حـەوت مانـگ و چـواردە ڕۆژە؛ ئازیـز پێوەنـدی پێوەنەکـردووم! سـبەی دەبێتـە سـێ سـاڵ و حـەوت مانـگ و پانـزە ڕۆژ، زەنگـی ئازیـز لـە تەلەفۆنەکـەم بـەرز نەبووەتـەوە! کەچـی سـەیرە، هەمـوو شـەو لـە دوای دەمژمێـر یـازدەوە؛ دڵـم پێـم دەڵێـت چـاوەڕێ بکـە، هـاکا پێوەنـدی ئازیـز هـات! چـاوەڕێ بکـە لـە دوای دەمژمێـر یـازدەوە بـاوک و براکانـی دەخـەون و ئەویـش بـە ئەسـپایی دەچێتـە حەوشـەی ماڵەکەیـان و ژمارەکـەی تـۆ لێـدەدا و دەنگـی زەنگـی تەلەفۆنەکـەت بـەرز دەبێتـەوە و ئەمجارەیـان زەنگـی ئازیـز دەبێـت...

کاتژمێـر دە و پەنجاوپێنـج خولەکـی شـەوە! ئەمشـەویش وەک شـەوانی دی، دڵـم دەڵـێ چاوەڕێ بکـە، هـاکا پێوەنـدی ئازیـز هـات! چاوەڕێ بکـە لـە دوای دەمژمێـر یـازدەوە بـاوک و براکانـی دەخـەون و ئەویـش بـە ئەسـپایی دەچێتـە حەوشـەی ماڵەکەیـان و ژمارەکـەی تـۆ لێـدەدا و دەنگـی زەنگـی تەلەفۆنەکـەت بـەرز دەبێتـەوە و ئەمجارەیـان زەنگـی ئازیـز دەبێـت...

هـەر دوای ئـەو بیرکردنەوانـە، دوای ئـەوەی چرکـەی کاتژمێرەکـەم دەچێتـە سـەر ژمـارە دوازدە و کات دەبێتـە یـازدەی ڕێـک... زەنگێـک لـە تەلەفۆنەکەمـەوە بـەرز دەبێتـەوە، زەنگێـک جیاواز لـەو زەنگانەی لـە مـاوەی سـێ سـاڵ و حـەوت مانـگ و سـێزدە ڕۆژی ڕابـردوو لـە تەلەفۆنەکەمـەوە بـەرز بوونەتـەوە... زەنگـی ئازیـزە! بـۆ سـاتێ

هەست و ترپەی دڵ و هەموو بوونم ڕادەگرم! جوان گوێی لە زەنگەکە دەگرم! زەنگی ئازیزە، هەڵەم نەکردووە... ڕادەچڵەکم، بە پەرۆشەوە بەرەو تەلەفۆنەکەم دەچم، بە پەشۆکاویەوە دەست دەکەمە تەلەفۆنەکەم! سەیری ژمارەکەی دەکەم... ژمارەی ئازیزە! پێوەندیەکە هەڵدەگرم؛ چەند چرکەیەک دەڕوا و دەنگێ نایێ! وەلێ دەنگی هەناسەی لە تەلەفۆنەکەوە بەرز دەبێتەوە... دەیناسمەوە! ئازیز خۆیەتی! لەناکاوێ بە چرپەوە، بەشێوەیەک وەک ئەوەی بترسێت دبێژێ: «ئەلوو...» بە قورگی پڕ گریانەوە دەڵێم: «ئەلوو، ئازیزی جاران، ژمارەکەت بەهەڵە لێ داوە؟» ئەویش بە دەنێگێکی کز تێکەڵ بە گریانەوە دەڵێ: «نا، بە هەڵە نەبووە... پێویستم پێتە، مێردەکەم گەلێک لەگەڵم خراپە!» پێی دەڵێم: «پێم نەگوتی مەڕۆ، نەمگوت کەس وەک من نابێت بۆت؟» بە گریانەوە دەڵێ: «گوتت، دانی پێدادەنێم گوتت، بەس ئێستاکە پێویستم بە تۆیە! وەرە ڕزگارم بکە لەو دۆزەخە، ئەگەرنا...» پێی دەڵێم: «ئەگەرنا چی؟» دەڵێ: «ئەگەرنا، دواین زەنگی تەلەفۆنی من دەبێت!» پێی دەڵێم: «خۆت دۆزەخت بۆ خۆت هەڵبژارد، پێم گوتبووی نەک وەک من، کەس نیوەی ئەوەشی پێناکرێت کە من بۆم کردیت!» پێوەندیەکەی دادەخەم و لەبەر خۆمەوە دەڵێم: «سبەی یەک ڕۆژ تێدەپەڕێت بەسەر دواین زەنگی تەلەفۆن!»

# ٢٠

مانـدوو و بێـزاری... لـە پێخەفەکـەت ڕادەکشـێیت. شـەیتانەکان دەیانەوێـت فریـوت بـدەن، بـە نەفرەتیـان دەکەیـت و دوور دەکەونـەوە... واز ناهێنـن، زۆر بێچـاو و ڕوون... بـە نەفرەتیـان دەکەیـت... پەنـا بە خـوا دەگریـت... دوور دەکەونەوە، ئاشـوبگێڕانە... سـەیرێکی بنمیچـی ژوورەکـەت دەکـەی... ئاسـنێکی سـەرخوارکراو ڕێـک لـە ناوەڕاسـتی بنمیچـی ژوورەکـە چەقێـنراوە... هـەر دەڵێـی ئەندازیـار یـان کرێـکار کامیانـن؟ کامیانـن خانووەکەیـان بنیاتنـاوە، مەبەسـتت ئەویانـە... هـەر دەڵێـی ئـەو ئاسنەیان بـۆ ئـەوە دانـاوە... ڕۆژێـک کـە بێهیوایـت تـا کۆتـا سـنوور چـوو... ڕۆژێـک ژیـان بێـزاری کـردی... ڕۆژێـک تفـت لـە هەرچـی خۆشـبەختیە کـرد... ڕۆژێـک بـۆ گەشـتن بـە ئازیـزی نێـو خەیاڵەکانـت، کارێکـت لەدەسـت نەهـات... ڕۆژێـک چیـدی کەسـێ نەبـوو ئازارەکانـی دڵـت بشـواتەوە... بێیـت و پەتێـک بـەم ئاسـنە سـەر خوارکـراوە بکەیـت و جۆلانێـی پێـوە بکەیـت... گەمـژە مەبـە منـاڵ نیـت! مەبەسـتم جۆلانـێ کردنـە بـە ڕۆحتـەوە! پەتەکـە بخەیتـە ملتـەوە و بـەرە و پێـش و بـەرەو پـاش بـڕۆی... تـا ئـەو کاتـەی لـە جۆلانـێ کـردن بێـزار دەبیـت و ڕۆحـت دەردەچێـت... چ گەمەیەکـی بـە چێـژە... خـۆ پـاش ئـەوە، چیـدی ئـەم هەمـوو نارەحەتـی و بێهیواییـە ڕێگـەت پـێ ناگـرن...

«ئـەی خـوای مـن، لۆمـەم مەکـە! گیانێکـی شـیرین کـە تـۆ پێـت

بەخیشـم، لێیـان تـاڵ کـردم، تـاڵ...»
شـەیتانەکان دەگەڕێنـەوە، بێچـاو و ڕووانـە... بـە نەفرەتیـان دەکەی... واز ناهێنـن... چاوەکانـت دادەخـەی، زۆر مانـدووی... شـەیتانۆکەیەک شـەقێکی قایـم لـە گۆناکانـت دەدات... بێـزار بـووی... لـە جێگەکـەت هەڵدەسـتیتەوە... پەتێـک لـە ژێـر پێخەفەکەتـە... دەیهێنـی. بـۆ ئەسـکەمیلێک دەگەڕێیـت... لـە تەنیشـت مێـزی خوێندنەوەکـەت هەیـە... دەیهێنیـت... دەچیتـە سـەر ئەسـکەمیلەکە... لایەکـی پەتەکـە بـە ئاسـنە سـەر خوارکراوەکـەی بنمیچـی ژوورەکـەت دەکەیـت... لایەکـەی تریشـی بـە ملتـەوە... کاتـی جۆلانێیـە... بەهیـوام زوو بێـزار نەبـی... دەتەوێـت ئەسـکەمیلەکە لەژێـر قاچەکانـت فـڕێ بدەیـت... پێـش ئـەوەی فڕێـی بدەیـت... دەتـەوێ هـەر وەک ئەوانـی تـر، نامەیـەک لـە دوای خـۆت جێبهێڵـی. بـەڵام نامەکـەت هیچـی لـە هـی ئـەوان نەچـێ... ناتـەوێ لێـی بنوسـی... «لێـم ببـوورن... دایکـە، باوکـە...» یـان بنووسـی «خۆشـم دەوێـن هاوڕێکانـم: تەڕەمـاش و تەڕامـاش و تەڕەمـاش.» بەڵکـوو دەتـەوێ بنووسـی... «بـە نەفـرەت بێـت، هـەر کەسـێ کـە لـەم ژیانـە بێهیـوای کـردم، پـاش مردنـم پێمبڵێـت خـۆ لـە هیچـی کـەم نەبـوو، بـۆ وای کـرد؟» دەتەوێـت بینووسـی بـەڵام تاقەتـت نییـە، خـۆ مرۆیـێ لێـرە گرنگـی بـە وشـە نـادات... بـە پێیەکانـت ئەسـکەمیلی ژێـرت فـڕێ دەدەیـت... کاتـی جۆلانێیـە... دەنگـێ دێـت... «تیـرەرەرا... تیـرەرەرا... رارارا...» چاوەکانـت دەکەیتـەوە، دەنگـی جلشـۆرە نەفرەتیەکەتانـە، لـە کارەکـەی تـەواو بـووە و دەیەوێـت مێشـکت بتەقێنـێ... سـیری دەورووبـەرت دەکەیـت لـە سـەر جێگەکەتـی... هـەزار و یـەک نەفـرەت بـۆ هەرچـی جلشـۆری دونیـا هەیـە، دەنێـری... لـەو خـەوە پـر چێـژە خەبـەری کردیتـەوە... پـڕ بـە گـەروت هـاوار

دەکەیت...«ئـاااااااا» لـە خـوارەوە باوکـت هـاوار دەکات: «ئـەوە چـی بـوو؟ کـوڕە ڕاکـە بزانـە هەڵدێـرە؟» دایکیشـت لـە پـاش ئـەو: «چـی بـوو؟ ئـەوە چـی بـوو ئـەو هـاوارە؟» هەڵدانـی بـرات بـە ڕاکـردن، بـەرەو ژوورەکـەت دێـت... بەڕێکـەوت ئـەو ڕۆژە دەرگاکەت کلـۆم داوە... بـە خێـرای دەسـکی دەرگاکـە دادەگرێـت... نابێتـەوە... هـاوار دەکات «هەڵدێـڕ...» بـە مسـت بـە دەرگاکـەدا دەکێشـێ... دەتـەوێ بگریـت؟ نـا ناتـەوێ... حـەز دەکەیـت بمریـت، دەتـەوێ؟ بەڵـێ... بـەڵام ئـەی ئەوانـی خۆشـیان دەوێیـت؟ ئـەوان چـی؟ دەزانـی بـە مردنـی تـۆ چیـان بەسـەر دێ؟ هەڵدانی بـرات خەریکـە دەرگاکـە دەشـکێنێ... چاوەکانـت دەسـڕیت... خـۆت تێکنادەیـت! بـەرەو دەرگاکـە دەچیـت و بـەدەم کردنـەوەی دەرگاکـە دەڵێیـت: «چییـە؟ چییـە؟» دەرگاکـە دەکەیتـەوە... لـەو کاتـەدا باوکیشـت دێـت... پێـت دەڵێـت: «ئـەوە چـی بـوو ئـەو هـاوارە؟» خـۆت بێهـەواڵ دەکەیـت و دەڵێیـت: «هـاواری چـی؟» هەڵدانـی بـرات لـە شـوێنی خـۆی دادەنیشـێت و دەسـت دەکات بـە گریـان... تـۆش دەتەوێـت بگریـت، دەتەوێـت؟ نـا ناتەوێـت... حـەز دەکەیـت بمریـت بـەڵام، نـا، ناتوانـی... بـە خۆکـوژی، جەرگـی ئـەوان دەسـووتێنی...

## ٢١

هێدی هێـدی ڕادێـی... لـە بیـری ناکەیـت چـوون هیـچ شـتێک نییـە بـە نـاوی لەبیرکـردن. هەرگیـز ناتوانیـت کەسـانێک لـە بیـر بکەیـت، کـە ڕۆژێـک هەمـوو بوونـت بـووە. ئـەوەی هەیـە تەنیـا تێپەڕینـی کات و ڕاهاتنـە... تـۆ تـا ئەبـەد لـەم دۆخـە خراپـەدا نامێنیتـەوە و ڕۆژێ دێـت دۆخـی ژیانـت وەک جـاران ئاسـایی دەبێتـەوە بـەڵام باشـتر لـە جـاران... هەڵناخەڵەتێیـت بـە قسـە بـاق و بریقەکانـی هەمـوو مرۆڤێـک... متمانـە بەهەمـوو کەسـێک ناکەیتـەوە... دڵـی خـۆت بـۆ سـاتێک خۆشەویسـتی بـە کەسـێک نادەیـت کـە شـایەنی نییـە...

سـەرجەم نامەکانـی ئەرسـی و ئـەو تێنووسـانەی قسـەی دڵـت تێیـدا بـۆی نووسـیبوو و ئـەو کتێبانـەی بـە ئـەوت دابـوون تـا بیخوێنێتـەوە و دواتـر لەگـەڵ کۆمەڵێـک تێبینـی بۆتـی گەڕاندبوویـەوە. هەموو ئەو دیاریانـەی کـە ڕۆژانێکـی جوان پێشکەشـتی کردبـوو، کۆیدەکەیتەوە... لەسـەر کەنتـۆڕە دوو دەرگاکـەی ژوورەکەتـدا باولەکـەی داپیـرت دادەگریـت... دوای چەنـد سـاڵێک بڕیـارە ئێسـتا بیکەیتـەوە و ئـەو پارانـەی بـە داوای داپیـرت کۆتکردبوونـەوە و بڕیاربـوو پێـی بچیتـە داوای ئەرسـی... دەریبهێنیـت... وەلـێ ئێسـتا نـە داپیـرت مـاوە پێـی بڵێیـت: «دادێ گیـان، داواکەتـم جێبەجێکـرد...» نـە ئەرسـیش مـاوە بچیتـە داوای... بـە پـەرۆش بوویـت بـۆ کردنـەوەی باولەکـە و زانینـی

ئـەو پەیامـەی داپیـرت لـە نـاو باولەکـە بـۆ جێـی هێشـتوویت...
باولەکـەی هێنـا بەردەمـت و گوتـی: «دواتـر بـە حاجـی بڵـێ سـەری ئـەم باولـەت بـە پانـی بـۆ کـون بـکات، بـۆ ئـەوەی جێگەیـی ئـەوەی ببێتـەوە پـارەی تێبکەیتـە نـاوی. پارەکانـت لێـرەدا هەڵبگـرە و خڕیبکـەوە، بێئـەوەی سـەیری نـاو باولەکـە بکـەی.» پرسـیت: «بۆچـی سـەیری نەکـەم؟» گوتـی: «پەیامێکـی بـۆ تـۆ تێدایـە! سـەیری مەکـە؛ تەنهـا ئەوکاتـە نەبێـت، کـە بڕێکـی بـاش پـارەت تێیـدا خڕکـردەوە و ڕووداوێکـی گرینـگ هاتـە پێـش و ویسـتت پارەکـەی بـۆ خـەرج بکەیـت. ئـەوکات دەگەیـت بـەو پەیامـەی کـە لـە باولەکەدایـە. بـەڵام کاربکـە، پەلەبکـە و بگـە بـە پەیامەکـە.»
هەسـتێکی سـەیرت هەیـە، ئاسـوودەیەک لـە ناخـت دا دێـت و دەچێـت سـاڵانێکە هەسـتت پێـی نەکـردووە... بڕیـاردان بـۆ دووبـارە نووسـینەوەی ئازارەکانـی ناخـت، هۆکارێکـی باشـە تـا لـەم هەمـوو مۆتەکەیـە ڕزگارت بێـت.
باولەکـەی داپیـرەت هێنـا پێـش و سـەریت هەڵدایـەوە... بڕێـک پـارەی تێدابـوو... پارەکانـت کۆکـردەوە و بـە جوانـی سـەیرێکی نـاو باولەکـەت کـرد. کەچـی هیـچ پەیامێـک بوونـی نەبـوو بـەو شـێوەیەی کـە داپیـرەت باسـی دەکـرد... سـەرت سـووڕما! دووبـارە باولەکـەت پشـکنیەوە و هیچـت نەدۆزیـەوە... بیـرت بـۆ ئـەوە چـوو کـە داپیـرەت بـە ئەنقەسـت پێـی گوتویتـە؛ پەیامێکـی بـۆت لـە نێـو باولەکـە دانـاوە... تەنهـا بـۆ ئـەوەی هانـت بـدا و زیاتـر کاربکەیـت... لـە دڵـەوە نـزات بـۆ داپیـرت کـرد... خۆزگـەت خواسـت کـە ئێسـتا لێـرە بوایـە و سوپاسـت کردبـا... سـەرجەم یادگاریەکانـی ئەرسـیت هێنـا و خسـتە نێـو باولەکـەوە... وەک چـۆن ئـەرس نەمـا، دەبـوو ئـەو ئـەو یادگاریانـەش نەمێنـن... وەلـێ سـووتان یـان فڕێدانـی خۆتـت لا

باشتر بوو لە فڕێدان یان سووتاندنی یادگاریەکانی ئەرسی... هەر بۆیە بڕیارتدا. سەرجەم یادگاریەکانی ئەو بخەیتە نێو باولەکەی داپیرت و هەڵیبگریت... بۆچی هەڵیبگریت؟ نازانی! تاکەی هەڵیبگریت؟ نازانی! تەنها دەتەوێت یادگاریەکانی ئەو لە بەر چاوانت ون بکەیت و کەمتر بیر لەو کەسە بکەیتەوە کە بڕیار بوو؛ تا ئەبەد لە نێو بیر و هزرت بێت... دوا پارچەی یادگاری ئەرسی دەخەیتە نێو باولەکەوە... سێ ساڵ دەبێت وایە؟ زۆر زۆرە! پاش ئەوەی دوا پارچەت خستە نێو باولەکەوە کاغەزێکت بەرچاو کەوت. یەکێک لە شیعرەکانی ‹عەبدوڵا پەشێو›ی تێدا نووسراوە:

لە دەستم دێ
کاتژمێری کامەرانیت بوەستێنم
لەدەستم دێ
ئەڵقەی پەنجەت پێ فڕێ دەم
نامەی بەختت بسوتێنم
لە دەستم دێ
هەموو شتێک ئاشکراکەم
کام شەوەت گەش و ڕووناکە
ئەو شەوە پف لە چراکەم
نامەکانت
یەک یەک ماون
دیارییە سادەکانت یەک یەک ماون
چاویان شۆڕە
دەست لەسەر سنگ بۆم وەستاون
بەڵگەم پێیە

هەزار بەڵگەی ئاشکرا و ڕوون
بەڵگەی چوار ساڵ پێکەوە بوون
بەڵام چ بکەم
خۆشەویستیت نەهەنگێکە
خوێنی هەڵچووم ئەخواتەوە
خۆشەویستیت ڕووبارێکە
قینی ڕەشم ئەشواتەوە

خەتـت بەسـەر وشـەی ‹چـوار›ی ئـەو دێـرەدا هێنـا کـە دەڵێـت: «بەڵگـەی چـوار سـاڵ پێکـەوە بـوون» و لـە ژێریـدا نووسـیت ‹سـێ› و کاغەزەکـەت خسـتە نێـو باوڵەکـە... باوڵەکـەت داخسـت... ئەگەرچـی قـورس بـوو وەلـێ هـەر چۆنێـک بێـت باوڵەکـەت خستە سـەر کەنتـۆڕە دوو دەرگاکـەت و ئیـدی ئاسـەواری هیـچ یادگارییێکـی ئەرسـی لـە ژوورەکەتـدا بوونـی نەمـا...

ئەودیو بێدەنگی

بەدوایـی ئەوەوەبوویـن، ویسـتی دڵـمان بهێنینـە دی... گەمژانـە کۆمەڵێـک هیوامـان لـە دوای یـەک ڕیزکـرد... بێئـەوەی دڵنیابیـن چارەنووسـی ئـەم هەمـوو هیوایـە بـە کـوێ دەگات؟ هـەزاران سـەختیان لـە بـەردەم هیواکانمانـدا چانـد... جگـە لـە بێدەنگـی و پەناگرتـن بـە خـوا دەسـەڵاتێکمان نەبـوو... مکـوڕ بوویـن بەرانبـەر ژیـان! وازماننەهێنـا، کۆڵـمان نـەدا، قبوڵـی هەمـوو سـەختییەکمان کـرد...

هـەر بەرگـەم گـرت، هـەر سـەختی زیاتـر... هـەر بەرگـەت گـرت هـەر سـەختی زیاتـر... هـەر بەرگەمـان گـرت، هـەر سـەختی زیاتـر... ئێمەومانانـە چووینـە ڕیـزی کەسـە غەمگینەکانـی دونیـا! ئێمەومانـان، کـە ژیـان تۆزقاڵێـک پشـووی پێنەدایـن، ڕۆحـمان ئاسـوودە بکەیـن،

خۆشییەک ببینین... ئێمەومانان کە نەبوونی بڕستی لێبڕین...
بێدەنگ دەبم...
بێدەنگ دەبیت...
بێدەنگی دەبین...
لە ئەودیو بێدەنگی منەوە... لە ئەودیو بێدەنگی تۆوە... لە ئەودیو بێدەنگی ئێمەوە... شتانێکی زۆر هەبوون. شتانێک کە هیچ زمانێک نەیدەتوانی لە بەرانبەریدا بێتە گۆ... ڕابردوویەک پڕ لە سەختی و ناسۆری! ئێستایەکی پڕاوپڕ لە بێئومێدی... داهاتوێکی لێڵ و ناڕوون... دەرووبەرت هەمووی ئاشووب... تا هەوڵێکی خۆش دەبیستی، هەزار هەواڵی ناخۆش دەکەونە بەرگوێت... تا مرۆڤێکی چاک دەبینی، توشت بە توشی دەیان ئاگری بن کا دەبێت... مرۆڤێک نییە چارەی ئاریشەیەک بکا... جگە لەوەی چارەشی ناکەن؛ بەردەوامن لە سازکردنی ئاشوب و ئاریشە... ژیان هەزار و یەک ڕێگری لەبەردەمماندا ساز دەکات... بە دەگمەن یەکێکمان دەتوانین یەکێک لە هیوا و خۆزگەکانمان بهێنینە دی... تا ئەو هیوایەش دەهێنینە دی... هەزار هیوا لەخۆماندا دەکوژین...
بێدەنگ دەبم...
بێدەنگ دەبیت...
بێدەنگی دەبین...

***

نووسین هیوایەک بوو، لە بێزاری و بیرۆکەی خۆکوشتن دەربازی کردیت... ئازارەکانی ئەرسیش هەوێنێک بوون بۆ هاتنە بوونی ئەم وشانە... ئیدی ئێستا نەعاشقیت و نە ئازارت هەیە... بۆیە واباشترە ئیدی هیچ نەبێژیت...

لێــرە هیــچ مەردوومێــک لــە وشــە تێنــاگات، کەواتــە هەرچــی بنووســیت و بڵێیــت، بێســوودە و هــەر بێدەنگییەکــە جوانــترە لــە ئەودیــو بێدەنگــی...

**کۆتایی – هەولێر**

**٢٣/٤/٢٠٢١**